WWW.RUDAW.NET

رووداو
RÛDAW

خوێنەری رووداو زۆرتر دەزانێت

ژمارە (387) دووشەممە 2015/12/14 - 23ی سەرماوەز 2715 (750) دینار

## داعش زیانی 419 ملیار دیناری لە ژێرخانی کوردستان داوە

**رووداو- هەولێر**

بەپێی راپۆرتێکی وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردن لە هەرێمی کوردستان، شەڕی داعش تاوەکو ئێستا زیانی زیاتر لە 419 ملیار دیناری لە ژێرخانی ئابووریی کوردستان داوە، زۆرترین زیانیش (254 ملیار و 210 ملیۆن دینار) بەر ناوچە ناکۆکی لەسەرەکانی سنووری پارێزگای نەینەوا کەوتووە (بەبێ زیانەکانی شنگال)، کەمترین زیانیش بەر پارێزگای سلێمانی کەوتووە کە 2 ملیار و 712 ملیۆن دینارە.

بەپێی راپۆرتەکە، بەهۆی هێرش و پەلامارەکانی داعشەوە، 225 فەرمانگە و باڵەخانەی حکومەت لە سنووری هەولێر، دهۆک، کەرکووک، نەینەوا و دیالە، زیانیان بەرکەوتووە.

زەرەرمەندی ئەو شەڕە تەنیا حکومەت نەبووە، بەڵکو زیانێکی زۆریش بەر ماڵ و حاڵی هاووڵاتیان کەوتووە و بەهۆی ئەو شەڕەوە 6587 خانوو زیانیان بەرکەوتووە کە کۆی گشتیی زیانەکان بە 219 ملیار و 855 ملیۆن دینار خەمڵێنراوە.

هەروەها زۆرترین زیان بەر ناوچە ناکۆکی لەسەرەکانی سنووری پارێزگای نەینەوا کەوتووە کە بڕەکەی 252 ملیار و 210 ملیۆن دینارە. دوای ئەویش ناوچەکانی پارێزگای دیالە، بە تایبەتیش سەعدیە و جەلەولا دێت کە زیانی 127 ملیار و 227 ملیۆن دیناریان بەرکەوتووە.

4 »



ئالان تۆرێن بۆ (رووداو)

### دڵنیام لە دروستبوونی دەوڵەتی کوردستان

5

### لیستی دابەشکردنی زەوی رەوانەی ئەنجوومەنی وەزیران دەکرێ

2

### پێنج بەڕێوەبەری فەرمانگەکانی شنگال چوونەتە پاڵ داعش

7

پێش سەفەری ئەنقەرە عوسمان ئۆجەلانی بینیوە

# بارزانی رازی نەبوو ئۆجەلان لە زینداندا ببینێ

3 »





### چەند سەرمایەدارێک داوای مۆڵەتی کردنەوەی قومارخانە دەکەن

2

### 80 چەکداری کورد لە ریزەکانی داعشدا ماون

6

### کۆچبەرانی کورد لە هێلسنکی "سەرای سلێمانی" دروست دەکەن

11

ڕووداو
ڕاپۆرتە هەواڵ
ژمارە (387) دووشەممە 2015/12/14

## پارتی مووچە دابەش دەکات

**عوبەید رەشاڤایی/ ڕووداو-دهۆک**

مەکتەبی دارایی پارتی دیموکراتی کوردستان، مووچەی دوو مانگی کادیرانی و هەشت مانگی بارەگاکانی دابەشکرد. سەرچاوەیەک لە مەکتەبی دارایی پارتی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "ڕۆژی یەکشەممە 2015/12/13 مەکتەبەکەمان مووچەی هەردوو مانگی حەوت و هەشتی بەسەر کادیرەکانی دابەش کرد، هەروەها مووچەی هەشت مانگی نەسریەی بارەگاکانیشی دابەشکرد". ئەو سەرچاوەیە گوتیشی "ئەمساڵ پارتی لە رەوشێکی ئابووری زۆر خراپدا بوو، بۆیە تەنیا نەسریەی دوو مانگی خەرج کردبوو، کرێی خانوو و خەرجییەکانی دیکە بووبوونە بارێکی گران، بەڵام ڕۆژی یەکشەممە نەسریەی 8 مانگی بە جارێک خەرج کرد".

# لیستی دابەشکردنی زەوی ڕەوانەی ئەنجوومەنی وەزیران دەکرێ

**نەوزاد مەحموود**
**ڕووداو- سلێمانی**

وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزار لە هەرێمی کوردستان ڕایگەیاند، ئەو دوو لیژنەیەی دروستیکردوون بۆ پاکنووسکردنی ناوی ئەوانەی لە حکومەت سوودمەند نەبوون، کارەکانیان بەرەو قۆناغی کۆتایی دەڕوات. گوتیشی "ئێمە سوورین لەسەر ئەوەی پارچەیەک زەوی بدرێت بەوانەی زەوی و خانوویان لە حکومەت وەرنەگرتووە".

نەورۆز مەولود، وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزاری حکومەتی هەرێمی کوردستان، دەڵێ دوو لیژنەی سەرەکی پێکهاتوون لە وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار، کاری ئەو دوو لیژنەیە ئەوەیە لیستێک ئامادە بکەن بۆ ئەوەی زەوی بدرێتە هەموو ئەو هاووڵاتیانەی تاوەکو ئێستا زەوی و خانوویان لە حکومەت وەرنەگرتووە "ئەوەش لەپێناوی چارەسەرکردنی کێشەی نیشتەجێبوون".

بەهۆی قەیرانی دارایی و ئەو کێشانەی بەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستانیان گرتووە، بەشێکی زۆری پرۆژەکانی نیشتەجێبوون لەلایەن کەرتی تایبەتەوە وەستان، ئەوە جگە لەوەی پێشتریش کەمدەرامەتانی کوردستان گلەیی ئەوەیان هەبوو کە بەهۆی گرانیی یەکەکانی نیشتەجێبوونەوە، ناتوانن لە گرفتی کرێنشینی رزگاریان ببێ، هەر بۆیە وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار ڕایگەیاند کە بەرنامەی ئەوەی هەیە دەست بە دابەشکردنی زەوی بکەنەوە، بەڵام ئەمجارەیان بەشێوەیەکی بەرفراوان و بۆ هەموو چین و توێژەکانی خەڵک بەبێ جیاوازی "بەڵام مەرجەکە ئەوەیە ئەو هاووڵاتییە هیچ پارچە زەوی و یەکەی نیشتەجێبوونی لە حکومەت وەرنەگرتبێ" نەورۆز مەولود وایگوت.

بەپێی ئەو زانیارییانەی (ڕووداو) لە وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزارەوە وەریگرتوون، لە 15 ساڵی رابردوودا، حکومەتی هەرێمی کوردستان 295 هەزار ء 815 پارچە زەوی دابەشکردووە. بەڵام وەزیری شارەوانی پێیوایە دابەشکردنی زەوی، گرفتی نیشتەجێبوون لەهەرێمی کوردستان بە تەواوی چارەسەر ناکات و دەڵێ "دەبێت حکومەت سیاسەتێکی دیکە بگرێتەبەر بۆ کەمکردنەوەی ئەو گرفتە".

وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزار بە لەبەرچاوگرتنی ئەو شێوازەی وڵاتانی پێشکەوتوو پێڕەوی دەکەن بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی کێشەی نیشتەجێبوون، پێیوایە پێویستە کەرتی تایبەت، بەتایبەت بانکەکان ببنە هاوکاری حکومەت لە دروستکرنی یەکەی نیشتەجێبوون بۆ هاووڵاتیان "لەبەر ئەوەی قەیرانی داراییمان هەیە، ئێستا حکومەتی هەرێمی کوردستان ناتوانێ یەکەی نیشتەجێبوون بۆ هاووڵاتیان دروست بکات، بەڵام دەکرێت زەوی دابین بکات ء بەهاوکاریی کەرتی تایبەت بیکاتە یەکەی نیشتەجێبوون، ئەو کاتە بە قەرزێکی درێژخایەن بیداتە هاووڵاتیان، ئەوە گونجاوترین چارەسەرە بۆ کەمبوونەوەی گرفتی نیشتەجێبوون".

هەر بەپێی ئەو زانیارییانەی وەزارەتەکە داویەتییە (ڕووداو) لەبارەی زەوییە دابەشکراوەکانی ماوەی 15 ساڵی رابردوو، لەسەنتەری شاری هەولێر 88 هەزار ء 700 پارچە، لە قەزاء ناحیەکانیش 53 هەزار ء 657 پارچە زەوی دابەشکراوە.

لە سەنتەری شاری سلێمانی 19 هەزار ء 489 پارچە زەوی و لە قەزاء ناحیەکانیش 93 هەزار ء 511 پارچە زەوی دابەشکراوە. لە سەنتەری دهۆکیش 12 هەزار ء 118ء لە قەزا ء ناحیەکانیش 28 هەزار ء 340 پارچە زەوی دابەشکراون، هێشتا هەزاران هاووڵاتیش بەپێی مەرجەکانی وەزارەت، مافی وەرگرتنی زەوییان هەیە.



لە هەولێر زیاتر لە 70 هەزار کەس کارتی وەرگرتنی زەوییان پێدراوە، لەگەڵ ئەوەی زەوییەکەش دیارە، بەڵام بەناویان نەکراوە، لە سلێمانی 3900 کارتی وەرگرتنی زەوی دراوەتە هاووڵاتیان بەبێ ئەوەی زەوییەکە دیاری کرابێت، لە دهۆکیش 24 هەزار پارچە زەوی بەو شێوەیە دابەشکراوە. نەورۆز مەولود گوتی "ئەوانە دابەشکردنی زەوی هەواییان پێدەگوترێ".

وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزار دەڵێ کاتێک لیژنەکە لیستێکی دروست ئامادە دەکەن، رەوانەی ئەنجوومەنی وەزیرانی دەکەن بۆ ئەوەی بڕیار لەسەر ئەوە بدرێ کە زەوییان پێبدرێ "زەوییەکانیش لە نێو شار و شارۆچکەکان دەبێ و زەوی بۆ ئەو مەبەستەش هەیە، پێش کۆتایی ساڵ لیژنەکان لیستەکە ئامادە دەکەن".

لەلایەکی دیکەوە، بڕیارە کەسوکار و خێزانی پێشمەرگە شەهیدەکانی شەڕی داعش یەکەی نیشتەجێبوونیان بەسەردا دابەشبکرێ. مەحموود حاجی ساڵح، وەزیری کاروباری شەهیدان بە (ڕووداو)ی گوت، داوامان لە وەزارەتی پێشمەرگە و ئەنجوومەنی ئاسایش کردووە دواهەمین لیستی شەهیدانی شەڕی داعشمان بۆ بنێرن "بۆ ئەوەی زەوی و یەکەی نیشتەجێبوونیان بەسەردا دابەش بکەین". گوتیشی " ئەوەی ئێمە جیایە لەوەی وەزارەتی شارەوانی، چونکە خانوو و زەوی شەهیدانی شەڕی دژی داعش ئامادەیە و دابەشکردنی دواناکەوێ".

## 70 هەزار کوردی ئێزدی چوونەتە ئەوروپا

# تەرمی ژمارەیەک کۆچبەری کورد دەهێنرێنەوە کوردستان

### ئامۆزای یەکێک لە کۆچبەرە مردووەکان:
### لە خێزانێکی 13 کەسی تەنیا دوو کەس ڕزگاریان بووە

### بەڕێوەبەری گشتیی کاروباری ئێزدیان:
### 100 کوردی ئێزدی لە ڕێگای ئەوروپادا گیانیان لەدەستداوە



**ناسر عەلی**
**ڕووداو- دهۆک**

"کە وەرزی پایز هات و باران دەستی پێکرد، ژیانمان لە کەمپ ڕۆژ بە ڕۆژ خراپتر دەبوو، چاوەڕێ بووین شنگال ڕزگار بکرێ، شنگال ڕزگار کرا، بەڵام هیچی لە ژیانی ئەوان نەگۆڕی، بۆیە حەجی و قەوال بڕیاریان دا بچنە ئەوروپا". ئەمە قسەی ئامۆزایەکی حەجی و قەوالە.

حەجی و قەوال کە بە هەردووکیان نۆ منداڵیان هەیە و لە کەمپی جەم مشکۆ لە نزیک زاخۆ نیشتەجێ بووبوون، مانگی رابردوو هەرێمی کوردستانیان جێهێشت و چوونە تورکیا، لەوێش ملی ڕێگەی قاچاخیان بەرەو یۆنان گرت.

ئێوارەی ڕۆژی 2015/12/10 حەجی و قەوال و منداڵەکانیان لەگەڵ 42 کۆچبەری دیکەی کوردی ئێزیدی لە تورکیا بە بە سێ یەختەوە بەرەو یۆنان بەڕێکەوتن، تەنیا 6 کیلۆمەتریان مابوو دەریا ببڕن کە یەختەکانیان ژێر ئاو کەوت.

خودێدا رەشۆ کە ئامۆزای ئەو دوو برایەیە، باسی ساتی ڕۆیشتنیان دەکات و دەڵێت "بەیانی زوو بە چاوی پڕ لە گریانەوە خوداحافیزییان لێکردین، پێمانگوتن مەڕۆن، بەڵام گوتیان باشە لێرە چی بکەین؟".

خودێدا بە چاوی پڕ لە فرمێسکەوە باسی چارەنووسی دوو ئامۆزاکەی و منداڵەکانیان دەکات و دەڵێت "تەنیا قەوال و کچێکی حەجیی برای ڕزگاریان بوو، بە تەنیاش تەرمی حەجی و کوڕێکی قەوال دۆزراونەتەوە و ئێستا لە نەخۆشخانەیەکی ئەسینان". گوتیشی "لەو دوو خێزانە کە ژمارەیان 13 کەس بوو، تەنیا دوو کەسیان ڕزگاریان بووە".

کۆچی کوردی ئێزدی بۆ ئەوروپا بەردەوامە و هەفتەی رابردوو 31 کوردی ئێزدی لە دەریای ئیجەدا خنکان، بە گوتەی خودێدا، بڕیارە ئەمڕۆ دووشەممە تەرمی هەندێکیان بهێنرێنەوە کوردستان.

بەپێی ئامارە نافەرمییەکان، نزیکەی نیو ملیۆن کوردی ئێزدی لە هەرێمی کوردستان و عێراقدا هەن، بەهۆی شەڕی داعشەوە ژمارەیەکی زۆر لەو ئێزدیانە کۆچیان بۆ وڵاتانی ئەوروپا و ئەمریکا کردووە، بەڵام ژمارەیەکیان بەرلەوەی بگەنە ئەو وڵاتەی بۆی دەچوون، لە ڕێگادا گیانیان لەدەستداوە.

خەیری بۆزانی، بەڕێوەبەری گشتی کاروباری ئێزیدیان لە وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئاینی دەڵێت "بەپێی زانیارییەکانی ئێمە 45 کوردی ئێزدی کەوتوونەتە نێو دەریای ئیجە و 31یان خنکاون، زۆربەشیان خەڵکی سەنتەری قەزای شنگالن".

سەبارەت بە هێنانەوەی تەرمی ئەوانەی لە ئاو دەرهێنراونەتەوە، خەیری بۆزانی گوتی "لەگەڵ باڵیۆزی عێراق لە یۆنان قسەمان کردووە کە هاوکاریمان بکەن بۆ هێنانەوەی تەرمەکان بۆ کوردستان".

### 70 هەزار ئێزدی کۆچیان کردووە

خەیری بۆزانی ژمارەی ئەو کوردە ئێزدیانەی ئاشکرا کرد کە لە دوای شەڕی داعشەوە کۆچیان کردووە بۆ وڵاتانی ئەوروپا "بەپێی زانیارییەکانی ئێمە لە دوای شەڕی داعشەوە نزیکەی 70 هەزار کوردی ئێزدی کۆچبەر بوون". گوتیشی "نزیکەی 100 کۆچبەری کوردی ئێزدیش لەو ڕێگەیە گیانیان لەدەستداوە، بەشێکیش چارەنووسیان دیار نییە".

# چەند سەرمایەدارێک داوای مۆڵەتی کردنەوەی قومارخانە دەکەن

**پشتیوان جەمال**
**ڕووداو- سلێمانی**

گوتەبێژی پۆلیسی سلێمانی پێشنیاز دەکات کە قومارخانە لە هوتێلە گەشتیارییەکاندا بکرێتەوە. بەرپرسێکی گەشتوگوزاریش پاڵپشتی ئەو پێشنیازە دەکات و دەڵێت "چەندین سەرمایەدار دەیانەوێت قومارخانە بکەنەوە".

### 100 قومارچی دەستگیرکراون

بەپێی ئەو ئامارەی کە لەلایەن پۆلیسی سلێمانییەوە دراوەتە (ڕووداو)، ئەمساڵ 100 قومارچی دەستگیرکراون و بە کەفالەت ئازادکراون. نەقیب سەرکەوت ئەحمەد، گوتەبێژی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی سلێمانی ڕایگەیاند، ئێستا لەلایەن لیژنەکانی قایمقامیەتەوە بەدواداچوون بۆ ئەو دیاردەیە دەکرێت و گوتی "هەندێجار ئەو کەسانەی مۆڵەت بۆ چایخانە وەردەگرن، شوێنەکەیان بۆ قومارکردن بەکاردێنن، بۆیە لە کاتی ئاشکرابوونیاندا مۆڵەتەکەیان لێوەردەگرینەوە و خاوەنەکەشیان دەدەینە دادگا و چایخانەکانیش دادەخەین".

### سەلاجەی ماڵەکەی بۆ قومار فرۆشتووە

نەقیب سەرکەوت ئەحمەد، باسی ژیانی ئەو کەسانەی کرد کە قومار دەکەن و بەهۆی قوماركردنەوە چییان بەسەرهاتووە "کوڕ هەبووە ئۆتۆمبێلی باوکی دۆڕاندوە، ژن هەبووە سکاڵای لە دژی مێردەکەی تۆمار کردووە کە سەلاجەی ماڵەکەی وەکو دواهەمین ئامێر بۆ قومار فرۆشتووە. یاخود خەڵک هەبووە لە لوبنان 600 هەزار دۆلاری دۆڕاندووە. قومارچی هەبووە دوو خانووی لە قومارکردندا دۆڕاندووە و ئێستا کرێنشینە".

### پێشنیازێک بۆ کردنەوەی قومارخانە

گوتەبێژەکەی پۆلیسی سلێمانی بە پشتنبەستن بە قسەی ئەو قومارچییانەی دەستگیریان کردوون، پێشنیازی کردنەوەی قومارخانە لە هوتێلی پێنج ئەستێرە دەکات و دەڵێت "ئەو قومارچییانەی دەستگیر دەکرێن، دەڵێن واز ناهێنین، ئەگەر لە شاریش ڕێگەمان پێنەدەن، دەچینە کابینەکانی دووکان، بۆیە لەوە دڵنیاین ئەو دیاردەیە بنبڕ ناکرێت".

نەقیب سەرکەوت پێشنیازێکی هەیە و دەڵێت "پێشنیاز دەکەم و پێویستیشە لە هوتێلی پێنج ئەستێرەدا شوێنی قومارکردن هەبێت، چونکە ئێمە خۆمان بە وڵاتێکی گەشتیاری دەزانین. لە وڵاتانی دیکە خەڵکێک هەیە بڕێک پارەی داناوە و دەیەوێت ئەو پارەیە وەک ئارەزوویەک بدۆڕێنێ، بەڵام لای ئێمە ئەو ئارەزووەش بە هەڵە بەکاردێنن و پەنا بۆ فرۆشتنی کەلوپەلی ناوماڵ دەبەن، بەڵام ئەگەر لە هوتێلەکاندا هەبێت تەنانەت بۆ چوونە ژوورەوەش سیستەمی خۆی هەیە، بە ئامێرێکە و ڕەسمییە، نەوەک کۆمەڵێک خەڵک بیانەوێت لە کەسێک پارە ببەنەوە".

### سەرمایەداران داوای مۆڵەتیان کردووە

ئارام شوانی، بەڕێوەبەری ڕاگەیاندنی بەڕێوەبەرایەتی گشتی گەشتوگوزاری سلێمانی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "پێشتر لە هوتێلێکی گەشتیاری لە شارۆچکەی دووکان لەلایەن کۆمپانیایەکی بیانییەوە چەندین جۆر یاری قومارکردن هێنرا، بەڵام لەبەرئەوەی بەشێکی زۆری سەرمایەدارانی کوردستان سەردانیان دەکرد و پارەیەکی زۆریان دەدۆڕاند، داخرا".

سەبارەت بە داواکردنی مۆڵەتی کردنەوەی قومارخانە، ئارام گوتی "تا ئێستا دەیان سەرمایەدار داوای وەرگرتنی مۆڵەتی کردنەوەی قومارخانەیان کردووە، بەڵام دەبێت پێشتر لەلایەن وەزارەتی داراییەوە مۆڵەتیان پێبدرێت، پاشان گەشتوگوزار مۆڵەتیان پێدەدات". گوتیشی "سەرمایەداری گەورە هەبووە داوای کردووە قوماری گەورەی نێودەوڵەتی بێنێتە کوردستان".

شوانی پاڵپشتی لە پێشنیازەکەی گوتەبێژی پۆلیس کرد و گوتی "پێمان باشە هەموو جۆرە یارییەکی قومار و هۆکارێکی کاتبەسەربردن لە شوێنە گەشتیارییەکاندا هەبێت، ئەوەش بە پلەی یەکەم بۆ ڕاکێشانی گەشتیاری بیانی و پاشانیش یاریکردن بۆ کەسانی خۆمان".

بەڵام خاوەن هوتێلێکی پێنج ئەستێرەیی لەگەڵ ئەو پێشنیازەدا نییە. توانا محەممەد، بەڕێوەبەری هوتێل رامادا بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، وەکو هوتێلەکەیان نە داوای کردنەوەی قومارخانەیان کردووە و نە پێشیان باشە لە هوتێلە پێنج ئەستێرەکاندا هەبێت "بە گشتی قومارکردن ماڵوێرانی بەدواوەیە، بۆیە ئێمە نامانەوێ بەهۆی ماڵوێرانبوونی خەڵکی دیکەوە قازانج بکەین، بەڵکو دەکرێت قومارکردن لە گازینۆی تایبەتدا بکرێت".

لە ماددە 389 لە یاسای سزادانی عێراقیدا باسی تاوانی قومار کراوە، لە بڕگە سێی ماددەکەدا هاتووە "سزا دەدرێت بە حەپسکردن بۆ ماوەیەک کە نابێت لە مانگێک زیاتر بێت، یان پێبژاردن لە 50 دینار زیاتر نەبێت، هەر کەسێک لە کاتی قومارکردندا بگیرێت".

نەقیب سەرکەوت پێیوایە بەو سزا کەمە قومار بنبڕ ناکرێت، بۆیە داوا دەکات سزای قومارکردن و ئەوانەی شوێن بۆ قومارکردن ئامادە دەکەن، چەند قات بکرێ.



## شاندێکی پەرلەمانی کوردستان دەچێتە بەغدا

**رووداو- هەولێر**

بڕیارە ئەمڕۆ دووشەممە 2015/12/14 وەفدێکی لیژنەی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو لە پەرلەمانی کوردستان سەردانی شاری بەغدا بکەن بەمەبەستی بەدواداچوون بۆ دواکەوتنی پارەی گەنمی جوتیارانی کوردستان. خەڵەف ئەحمەد، ئەندامی لیژنەی کشتوکاڵ و ئەندامی شاندەکە بە (رووداو)ی گوت سەردانەکەمان سێ ڕۆژ دەخایەنێت و بڕیارە لەگەڵ مەهدی عەلاق، ئەمینداری گشتیی ئەنجوومەنی وەزیرانی عێراق، وەزیری بازرگانی، فازڵ نەبی بریکاری وەزیری دارایی کۆببنەوە، هەروەها هەوڵ دەدەن د.فوئاد مەعسوم، سەرۆککۆماری عێراق و حەیدەر عەبادی سەرۆکوەزیرانی عێراقیش ببینن و باسی کێشەی دواکەوتنی پارەی گەنمی جوتیارانی کوردستان بکەن.



رووداو
راپۆرت
ژمارە (387) دووشەممە 2015/12/14

پێش سەفەری ئەنقەرە چاوی بە عوسمان ئۆجەلان کەوتووە

# بارزانی رازی نەبوو ئۆجەلان لە زینداندا ببینێ

**هێڤیدار ئەحمەد**
**رووداو- هەولێر**

مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان دوو جار رێگەی پێدراوە عەبدوڵڵا ئۆجەلان، رێبەری بەندکراوی پارتی کرێکارانی کوردستان لە زینداندا ببینێ، بەڵام ئەو رەتیکردووەتەوە بەو شێوەیە سەردانی بکات.

رۆژی 2015/12/9 مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان بە سەردانێکی فەرمی گەیشتە ئەنقەرە. سەردانەکەی بارزانی خوێندنەوەی جیاجیای بۆ کرا و هەندێک لایەن بە سەردانێکی سەرکەوتوویان ناوبرد، هەندێکیش رەخنەیان لێگرت.

ئەوە جاری یەکەم نییە دەسەڵاتدارانی تورکیا پێشوازی لە بارزانی بکەن، بەڵام هیچ جارێک وەکوو ئەمجارەی دوایی نەبوو کە دەسەڵاتدارانی باڵای ئەو وڵاتە زۆر کراوەتر لە جاران رەفتاریان کرد، چ لە دانانی ئاڵای کوردستان کە یەکەمجارە لە پرۆتۆکۆڵی ئەو وڵاتەدا دەبینرێ و چ لەو تەوەرانەی کە بەرپرسانی ئەنقەرە لەگەڵ بارزانی قسەوباسیان لەبارەوە کرد.

عوسمان ئۆجەلان، برای عەبدوڵڵا ئۆجەلان کە پێشتر لە سەرکردایەتی پارتی کرێکارانی کوردستاندا بووە و ساڵانێکە لەو حیزبە دوورکەوتووەتەوە و لە باشووری کوردستان نیشتەجێیە، بە (رووداو)ی گوت کە بارزانی بەرلەوەی بچێتە ئەنقەرە لەگەڵ ئەو کۆبووەتەوە.

عوسمان ئۆجەلان لەبارەی گفتوگۆکانیان لەو دیدارەدا لەگەڵ بارزانی گوتی "سەرۆک بارزانی بەمنی گوت، دوو جار بواری ئەوە هەبوو بەڕێز ئۆجەلان ببینم. بەرپرسانی تورکیا دەیانویست ببینم، بەڵام لەنێو زینداندا، منیش ئامادە نەبووم لەنێو زینداندا چاوم بە ئۆجەلان بکەوێ، ئەمە ئەخلاقی من نییە بچم لە نێو زینداندا لەگەڵی دابنیشم، دووجار ئەو داوایەم رەتکردەوە".

براکەی ئۆجەلان قسەی زیاتری بارزانی لەسەر ئەو بابەتە باسکرد و گوتی "بارزانی گوتی بە تورکیام گوت ئەگەر ئۆجەلان لەنێو زیندان دەربهێنن لەگەڵی دادەنیشم و باسی پرۆسەی ئاشتی دەکەین، چونکە ئاشتی بەبێ ئۆجەلان سەرناگرێ".

محەممەد ئەمین پێنجوێنی، کەسایەتی نزیک لە پەکەکە کە هەندێجار بەناوی ئەو حیزبەوە قسە دەکات، لەسەر ئەو هەڵوێستەی بارزانی بە (رووداو)ی گوت "کارێکی باشی کردووە، چۆن سەرۆکی هەرێمی کوردستان بچێ بۆ زیندان و لەوێ لەگەڵ ئۆجەلان کۆببێتەوە؟ ئەم کارە دەبێ لە دەرەوەی زیندان بکرێ".

پێنجوێنی داوا دەکات هەم مەسعود





### محەممەد ئەمین پێنجوێنی:

### ئەمریکا هەوڵ دەدات پرۆسەی ئاشتی لە تورکیا زیندوو بکرێتەوە

بارزانی و هەم نێچیرڤان بارزانی رۆڵی خۆیان ببینن بۆ ئەوەی رێگە بدرێ سەردانی ئۆجەلان بکرێ کە شەش مانگە کەس نەیبینیوە و بێ ئاگان لە دۆخی ئەو. بە بڕوای ئەو "کلیلی پرۆسەی ئاشتی لە ئیمرالییە، کاتی خۆیشی کاک نێچیرڤان بارزانی هەوڵی جددی دا کە رێگە بکرێتەوە بۆ ئیمرالی و تورکیا ئەو هەنگاوەی گرتەبەر، دەبێ ئێستاش ئەو رۆڵە ببینێ".

سەبارەت بە پرۆسەی ئاشتیش کە لە ناوەڕاستی ئەمساڵ بەهۆی شەڕی تورکیا و پەکەکەوە پەکیکەوت، پێنجوێنی ئەوەی ئاشکرا کرد کە "ئێستا ئەمریکییەکان هەوڵ دەدەن پرۆسەی ئاشتی لە تورکیا زیندوو بکرێتەوە".

قسەی زۆر هەبوو کە لە سەردانی ئەمجارەی بارزانیدا بۆ تورکیا، لە ئەنقەرە و لە دەرەوەی زیندان چاوی بە ئۆجەلان کەوتبێ، بەڵام مەسعود بارزانی، لە ئەنقەرە بە میدیاکارانی گوت کە ئۆجەلانی نەبینیوە.

د.فوئاد حوسێن، سەرۆکی دیوانی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان کە یاوەری سەفەرەکەی بارزانی بوو بۆ ئەنقەرە، رەتیکردەوە هیچ دیدارێک لە نێوان بارزانی و ئۆجەلان لە ئەنقەرە روویدابێ و بە (رووداو)ی گوت "شتی وا نەبووە و لە بەرنامەی بارزانیشدا نەبووە سەردانی ئۆجەلان بکات لە زیندان. تورکیاش هیچ پلانێکی نەبووە ئۆجەلان بهێنێتە دەرەوە بۆ ئەوەی لەگەڵ بارزانی کۆببێتەوە".

سەبارەت بە چارەنووسی پرۆسەی ئاشتی لە تورکیا، عوسمان ئۆجەلان لەدرێژەی قسەکانیدا گوتی "بارزانی مەبەستی بوو لەو سەردانەدا، پرۆسەی ئاشتی دووبارە دەست پێبکاتەوە و دانوستاندن لەنێوان ئەنقەرە و کوردی باکوور دەست پێبکاتەوە".

برای ئۆجەلان هەڵوێستی رێبەری پەکەکەی لەسەر رۆڵی بارزانی لە پرۆسەی ئاشتیدا لە تورکیا باس کرد و گوتی "رێبەر ئاپۆ گوتوویەتی پرۆسەی ئاشتی بەبێ بارزانی نابێ و ئەمە راستییەکە و ناکرێ باسی نەکەین".

لەگەڵ سەردانی بارزانی بۆ تورکیا، سەلاحەدین دەمیرتاش، هاوسەرۆکی هەدەپە، دووجار سەردانی هەرێمی کوردستانی کرد و چاوی بە بەرپرسانی پەکەکە لە قەندیل کەوت.

عوسمان ئۆجەلان پێیوایە لە غیابی جەلال تاڵەبانی، سکرتێری گشتی یەکێتی نیشتمانیدا کە لە 2012ەوە نەخۆشە و عەبدوڵڵا ئۆجەلانیش کە لە زینداندایە "بارزانی ئێستا نوێنەرایەتی کورد دەکات و بەسەرۆکی دەرەجە یەکی دەبینم".

دەربارەی ئەوەی ئاخۆ بارزانی هیچ مەترسییەکی هەیە بۆ سەر پێگەی پەکەکە لە باکووری کوردستان، براکەی ئۆجەلان دەڵێت "ئەگەر پەکەکە وا بیر بکاتەوە کە بارزانی مەترسییە بۆ سەر خۆیان، ئەوا هەڵەن".

گوتیشی "بارزانی نە بۆ باکووری کوردستان و نە بۆ پەکەکە مەترسی نییە و نابێ، ئەمە قسەی سەرۆک ئاپۆیە".

فەرماندەیەکی کورد لە جەبەل ئەکراد:

# 6000 کورد لە جەبەل ئەکراد کوژراون



### رووسیا کوردی جەبەل ئەکراد بۆردومان دەکات

### شەڕی ئێمە لەگەڵ رووسیایە نەک بەشار ئەسەد

**هێڤیدار ئەحمەد**
**رووداو- هەولێر**

"خەریکە گومان لە کوردبوونی خۆمان دەکەین"، ئەمە قسەی فەرماندەیەکی کوردی رۆژئاوای کوردستانە کە چوار ساڵە لە چیای کوردان (جەبەل ئەکراد) لە دژی سوپای سووریا شەڕ دەکات. ئەو داوا دەکات بەهانای خەڵکی ئەو ناوچەیەوە بچن "چونکە ئێستا لەلایەن رووسیا و ئێران و حیزبوڵڵای لوبنانییەوە کۆمەڵکوژ دەکرێن".

لە ئاداری 2011دا خەڵکی سووریا لە دژی دەسەڵاتدارانی ئەو وڵاتە رژانە سەر شەقامەکان، بەڵام زۆری نەبرد، خۆپێشاندانی مەدەنیانە بۆ شەڕی چەکداری گۆڕا و بەگوێرەی هەندێ ئامار تاوەکو ئێستا زیاتر لە نیو ملیۆن کەس بوونەتە قوربانیی ئەو شەڕە کە هێشتا کۆتاییەکەی دیار نییە.

دوای چەند مانگێک لە دەستپێکردنی شۆڕشی گەلانی سووریا، دانیشتووانی جەبەل ئەکراد کە زۆربەیان کوردن، چەکیان لە دژی حکومەت هەڵگرت و تاوەکو ئێستاش شەڕی سوپاکەی بەشار ئەسەد دەکەن.

فیراس ئەلعومەر، فەرماندەی کەتیبەی حەمزەیە لە جەبەل ئەکراد لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ (رووداو) هۆشداری دەدات، ئەگەر فریای کوردی ئەو ناوچەیە نەکەون "کۆمەڵکوژ" دەکرێن.

باوکی فیراس یەکەم کەس بووە لە چیای کوردان لە دژی حکومەتی سووریا چەکی هەڵگرتووە و هەموو هیوای ئەوە بوو، دوای رووخانی حکومەتی سووریا و بەشار ئەسەد، وەک کوڕەکەی دەڵێت "یەک ساڵ بژیت و دواتر بمرێ، بەڵام لە هێرشێکدا شەهید کرا".

فیراس ئەلعومەر کە بەسەردانێک لە هەولێرە و تاوەکو ئێستاش وەک خۆی دەڵێت چاوی بە هیچ بەرپرسێکی باشووری کوردستان نەکەوتووە، دەڵێت "شیعەی عێراق، حیزبوڵڵای لوبنانی، سوپای سووریا و سوپای رووسیا، ئەفسەرانی سوپای ئێران گەمارۆی چیاکەیان داوەو بە هەموو جۆرە چەکێکی قورس و فڕۆکەی رووسی، ژمارەیەکی زۆر کوردی ئەو ناوچەیەیان کوشتوون".

ژمارەی ئەو گوندانەی لەسەر چیاکەن و لە دەوروبەری چیاکەن 64 گوندن، ئەو فەرماندەیە دەڵێت هیچ ئامارێکی فەرمی لەسەر ژمارەی دانیشتووانی کورد لە جەبەل ئەکراد نییە، بەڵام بە مەزەندەی ئێمە ژمارەیان نزیکەی 80 هەزار کەس دەبێت. گوتیشی "ژمارەیەکی زۆر کەم لە کوردی ئەو چیایە لەگەڵ رژێمن، بەڵام ئێمە ئەوان بە کورد نازانین".

چیای کوردان درێژاییەکەی 75 کیلۆمەتر دەبێ و 55 کیلۆمەتریش بەرینە و بە گەورەترین چیا لە سووریا هەژمار دەکرێ.

فیراس باسی چۆنیەتی سەرهەڵدانی شۆڕش لەو چیایە لە دژی حکومەتی سووریا دەکات و دەڵێت "سەرەتا هەندێ مێرمندال هاتنە سەر شەقام، رۆژی دواتر رژێم 17 کەسی دەستگیرکرد کە تەمەنیان لە 15 ساڵ زیاتر نەبوو، خەڵکی ناوچەکەش حکومەتیان ئاگادارکردەوە ئەگەر جارێکی دیکە خەڵک دەستگیر بکەن، لەدژی سوپا شەڕ دەکەن".

حکومەتی سووریا وەکو تەحەددایەک بۆ کوردانی چیاکە هاتن. فیراس گوتی "رۆژی دواتر 400 سەربازی سووری هاتن و دەستمان کرد بە شەڕ و ژمارەیەک چەکدارمان کوشت، ئیدی لەو رۆژەوە شەڕ بەردەوامە".

سەبارەت بە ژمارەی ئەو کوردانەی تاوەکو ئێستا لەشەڕدا شەهید بوون، فیراس دەڵێت "ئاماری وردم لەلا نییە، بەڵام مەزەندە دەکەم بە چەکدار و خەڵکی سڤیلەوە، تاوەکو ئێستا 6-7 هەزار شەهیدمان دابێت".

ئەلعومەر کە برایەک و باوکی و پێنج لە ئامۆزاکانی لە شەڕدا کوژراون، دەڵێت قورسترین شەڕ دوای هاتنی سوپای رووسیا بووە لە ناوچەکە "سێ مانگە شەڕێکی زۆر گران لەسەر ئێمە و خەڵکی سڤیل هەیە، بە چەکی قورس لێمان دەدەن، فڕۆکەی رووسی ئێمە بۆردومان دەکات، بەڕاستی ئێستا کۆمەڵکوژی بەرامبەر بە خەڵکی چیایەکە دەکرێ و کەسیش باسی ناکات".

جگە لە کەتیبەی حەمزە، هەردوو فیرقەی یەک و دووی سوپای ئازادی سووری لە چیاکەدا هەن، فیرقەی یەکەم 70%ی کوردن و ژمارەیان سێ هەزار کەسە. فیرقەی دووەمیش تورکمانن و ژمارەیان 700 کەس دەبێ.

فیراس ئەلعومەر حکومەتی سووریا و بەشار ئەسەد ئێستا وەکو دوژمنی سەرەکیی کورد و خەڵکی سووریا نابینێ. ئەو دەڵێ "دوژمنی سەرەکیی ئێمە رووسیا و حیزبوڵڵای لوبنانی و شیعەکانی عێراقە کە شەڕی ئێمە دەکەن". گوتیشی "کێشەی ئێمە لەگەڵ رووسیایە، ئێستا ئەوان هاتوون بەرگری لەو رژێمە دەکەن، ئێمەش شەڕی ئەوان دەکەین نەک حکومەتی سووریا، بۆیە تاوەکو ئێستا چەندین ئەفسەری سوپای رووسیامان کوشتووە، ئەمە جگە لە ئەفسەری ئێرانی و چەکدارانی حیزبوڵڵای لوبنانی و شیعەکانی عێراق".

بەگوتەی ئەو فەرماندەیە، پێشتر جەبەل ئەکراد شوێنێکی گەشتیاری بووە و ئەمیرەکانی کەنداو بۆ گەشت دەهاتنە ناوچەکە، بۆیە دەڵێت "کە شۆڕش دەستی پێکرد شێخەکانی کەنداو بەردەوام دەهاتن و پارەیان بە ئێمە دەدا، بەڵام ماوەی ساڵ و نیوێک دەبێ پارە نادەن، هاوکارییەکان وەکو جاران نەماوە، بەڵام شەڕکردن هێشتا ماوە".

ڕووداو
ڕاپۆرت
ژمارە (387) دووشەممە 2015/12/14



## "دەبێت یەکگرتوو چاو لە ئاکپارتی بکات"

**ڕووداو – هەولێر**

ئەمینداری یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان داوا دەکات حیزبەکەی چاو لە پارتی دادوگەشەپێدانی تورکیا (ئاکپارتی) بکات کە لە ڕێگەی چاکسازی و بەرنامەوە دەسەڵاتیان گرتەدەست.

محەممەد فەرەج لە کۆبوونەوەیەکی ساڵانەی حیزبەکەیدا کە ڕۆژی شەممە لە هەولێر بەڕێوەچوو پەسنی عەقڵیەتی سەرکردایەتی حیزبەکەی کرد لە مامەڵەکردن لە کێشەکانی ویلایەتی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان و ڕێگرتن لە سەرۆکی پەرلەمان و پەیوەندییەکانی نێوان هەولێر وبەغدا. سەبارەت بە ئایندەی یەکگرتووش ئەمینداری ئەو حیزبە نمونەی ئاکپارتی هێنایەوە و داوایکرد بکرێتە نموونەی کاریان.

# داعش زیانی 419 ملیار دیناری لە ژێرخانی کوردستان داوە




هێڤیدار ئەحمەد
ڕووداو – هەولێر

بەپێی ڕاپۆرتێکی وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردن لە هەرێمی کوردستان، شەڕی داعش تاوەکو ئێستا زیانی زیاتر لە 419 ملیار دیناری لە ژێرخانی ئابووریی کوردستان داوە، زۆرترین زیانیش (254 ملیار و 210 ملیۆن دینار) بەر ناوچە ناکۆکی لەسەرەکانی سنووری پارێزگای نەینەوا کەوتووە (بەبێ زیانەکانی شنگال)، کەمترین زیانیش بەر پارێزگای سلێمانی کەوتووە کە 2 ملیار و 712 ملیۆن دینارە.

ڕاپۆرتەکەی وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە، زۆر بە وردی سەرجەم ئەو زیانانەی لە سەرەتای شەڕی داعشەوە تاوەکو 2015/12/1 کە بەر باڵەخانەکانی حکومەت، ئامێرەکانی حکومەت، شوێنە بازرگانییەکان، ماڵ و خانووی هاووڵاتیان، کەرتی کشتوکاڵ، ڕێگەوبان کەوتوون، تۆمار کردووە.

## زیانی فەرمانگەکانی حکومەت

بەپێی ڕاپۆرتەکە، بەهۆی هێرش و پەلامارەکانی داعشەوە، 225 فەرمانگە و باڵەخانەی حکومەت لە سنووری هەولێر، دهۆک، کەرکووک، نەینەوا و دیالە، زیانیان بەرکەوتووە. کۆی زیانەکانیش بە 121 ملیار و 798 ملیۆن دینار خەملێنراوە.

لەو باڵەخانانەی زیانیان بەرکەوتووە، چواریان لە سنووری پارێزگای هەولێر بوون کە هەر چواریان پرۆژەی ئاون لە قەزای مەخموور، هەروەها سێ باڵەخانەش لە سنووری پارێزگای دهۆک و دوو باڵەخانەش لە کەرکووک زیانیان پێگەیشتووە.

زۆرترین باڵەخانە و فەرمانگەی حکومەتیش کە زیانیان بەرکەوتبێ، لە سنووری پارێزگای نەینەوا بووە کە 174 باڵەخانە بووە، دوای ئەویش 42 باڵەخانە و فەرمانگە لە سنووری پارێزگای دیالە زیانیان بەرکەوتووە.

بەپێی ڕاپۆرتەکەی وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردن، زۆرترین زیان بەر نەخۆشخانەی گشتیی ڕەبیعە کەوتووە کە بە 12 ملیار دینار خەملێنراوە، بەڵام بەگشتی زۆرترین زیان بەر قوتابخانەکان کەوتووە کە ژمارەیان 88 قوتابخانەیە و زۆربەیان لە سنووری قەزای شنگالن.

## وێرانبوونی 6587 خانووی هاووڵاتیان

زەرەرمەندی ئەو شەڕە تەنیا حکومەت نەبووە، بەڵکو زیانێکی زۆریش بەر ماڵ و حاڵی هاووڵاتیان کەوتووە. بەپێی ڕاپۆرتەکەی وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە، بەهۆی ئەو شەڕەوە 6587 خانووی هاووڵاتیان زیانیان بەرکەوتووە کە کۆی گشتیی زیانەکان بە 219 ملیار و 855 ملیۆن دینار خەملێنراوە.

لە سنووری پارێزگاکانی هەولێر، دهۆک و سلێمانی، هیچ زیانێک بەر خانووی هاووڵاتیان نەکەوتووە و ئەو ژمارەیە تەنیا خانووی هاووڵاتیانی سنووری پارێزگاکانی نەینەوا، کەرکووک و دیالە دەگرێتەوە.

هەر بەپێی ڕاپۆرتەکە، 150 شوێنی بازرگانی لە جەلەولا زیانی سێ ملیار و 750 ملیۆن دیناریان بەرکەوتووە و 250 شوێنی بازرگانیش لە سەعدیە زیانی 6 ملیار و 250 ملیۆن دیناریان بەرکەوتووە. کۆی گشتی زیانەکانی ئەو دوو شوێنەش دەکاتە 10 ملیار دینار.

## 22 پرد وێران بوون

چەکدارانی داعش دوای گرتنی هەر شوێنێک، پردی سەر ڕێگاکانیان بۆمبڕێژ دەکرد، کاتێکیش پێشمەرگە شوێنەکانی دەگرتنەوە، داعش بۆ دروستکردنی ئاستەنگ لەبەردەم پێشڕەوییەکانی پێشمەرگە، پردەکانی دەتەقاندنەوە.

بەپێی ڕاپۆرتەکەی وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردن، 22 پرد زیانیان بەرکەوتووە و کۆی گشتی زیانەکانیش بە 19 ملیار و 631 ملیۆن دینار خەملێنراوە.

17 لەو پردانە پێویستیان بە نۆژەنکردنەوەیە و پێنجیشیان پێویستیان بە دووبارە بنیاتنانەوەیە. زۆرترین زیانیش بەر پردی خازری نوێ کەوتووە کە درێژییەکەی 60 مەترە و زیانەکەشی بە دوو ملیار و 750 ملیۆن دینار خەملێنراوە.

زۆرترین ئەو پردانەی زیانیان بەرکەوتووە لە سنووری پارێزگای کەرکووکن کە ژمارەیان 10 پردە، دوای ئەویش حەوت پرد لە سنووری پارێزگای نەینەوا و پێنج پردیش لە سنووری پارێزگای دیالە زیانیان بەرکەوتووە.

## 245 کیلۆمەتر ڕێگا

سەبارەت بە ڕێگەکانیش، بەپێی ڕاپۆرتەکە 16 ڕێگەی سەرەکی و لاوەکی بە درێژیی 245 کیلۆمەتر زیانیان بەرکەوتووە، زیانەکانیش بە 20 ملیار و 700 ملیۆن دینار خەملێنراون.

یەکێک لە ڕێگاکان کە لە سنووری پارێزگای دهۆک زیانی بەرکەوتووە، ڕێگەی کەڵەک – بەردەڕەشە کە زیانی 6 ملیار و 300 ملیۆن دیناری بەرکەوتووە. هەروەها 8 ڕێگا لە سنووری پارێزگای نەینەوا، یەک ڕێگا لە کەرکووک و شەش ڕێگاش لە دیالە زیانیان بەرکەوتووە.

## ئامێرەکانی حکومەت

لە ڕاپۆرتەکەی وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەدا ئەو زیانانەش ئەژمار کراون کە بە 161 ئامێری حکومەت کەوتوون، زیانەکانیش بە 15 ملیار و 276 ملیۆن دینار خەملێنراون.

بەپێی ڕاپۆرتەکە، 58 ئۆتۆمبێل و ئامێری فەرمانگەکانی حکومەت کە زۆربەیان هی وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەن، ونبوون، هەروەها 20 ئامێر و ئۆتۆمبێلیش دزراون. 60 لەو ئامێرانەش پێویستیان بە نۆژەنکردنەوەیە. بەشێکیشیان بەهۆی بۆردومان و بۆمبی چێنراو زیانی زۆریان بەرکەوتووە و بە کەڵکی چاککردنەوە نایەن.

زۆربەی ئەو ئامێر و ئۆتۆمبێلانەی زیانیان بەرکەوتووە یان دزراون و یانیش ونبوون، لە سنووری پارێزگای دهۆکن کە 60 دانەن، 38 دانەش لە سنووری پارێزگای هەولێر بووە، چوار دانە لە دیالە، 28 لە سلێمانی و 31یش لە سنووری پارێزگای نەینەوا کە زۆربەیان دزراون.

جگە لەو زیانانەی بەر ئامێرەکانی حکومەت کەوتوون، 44 ئۆتۆمبێلی هاووڵاتیانیش زیانی ملیارێک و 826 ملیۆن دیناریان بەرکەوتووە.

## 10 ملیار دینار زیانی کەرتی کشتوکاڵ

ئەو زیانانەی بەر کەرتی کشتوکاڵ کەوتوون، بەپێی ڕاپۆرتەکەی وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە بە بەهای نزیکەی 10 ملیار دینارە. زۆرترین زیانیش بەر بەرهەم و تۆوی پەتاتە کەوتووە کە بە سێ ملیار و 459 ملیۆن دۆلار خەملێنراوە، دوای ئەویش زیانەکانی گەنم و جۆ دێت کە بە ملیارێک و 426 ملیۆن دینار خەملێنراوە. هەروەها دەواجنەکانیش ملیارێک و 264 ملیۆن دینار زیانیان بەرکەوتووە. نزیکەی 465 سەر ئاژەڵی هاووڵاتیانیش دزراون و زیانەکانیان بە نزیکەی 100 ملیۆن دینار خەملێنراوە.

## زیانی ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان

لە ڕاپۆرتەکەدا کۆی گشتیی ئەو زیانانەی بەر هەر پارێزگایەک کەوتوون، باسکراوە. بەپێی ڕاپۆرتەکە زۆرترین زیان بەر ناوچە ناکۆکی لەسەرەکانی سنووری پارێزگای نەینەوا کەوتووە کە بڕەکەی 252 ملیار و 210 ملیۆن دینارە. دوای ئەویش ناوچەکانی پارێزگای دیالە، بە تایبەتیش سەعدیە و جەلەولا دێت کە زیانی 127 ملیار و 227 ملیۆن دیناریان بەرکەوتووە.

پارێزگای دهۆک زیانی 14 ملیار و 738 ملیۆن دیناری بەرکەوتووە، پارێزگای کەرکووک 14 ملیۆن و 710 ملیۆن دینار و پارێزگای هەولێر 5 ملیار و 435 ملیۆن، هەرچی پارێزگای سلێمانییە کەمترین زیانی بەرکەوتووە کە دوو ملیار 712 ملیۆن دینار بووە.

## شنگالی تێدا نییە

دەرباز کۆسرەت ڕەسوڵ، وەزیری ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردن دەڵێت زیانەکان لەوە زیاترن کە لەو ڕاپۆرتەدا تۆمار کراون، چونکە ڕاپۆرتەکە لە کاتێکدا ئامادە کراوە کە هێشتا شنگال لەدەستی داعشدا بوو، بۆیە تیمەکانیان بەنیازن سەردانی شنگال بکەن و زیانەکانی ئەوێش بخەمڵێنن.

دوای خەمڵاندنی ئەو زیانانەی بەر سەنتەری شنگال کەوتوون، پێشبینی دەکرێ بڕی زیانەکە زۆر زیاد بکات، چونکە زۆربەی خانوو و باڵەخانەکانی قەزاکە بەهۆی بۆردومانی فڕۆکەکانی هاوپەیمانان و بۆمبە چێنراوەکانی داعشەوە خاپوور بوون.






ئالان تۆرێن، بیرمەند و کۆمەڵناسی گەورەی فەرەنسی بۆ (ڕووداو)

# دڵنیام لە دروستبوونی دەوڵەتی کوردستان

لە ئەپارتمانێکی بەرزی پاریسم لەماڵی پیاوێکی مەزن، ماڵێک پڕ لە کتێب و ماڵێکی تایبەت. ماڵی سۆسیۆلۆژیستێک کە جێ پەنجەی بەسەر سۆسیۆلۆژیای مۆدێرنی فەرەنسییەوە دیارە. ماڵی یەکێک لەو کاراکتەرانەی کە تا ئێستا ڕۆڵێکی دیار و بەرچاوی هەیە لەسەر ناوەندەکانی بڕیاری سیاسی لە فەرەنسادا. ئەو کاراکتەرێکە گوێی لێدەگیرێ. کاراکتەرێکە لەو ژوورەدا بەردەوام سەرقاڵی خوێندنەوە و نووسینە. بەڵام بیروبۆچوونەکانی لەو ژوورەدا ناوەستن و دەفڕن بەرەو وڵاتانی جیهان و کاریگەرییەکی بەرچاوی هەیە لەسەر دنیای سۆسیۆلۆژیا لە سەرانسەری گۆی زەوی. ئەو کەسە ئالان تۆرێن، گەورە بیرمەند و کۆمەڵناسی فەرەنسییە.

هەڤپەیڤین: ڕەنج سەنگاوی
ڕووداو - پاریس



**ڕووداو: ئێستا فەرەنسا شڵەژاوە، دەمەوێ قسە لەسەر ڕەوشی فەرەنسا بکەین کە جەنگی ڕاگەیاندووە، بەبڕوای ئێوە جەنگ دژی کێ، جەنگ دژی ئیسلام وەکو ئاین، جەنگ لە دژی موسڵمانان، یان چییە؟**

**ئالان تۆرێن:** سەرەتا دەمەوێت وەڵامی ئەوە بدەمەوە، دەبێت بەباشی ئەوە پێناسە بکەین کە دەیڵێین، کاتێک دەڵێین "فەرەنسا جەنگی ڕاگەیاندووە". دەمەوێت بڵێم ئەوەی کە فەرەنسییەکان گوتوویانە خراپ نییە، بەڵام ئەمەش مانای ئەوە ناگەیەنێت کە فەرەنسییەکان و فەرەنسا بیانەوێت کێشەکە ببێتە کێشەیەکی سەربازی و سەربازان بچنە شەڕەوە.

**ڕووداو: ڕێگەچارەی سەربازی بە گرنگ دەزانی؟**

**ئالان تۆرێن:** بژارەی سەربازی لەبەردەستدا نییە، ئەگەر کەسێک لە جیهاندا وا بیربکاتەوە کە حکومەتی فەرەنسا یان هاووڵاتیانی فەرەنسا نیازیان هەیە سووریا داگیر بکەن، ئەمە هەڵەیەکی گەورەیە.

بەڕێز لویزار، توێژەرێکی زانستیی پسپۆڕە لەبارەی عێراق، چەند کتێبێکی نووسیوە کە یەکێکیان ناوی (تەڵە)یە، وەکو چۆن لە کتێبەکەدا هەیە "ئێمە بەتەواوی دڵنیاین لەوەی کە گرووپە جیهادییەکان و داعش بەیەکەوە هیواخوازن وڵاتانی ڕۆژئاوا و ئەمریکییەکان، فەرەنسییەکان و ئینگلیزەکان هان بدەن. ئەو گرووپانە هیوادارن ئەوانە تووشی سکانداڵ بکەن، بیانترسێنن، تاوەکو لە کۆتاییدا ئەو وڵاتانە وەڵامی تیرۆر بدەنەوە و سەربازەکانیان بنێرن. ئەو سەربازانە لە وڵاتانی عەرەبی وەکو سەربازی داگیرکەر سەیریان بکرێت و بکوژرێن، لەو کاتەشدا ئەوە ڕوودەدات کە بەشێک لە فەرەنسییەکان و ئەمریکییەکان لە ڤێیتنام پێش نزیکەی پەنجا ساڵ دەیانگوت "نامانەوێت منداڵەکانمان لە کەشێکدا بکوژرێن کە هیچ پەیوەندییەکی بە ئێمەوە نییە". ئەمەش تەڵەکەیە کە ئێمە هەرگیز ناکەوینە نێو ئەو تەڵەیەوە.

**ڕووداو: پێتوانییە ئەگەر هێزی سەربازی وەکو بەرپرسیارێتییەکی ئەخلاقی لەلایەن وڵاتانی زلهێزەوە ڕەوانە نەکرێ، ئەوە ئەگەری هەیە داعش هێز بنێری بۆ خۆرئاوا، ئەوەی کە داعشی ڕاگرتووە هێزی پێشمەرگە بووە، ئایا ئێوە بۆچی تەنیا فەرەنسییەکان دەبینن، لە کاتێکدا داعش هەڕەشەیە بۆ سەر گەلی کورد؟**

**ئالان تۆرێن:** لەبەرئەوەی ئێوەی کورد، خەریکن دەوڵەتێکی نەتەوەیی دابمەزرێنن، ئێمە بەهۆی تاقیکردنەوەی مێژوویی بەتایبەت ئەورووپی، بەڵام تەنیا ئەورووپییەکانیش نا، دەزانین کە بۆ ئەوەی لە داهاتوودا لە هەموو بوارێک پێشبکەوین دەبێت دوو کار بکەین، یەکەمیان ئابوورییەکی کراوە بەڕووی دونیادا. دووەمیشیان کە من پێم گرنگترە، دروستکردنی ئەوەیە کە پێی دەڵێن (دەوڵەتێکی نەتەوەیی)، لەو دەوڵەتەدا مافەکان و داواکارییەکانی گەلێکی تێیدا جێبەجێ دەبێت. وەکو چۆن لە شۆڕشی فەرەنسادا خەڵکی فەرەنسا لە دژی شا و سوپا بیانییەکان دەوڵەتێکی نەتەوەییان دروستکرد، دەوڵەتەکە ڕێزی لە مافەکانی هاووڵاتیان دەگرت. ئێوەی کوردیش پێشتر لە هەڵبژاردنەکاندا ئەمەتان کردووە، لەبەر ئەوە ئێوە وەکیل نین لەو شەڕەدا، ئێوە کاراکتەری سەرەکین و پێویستە یارمەتی بدرێن. پێموایە لە ماوەی چەند هەفتەی ڕابردوودا سەرکەوتنی زۆر گرنگتان بەدەستهێناوە. ناوچەکەتان پاراست لە دژی داعش، پێموایە دەبێت وڵاتانی ڕۆژئاوا و وڵاتانی دیکەش یارمەتیتان بدەن لە بەدەستهێنانی ئەوانەی کە پێویستتانن. بەمەش دەتوانم بەڕوونی بڵێم کە لەوانەیە شاری ڕەققەش بخەنە ژێر دەستی خۆتان.

## جەنگی تیرۆر تەڵەیەکە بۆ ئەمریکی و ئەورووپییەکان

## ئێستا زەمینە لەبار نییە بۆ ڕاگەیاندنی دەوڵەتی کوردستان

**ڕووداو: تۆ لە ناوەندەکانی بڕیار ئەوەندەی ئاگادار بیت پشتگیرییەک هەیە بۆ دەوڵەتە نەتەوەییەکەی کوردستان، یان ئەوە تەنیا حەزی بەڕێز تۆرێنە؟**

**ئالان تۆرێن:** پێموایە حکومەتەکان، بۆ نموونە حکومەتی فەرەنسا، گرنگی زۆر بە شتێک دەدەن کە هێشتا باسم لێوە نەکردووە و تەواوکەری ئەوانەیە کە بەنیازم پێتی بڵێم. ئەوەی ئێمە بیری لێدەکەینەوە، ئەوەیە کە کورد پێویستە بۆخۆیان و بۆ جیهانی بکەن، پێموایە وڵاتانی دیکە و نەتەوەکانی دیکەش بەهەمانشێوە پێویستە بیکەن، ئەمەش بۆ حکومەتی فەرەنسا شتێکی بنچینەییە، با بڵێین لە ناوەوە وڵاتان یەکدەگرن و دەبێت وڵاتان هەڵوێستێکی ڕوونیان هەبێت نەک یارییەکی دووڕووانە بکەن، نابێت ئەو وڵاتانەی کە بەشداریی لە هاوپەیمانیدا دەکەن ئەو وڵاتانە بن کە یارمەتی ناڕاستەخۆی داعش دەدەن.

پێویستە جەخت لەسەر پێویستیی سەقامگیرکردنی ناوچەکە بکرێت و تەنیا بە ڕێککەوتنی دەوڵەتە نەتەوەییە جیاوازەکانیش دەتوانین ناوچەکە بگەیەنینە کەشێکی سەقامگیر. بۆ نموونە میسر وڵاتێکە، ئوردن وڵاتێکە، یان ئیسرائیل و فەلەستین بەهەمانشێوە، پێویستە دانپێدانانێک لە هەموو لایەکەوە هەبێت بەوەی دروستکردن و بەهێزکردنی دەوڵەتانی نەتەوەیی هاوشێوەی ئەوە نەبێت کە پێیدەڵێین ئیمپراتۆرییەکی ئایینی.

پێویستە لەنێوان "ئیمپراتۆرییەکی ئایینی" لەگەڵ دەوڵەتانی نەتەوەیی هەڵبژاردنێک بکەین، ئەو وڵاتانەی کە بەجۆرێک هێزیان هەیە و جێگیرن، لەمڕۆدا ئەو وڵاتانەن کە لەسەر بنچینەی دەوڵەتی نەتەوەیی دروست بوون.

هیچ چارەسەرێک نییە کە بتوانێت دەوڵەتانی نەتەوەیی و ئیمپراتۆرییەتی ئایینی یەکبخات، لەبەر ئەوەی ئەو دووانە بەیەکەوە کۆنابنەوە. هەندێک وڵات هەن کە پڕوپاگەندە بۆ شەرعیەتی خۆیان دەکەن، لە دوو شتیشدا دژبەیەکن، دژبەیەکیشیان شەڕ دەگەیەنێت، بۆیە ئەمڕۆ وڵاتانی ڕۆژئاوایی بەناوی سوودی گشتیی جیهان دەبێت بڵێن: ئەم ناوچەیەی جیهان، کە دەشڵێم ئەم ناوچەیە تەنیا مەبەستم ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست نییە، بەڵکو وڵاتانی دیکەی وەکو ئەفریقای ڕۆژهەڵات و چەند وڵاتێکی دیکەشە، هەموو ئەو وڵاتانە، پێویستە کەشێکی سەقامگیریان هەبێت لە دەوڵەتێکی نەتەوەییدا و بگەنە چارەسەرێک کە بەلای هەمووانەوە جێگای قبوڵکردن بێت و خۆسەپاندنی تێدا نەبێت.

پێموایە وڵاتانی ڕۆژئاوا پێویستە بە شێوەیەکی ڕاشکاوانە، ڕاستگۆیانە و کراوانە هەوڵە سیاسی، سەربازی و ڕۆشنبری و کولتوورییەکانی وڵاتانی جیهانی عەرەبی ڕێز لێبگرن، پێموایە نابێت وڵاتانی ڕۆژئاوا جێگایان بگرنەوە، سەردەمی کۆلۆنیالیزم ئەوەندە دوور نییە لێمانەوە. شێتییە ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ سەردەمی کۆلۆنیالیزم، چونکە کەس ئەمەی ناوێت.

وڵاتی مۆدێرن واتا وڵاتێک کە مافی هاووڵاتیانی تێدا دەپارێزرێت، وڵاتێک بۆ هاووڵاتیانی، دەبێت ئەمە دروستبکرێت. کوردی عێراق ئەم مۆدێلەیان نیشانی هەمووان دا، بیرم دێت کە ئێوە لە هەڵبژاردنەکاندا باستان لە سەربەخۆیی، عەلمانیەت و فێمینیزم دەکرد، ئەمە زۆر گرنگە.

**ڕووداو: بەڵام مەسەلەکە تەنیا پەیوەندی بە کورد خۆیەوە نییە. بەڕێز تۆرێن ئەوەی تۆ داوای دەکەی مەحاڵ نییە؟ پێتوانییە گەلانی ناوچەکە وەکو تورک و عەرەب و فارس بە هیچ جۆرێک پێیانخۆش نییە دەوڵەتی کوردستان دروست ببێ؟ ئەمە شتێکی مەحاڵ نییە کە تۆ داوای دەکەی لەبارەی دەوڵەتێکی نەتەوەیی بۆ کورد؟**

**ئالان تۆرێن:** با ڕاشکاوانە قسە بکەین، ئەوەندەی من ئاگادارم، ئێستا حاڵەتێکی دیکە هەیە و جەنابیشت بە ناوی کوردی ئێرانەوە قسەم بۆ ناکەیت، تۆ بەناوی کوردی عێراقەوە قسە دەکەی، ئێوە لە دۆخێکی دیاریکراوی جێگیردان کە هاوشێوەی دەوڵەتێکتان هەیە و کۆنترۆڵی زۆربەی ناوچەکانی خۆی دەکات.

## چارەسەری کێشەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەیی دەکرێ

کاتێک باسی دەوڵەتێکی نەتەوەیی، دەوڵەتێکی کوردی دەکەم، باسی دەوڵەتێک دەکەم کە نوێنەرایەتی هەموو گەلی کورد دەکات و کۆیاندەکاتەوە لە سنووری عێراقدا، لەکاتێکدا شەڕ لەنێوان کورد و چەکدارانی داعش هەیە، من قسە ناکەم لەسەر ئەوەی لە ئێران و تورکیا ڕوودەدات. من ئەوەندە دەڵێم کە دەبێت بیر لە دوورتر لەوە بکەینەوە. ئەوەندەش من لێی ئاگادارم بەم دواییە کوردی سووریا، کە ئێمە دەزانین پەیوەندییان لەگەڵ کوردی تورکیا هەیە، کە ژمارەیان زیاترە و بەهێزترن و لە ڕووی سیاسییەوەش لەگەڵ کوردی عێراق لەسەر هەمان ڕێچکەن. کەواتە ئەمە پەیوەستە بە ویستی ڕاستەقینە لەسەر ناوچە ڕاستەقینەکە، نەک هەموو کوردستان یان هەموو تورکیا یاخود هەموو فەرەنسا. ئێمە ئێستا باس لە

## کورد دەتوانێ شاری ڕەققەش بگرێ

## لە شەڕی داعشدا کورد وەکیل نییە، لایەنێکی سەرەکییە

حاڵی خاکەکە دەکەین، من دەڵێم تاکە مۆدێلی سیاسی کە پێویستە ئەمڕۆ هەبێت و لە بەشێکی زۆری وڵاتانی عەرەبی موسڵمان هاتووەتە دی و لە ئێران و تورکیا و میسر و ئوردن و دەتوانم بڵێم ئیسرائیلیش هاتووەتە دی، نە بەکەمی و نە بەزیادی بریتییە لە دەوڵەتی نەتەوەیی.

ئێمە لە فەرەنسا گرنگی بە مافەکانی کوردی عێراق و هەموو ئەو کوردانە دەدەین کە دەیانەوێت هەمان ڕێچکە بگرنەبەر و دەوڵەتی نەتەوەیی دابمەزرێنن، لەبەرئەوەی ئەمە مەرجی سەرەکیی سەقامگیری و پێویستییەکی سەرەکییە بۆئەوەی ئەو ناوچانەی جیهان پێشبکەون.

**ڕووداو: کەواتە بە کورتی پێتوایە ئێستا زەمینە لەبارە بۆ ئەوەی کورد دەوڵەتی خۆیان ڕابگەیەنن؟**

**ئالان تۆرێن:** نەخێر.

**ڕووداو: بۆچی؟**

**ئالان تۆرێن:** ئێوە کاتێک دەبێت ئەوە بکەن کە کۆنترۆڵێکی باشتان لەسەر ئەو خاکە دەبێت، پێویستە سەرەتا خاکەکەتان کۆنترۆڵ بکەن و سەقامگیری بکەن، نەک خاکێکی هەڕەشە لێکراوتان هەبێت.

**ڕووداو: پێشبینی ئەوە دەکەی لەناو شیعە گرووپی توندڕەوی هاوشێوەی سوننە دروست ببێ، بۆ ئەوەی ئەو ناوچانە کۆنترۆڵ بکەن و لە دەستی کوردی دەربهێنن؟**

**ئالان تۆرێن:** پێموایە تاوەکو ئەوکاتەی خەریکی تێکەڵکردنی ئایین بن بە هەموو کێشەکانی ناوچەکە، ئەوەی کە ئێوە پێی دەڵێن تیرۆریست و منیش پێمگوتن جیهادی، ئەوا ئەمە دەبێتە ئەنجامێکی ئۆتۆماتیکی. ئەمەش نەک تەنیا لە ناوچە سوننییەکان، بەڵکو بەهەمانشێوە لە ناوچەکانی دیکەی وەکو ئەفریقای باکوور، ئیسرائیل و سۆماڵیش دەبێت، دەبێ لە دژی ئەو لایەنە تێبکۆشرێ کە جگە لە شەڕ هیچی دیکەی ناوێت، مەبەستم ئیمپراتۆرییەتی ئایینییە.

ئەگەر بتانەوێت ئیمپراتۆرییەتی ئایینی دروستبکەن ئەوا چەند دەوڵەتێکی نەتەوەیی و چەند ئیمپراتۆرییەتێکی ئاینیتان دەبێت، گرنگیش نییە ئیمپراتۆرییەتی ئایینی شیعە مەزهەب یان سوننە مەزهەب دەبێت. دەبێت بزانرێت وڵاتان بۆ پێشکەوتن و ئارامی و ئاشتی چییان پێویستە، کەواتە هیچ چارەسەرێکی دیکە لەبەردەستدا نییە جگە لە گفتوگۆکردن و هاوڕابوون و کۆبوونەوە لە دەوری مۆدێلێکی گشتی بۆ دەوڵەتانی نەتەوەیی.

دەوڵەتی نەتەوەیی دژە لەگەڵ ئیمپراتۆرییەتی ئایینی، دەبێ تەنیا یەکێکیان هەڵبژێردرێت، ئەوەی کە هەیە سوودی ئەو لایەن و ئەم لایەنە نییە، بەڵام ئەوەیە کە ئایا پێتوایە وڵاتانی عەرەبی موسوڵمان دووبارە سەردەمێکی دیکەی هاوشێوەی سەردەمی عەباسی یان فاتیمی لە میسر دروست دەکەنەوە؟ یان ئایا وا بیردەکەنەوە کە ئێمە لە جیهانێکداین، پێویستمان بەوەیە بەشدار بین لە ئاڵوگۆڕی ئابووری و ڕێزگرتن لە مافەکانی هەمووان و دامەزراوەیەکمان هەبێت کە ڕۆشنبیری لەبارەی دەوڵەتی نەتەوەیی بڵاوبکاتەوە، هەروەها ڕۆشنبیرمان بکات لەبارەی پێکەوەژیان کە ئێمە لە ئەورووپا هەوڵی بۆ دەدەین.

**ڕووداو: بەڵام من بەڕاستی نازانم لە سیاسەتدا حەق و ئەخلاق هەیە؟ ئەگەر گریمان بەرپرسیارێتی هەبێ، ئایا پێویستە خۆرئاوا پشتگیری لە کام لەم لایەنانەی ململانێ بکات لە عێراقدا لانیکەم، پێتوایە مۆدێلی کوردی تا چەند مۆدێلێکی جوانە بۆ ئەوەی سەرنجی ئەورووپا رابکێشێ؟**

**ئالان تۆرێن:** من وەڵامەکەم دوو سەرە دەبێت. سەرەتا نەناردنی سەرباز بۆ سەر خاکی وڵاتێکی دیکە مانای ئەوە نییە هیچ کارێک ناکەی، پێش هەموو شتێک پێویستت بە چەک دەبێت بۆ سەربازان کە لەسەر خاکەکەن، ئەوانەش هەموویان نا بەڵکو بەشێکیان پێشمەرگەی کوردن. کەواتە سەرەتا پێویستمان بە چەکە بۆ ئەوانەی شەڕی ئەو کەسانە دەکەن کە من پێموایە ترسناکترین پێکهاتەن و بەشێکن لە ئیمپراتۆرییەتی ئایینی.

گرنگە وڵاتانی ڕۆژئاوایی کە شارەزایی دوو سەدەیان لە دروستکردنی دەوڵەتی نەتەوەیی هەیە، بەباشی ئەو هۆکارانە بۆ جیهان ڕوونبکەنەوە کە بۆچی نابێت ئیمپراتۆرییەتی ئایینی هەبێ و دەبێت دەوڵەتی نەتەوەیی هەبن، ئەمە بەو مانایەیە کە دروستکردنی دەوڵەتێک دەبێت پەیوەندی بە هێنانەدی مافەکانی هاووڵاتیان و ئازادیی کولتوورییەوە هەبێت، لەمەشدا پێموایە فەرەنسا نموونەیەکی مێژووییە، دیارە نامەوێت بڵێم کە دەبێت وەکو فەرەنسا بکرێت، بەڵام دەبێت شتێکی هاوشێوە بکرێت.

**ڕووداو: تۆ وەکو بیرمەندێک وکۆمەڵناسێکی گەورەی فەرەنسی کە لە ناوەندەکانی بڕیاردا لە وڵاتەکەت گوێت لێدەگیرێ و وەزیری بەرگریی فەرەنسا خوێندکاری خۆت بووە و کچی بەڕێزت ئێستا وەزیری تەندروستییە، تا چەند هەوڵت داوە ئەو بۆچوونانە بگەیەنی بە ناوەندەکانی بڕیار لەسەر پشتگیریی دۆزی کورد؟**

**ئالان تۆرێن:** لە کۆمەڵگای فەرەنسیدا، نەک تەنیا ئەوەمان هەیە کە پێی دەڵێن لێکجیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان، بەڵکو

## کورد مۆدێلی وڵاتێکی مۆدێرنی پێشانی جیهان داوە

ڕۆشنبیران و حکومەتیش پێکەوە پابەندن بەوەی کە ڕۆشنبیران سەربەخۆن. سەربەخۆیی و ئازادیی ڕۆشنبیران لە بیرکردنەوە و لە کرداردا تێکەڵ ناکرێت بە بڕیاردان، من هیچ کاریگەرییەکم لەسەر بڕیارەکانی کچەکەم نییە. کچەکەم پیشەی خۆی هەیە و منیش پیشەی خۆم. ناتوانم پێی بڵێم بەپێی بیرکردنەوەی من هەڵسوکەوت بکە، ئەو بەپێی بیرکردنەوەی خۆی و حکومەتی وڵاتەکەی کاردانەوەی دەبێت و هەڵسوکەوت دەکات، ئەوانەی منیش دەیانڵێم هەڵقوڵاوی بیری ئازادانەی خۆمن و بە ناوی حکومەتی فەرەنساوە قسە ناکەم.

**ڕووداو: دەمەوێ پەیامی ئێوە بۆ خوێنەرانت لە کوردستان و بۆ ڕووناکبیرانی کورد بگەیەنم ئەگەر دەتەوێ قسەیەک بکەی بۆ گەلی کورد لە ڕێگەی تۆڕی میدیایی ڕووداوەوە؟**

**ئالان تۆرێن:** پەیامی من بۆ ئەوانەی کە گرنگی بە بیرکردنەوەکانی من دەدەن ئەوەیە، کە بە تەواوی و بە قووڵی باوەڕم بەوە هەیە و دڵنیام لە دروستبوونی دەوڵەتی نەتەوەیی کوردستان.

**ڕووداو- هەولێر**

مۆبایلی چەکدارێکی کوژراوی داعش بەناوی ئەبو سەید کە لەسەرەتای ئەو مانگەوە لە ڕومادی کوژراوە. دەکەوێتە دەست (تۆڕی میدیایی ڕووداو) کە چیرۆکی سەیروسەمەرەی ژیانی ڕۆژانەی چەکدارانی داعشی تێدایە. وێنە و گرتە ڤیدیۆکانی نێو مۆبایلەکە زۆربەیان زۆربەیان تایبەتن بە شەڕەکانی داعش و ژیانی ڕۆژانەی چەکدارانی ئەو ڕێخکراوە و زۆربەی گرتەکانیش لە ناو شاری ڕومادی تۆمارکراون. مۆبایلەکەی ئەبوسەید لەڕێگەی فەرماندەکانی سوپای عێراقەوە ڕەوانەی (ڕووداو) کراوە. دەتوانن گرتەو وێنەکانی نێو مۆبایلەکە لە ماڵپەڕی (www.rudaw.net) ببینن.



ڕووداو
کوردستانی
ژمارە (387) دووشەممە 2015/12/14

# 80 چەکداری کورد لە ڕیزەکانی داعشدا ماون

نەوزاد مەحموود
ڕووداو- سلێمانی

بەرپرسێکی وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئاینی لە هەرێمی کوردستان، زانیاریی نوێ لەبارەی چەکدارە کوردەکانی نێو داعش ئاشکرا دەکات و دەڵێ گۆڕانکاریی گەورە ڕوویداوە لە ژمارەی ئەوانەی دەچنە ڕیزی ئەو گرووپە و ئەوانەشی تائێستا لەگەڵیان ماون. گوتیشی: "ئەگەر ترسی سکاڵای خەڵک و دادگا نەبووایە، ژمارەیەکی زۆریان دەگەڕانەوە هەرێمی کوردستان".

مەریوان نەقشبەندی، بەڕێوەبەری پەیوەندییەکانی وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئاینی کە وەزارەتەکەی لە هەماهەنگیی بەردەوامدایە لەگەڵ لایەنە ئەمنییەکان سەبارەت بە هەموو ئەو شتانەی پەیوەندیدارن بە کوردەکانی نێو داعشەوە، باسی ئەو چەکدارە کوردانە دەکات کە لە سەرەتای دروستبوونی داعشەوە پەیوەندییان بەو گرووپەوە کردووە لەنێوان ساڵانی 2013 – 2014.

ئەو ژمارانەی کە پێشتر لەوبارەوە و لەزاری سەرچاوە ئەمنییەکانەوە بڵاودەکرانەوە، باسیان لە نزیکەی 500 چەکداری کورد دەکرد، بەڵام بەرپرسەکەی وەزارەتی ئەوقاف دەڵێ: "ئەمساڵ تەنیا سێ گەنجی کورد چوونەتە نێو داعش، هەرسێکیشیان لە کەرکووکەوە ڕۆیشتوون و دانیشتووی هەرێمی کوردستان نین".

## 80 چەکدار ماون

جگە لەو ژمارە چەکدارەی لە باشووری کوردستانەوە پەیوەندییان بە داعش کردبوو، ژمارەیەک گەنجی کوردی باکوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش چووبوونە ڕیزەکانی داعش.

مەریوان نەقشبەندی باسی چارەنووسی ئەو 500 چەکدارەی کرد و گوتی "بەپێی زانیارییەکانی ئێمە لەو 500 چەکدارە 260یان کوژراون، 18 لەو چەکدارانە لەلایەن داعش خۆیەوە گوللەباران کراون، لەبەرئەوەی گومانیان لێکردوون".



ژمارەیەک چەکداری کورد لە ڕیزەکانی داعشدا

بە گوتەی مەریوان لەدوای گوللەبارانکردنی ئەو 18 چەکدارە کوردە، مامەڵەی داعش لەگەڵ چەکدارە کوردەکان گۆڕاوە و متمانەی پێیان نەماوە "ناهێڵێ لە هیچ جێگایەک چەند کوردێک پێکەوە بن و تەنانەت پۆست و پلەی ئەمیرایەتیشیان پێنادات، چونکە ترسی هەڵهاتن و دزەپێکردنی زانیارییەکانی خۆی هەیە بۆ پێشمەرگە و هاوپەیمانان".

سەبارەت بە ژمارەی ئەو کوردانەشی لە ڕیزی داعشدا ماون، گوتی "هەندێکیان گەڕانەوە کوردستان، ئێستا تەنیا 60 تاوەکو 80 گەنجی باشووری کوردستان لە ڕیزەکانی داعشدا ماون".

## "150 چەکدار گەڕاونەتەوە"

هێشتا میدیا جیهانییەکان باس لە پەیوەندیی بەردەوام دەکەن بە داعشەوە لە نێو وڵاتانی ئەورووپاوە. تەنانەت ئەو زانیاریانەی هەواڵگریی وڵاتە ڕۆژئاواییەکان بۆ میدیاکانی دەخەنە ڕوو، باس لەوە دەکەن کە جیهادییەکان وێڵی دۆزینەوەی ئەو ڕێگایانانەن کە سەرئێشەی کەمتریان بەدواوەیە تاوەکو بگەنە نێو ئەو دەوڵەتەی ئاڵا ڕەشەکەی بووەتە مەترسی بۆ جیهان. بەڵام زانیارییەکان لە باشووری کوردستانەوە تەواو پێچەوانەن.

مەریوان نەقشبەندی، بەڕێوەبەری پەیوەندییەکانی وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئاینی، دڵنیایە لەوەی تاوەکو ئێستا 150 چەکداری کوردی هەرێمی کوردستان گەڕاونەتەوە نێو خێزانەکانیان.

بەرپرسی یەکێک لە میحوەرەکانی پێشمەرگە خۆڕادەستکردنەوەی چەکدارانی کوردی نێو داعش پشتڕاست دەکاتەوە "بەڵام لەبەر ئەوەی ترسیان هەیە، بەشێکی زۆریان لە نێو خەڵکی عەشایەردا خۆیان ون دەکەن و بەناوی چەکدارەوە نایەنەوە و دواتر لەڕێگەی زانیارییە هەواڵگرییەکانەوە دەدۆزرێنەوە".

وەستا ڕەسوڵ کە فەرماندەی میحوەرێکی شەڕە لە کەرکووک، هەروەها دەڵێ "ئەو چەکدارانە زۆربەیان دەستیان بە خوێنی خەڵک سوورە و ناوێرن لەکاتی گەڕانەوەدا وەک چەکدار خۆیان بناسێنن، لەترسی ئەوەی دواتر خەڵک دەیاندەنە دادگا، بەڵام هەر دەدۆزرێنەوە".

## "دهۆک خاوێنترین پارێزگایە"

مەریوان نەقشبەندی، لەبەر کێشەی کۆمەڵایەتی و ئەنجامە نەرێنییەکانی، ئاشکرای ناکات کام پارێزگا و شارۆچکانەی باشووری کوردستان زۆرترین کەسیان لێ چووەتە نێو داعش، بەڵام دەڵێت "دهۆک خاوێنترین پارێزگایە و تەنیا دوو کەس لەوێوە ڕۆیشتوون کە ئەوانیش خەڵکی بەردەڕەش بوون و کوژراون". گوتیشی "خەڵکی هەموو ناوچەکانی کوردستان چوونەتە نێو داعش".

هەوڵی بەشێک لەو خێزانانەی کوڕەکانیان لەنێو داعشدایە، دەستپێکردووە تاوەکو ڕێوشوێنی گونجاو بگرنەبەر بۆ هێنانەوەیان، وەک نەقشبەندی باسی دەکات، ئەوانەی دەستیان بە خوێنی پێشمەرگە و خەڵک سوور نییە، لە زیندان نامێننەوە و بە کەفالەت ئازاد دەکرێن.

مەریوان نەقشبەندی، گواستنەوەی قوتابخانە ئاینییەکانی سەر بە وەزارەتی ئەوقاف بۆ وەزارەتی پەروەردە بە یەکێک لە ڕێوشوێنە گرنگەکان دەزانێ کە حکومەت سەرکەوتووانە گرتیەبەر بۆ دژایەتی بیری توندڕۆیی و چوونە نێو داعش، هەروەها ڕۆڵی وریاکەرەوەی مامۆستا ئاینییەکانیش.

یەکێک لە چەکدارە کوردەکانی نێو داعش، مەلا شوان بوو کە زۆرتر لە هەموویان لە گرتە ڤیدیۆییەکانەوە دەردەکەوت و لە هەموو دەرکەوتنێکیشدا وێڕای دووپاتکردنەوەی دڵسۆزیی خۆی بۆ داعش، هەڕەشەی بۆ پێشمەرگە دەنارد. یەکێک لەو دەرکەوتنانە، لەتەنیشت پێشمەرگە دەستبەسەرکراوەکانی حەویجەوە بوو کە لە نێو قەفەس دانرابوون و قسەی لێوەردەگرتن.

مەلا شوان مانگی 11ی 2014، مزگەوتەکەی خۆی لە ناحیەی دارەتووی سەر بە هەولێر جێهێشت و بەخێزانەوە پەیوەندی بە داعشەوە کرد.

ڕۆژی 2015/7/28 سەرچاوەیەک لە ئەنجوومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستانەوە ڕایگەیاند، لە پرۆسەیەکی نهێنیدا لەگەڵ هێزە هاوپەیمانەکان توانیویانە شوێنی مەلا شوان دیاری بکەن و چەند ڕۆژێک چاودێریی ماڵەکەیان لە حەویجە کردووە. دوای چوونە دەرەوەی لەشوێنێکی چۆڵ لەگەڵ ئۆتۆمبێلێکی دیکەی پڕ لە چەکداری داعش بۆردومان کراون و بەو هۆیەوە مەلا شوان کوژرا.

بەرپرسێکی وەزارەتی ئەوقاف:

**ئەمساڵ تەنیا سێ کوردی باشووری کوردستان چوونەتە نێو داعش**

**لەپارێزگای دهۆک تەنیا دوو کەس بوونەتە داعش**

لیوا وەحید کۆڤلی، ڕاوچیی چەکدارانی داعش

# 29 چەکداری داعشم دەستگیر کردووە

تاوەکو ئێستا 154 چەکداری داعشمان کوشتووە

ناسر عەلی
ڕووداو- دهۆک

تا ئێستا سێ جار لە بەرەکانی شەڕدا بە دەستی چەکدارانی داعش بریندارکراوە، بەڵام کۆڵی نەداوە و بەردەوامە لەسەر ڕاوکردنی چەکدارانی داعش. لیوا وەحید کۆڤلی دەڵێت جگە لەو چەکدارانەی لە شەڕ کوشتوونی، 29 چەکداری دیکەشی بە دەستی خۆی گرتووە.

لیوا وەحید کۆڤلی، فەرماندەی هێزی شەهید ئەکرەمە لە دژە تیرۆری دهۆک. ئەکرەم کە برای وەحید کۆڤلی بوو، لە شەڕێکدا بە دەستی چەکدارانی داعش شەهید کرا.

لیوا وەحید کۆڤلی تا ئێستا بەشداری لە شەڕەکانی چوار میحوەری سنووری پارێزگای نەینەوادا کردووە و دەڵێت "هەر لە سەرەتای شەڕی داعشدا، لە هەر شوێنێک هەر ئەرکێکم پێ سپێردرابێت، بۆی چووم. لە میحوەرەکانی تەلسقۆف، بەنداوی مووسڵ، سەهلج و شەنگال بەشداریم کردووە، سێ جار بریندار بووم، بەڵام هەر بەردەوامم لە ڕاونانی تیرۆرستانی داعش".

کەم ڤیدیۆی کوژرانی چەکدارانی داعش هەیە کە بڵاوبکرێتەوە و کۆڤلی تێدا دەرنەکەوێت. ئەو دەڵێت تاوەکو ئێستا لەگەڵ پێشمەرگەکانی هێزەکەم 154 چەکداری داعشمان کوشتووە و تەرمەکانیان کەوتووەتە بەر دەستمان جگە لەوانەی لە دوورەوەش کوشتوومانن، یان داعش فریاکەوتووە تەرمەکانیان لەگەڵ خۆی ببات".

بەڵام دەڵێت "تا ئێستا هیچ دیلێکی داعشمان نەکوشتووە، چونکە هێزەکەمان وا پەروەردە کراوە کە ڕێز لە دیلەکانی جەنگ بگرین".

## داعشێک دەرگای هەمەرەکەی دەکاتەوە

لیوا وەحید کۆڤلی دەڵێت چەند جارێک لە شەڕەکاندا هێندە لە چەکدارانی داعش نزیکبووەتەوە کە شەڕی دەستەویەخەیان کردووە. ئەو گێڕایەوە "لەشەڕی بەنداوی مووسڵ هێندە لە چەکدارانی داعش نزیکبووین، چەکدارێک دەرگای هەمەرەکەی منی کردەوە، یەکسەر بە دەمانچە کوشتم".

هەروەها دەڵێت "لە گوندی سەهلج دوای شەڕێکی زۆر قورس و شەهیدبوونی دەیان پێشمەرگە، گوندەکەمان کۆنترۆڵ کرد، چوومە نێو مزگەوتێک سێ داعشی تێدا مابوو، بەڵام هیچیان گوللەیان پێ نەمابوو، یەکێکیان گوتی من مەلای گوندم، ئەوی دیکەش گوتی من بانگدەرم".

وەحید کۆڤلی تاوەکو ئێستا سێ جار لە شەڕدا بریندار بووە و وەک خۆی دەڵێت زۆرجار لە مەرگ نزیکبووەتەوە. ئەو گوتی "ناخۆشترین شەڕ کە تا ئێستا بینیومە شەڕی یەکەمی شنگال بوو، کاتێک ساڵی ڕابردوو دەوروبەری شنگالمان کۆنترۆڵ کردەوە، بەڵام هێزەکەی ئێمە نەوەستا و پێشڕەوی بۆ نێو گەڕەکەکانی شنگال کرد، ڕووبەڕووی شەڕێکی قورس بووینەوە، بەڵام دواجار توانیمان خۆمان ڕزگار بکەین".

وەحید کۆڤلی قەت هاواری ئەو دایکەی لەبیر ناچێت کە کوڕە تاقانەکەی (برای پێنج خوشک) وەکو خۆبەشێک لە شەڕدا شەهید بوو، بۆیە بەڵێنی بەو دایکە شەهیدە دابوو تۆڵەی بۆ بکاتەوە.

وەحید دەڵێت "بەڵێنم بەو دایکە شەهیدەدا تۆڵەی کوڕەکەی بکەمەوە، لە ماوەی سێ ڕۆژدا 12 چەکداری داعشمان کوشت".

جگە لەو چەکدارانەی لە بەرەکانی شەڕدا کوشتوونی، وەحید کۆڤلی دەڵێت بە پشتیوانی هێزەکەی 29 چەکداری داعشی لەکاتی شەڕدا دەستگیرکردووە "لە تەلسقۆف 22 چەکداری داعشمان دەستگیرکرد، لە گوندی سەهلج سێ چەکدارمان دەستگیرکرد، لە شەڕی ئەمدواییەی شنگالیش چوار چەکدارمان دەستگیرکرد کە سێیان ئەمیر بوون، بەڵام هیچ کام لەو چەکدارانەمان نەکوشتوون".

ئەو بەسەرهاتێکی گێڕایەوە و گوتی "کاتێک لە شەڕی شنگالدا چوار چەکداری داعشمان دەستگیرکرد، پێشمەرگەیەک کە ئامۆزاکەی بە دەستی چەکدارانی داعش شەهید کرابوو، ویستی بیانکوژێت و تۆڵەی ئامۆزاکەی بکاتەوە، بەڵام نەمهێشت و پێمگوت دیل کوشتن لە کولتووری ئێمەدا نییە".

## دووجار چووەتە نێو داعش

وەحید کۆڤلی دەڵێت تاوەکو ئێستا دووجار موجازەفەی بە ژیانی خۆی کردووە و بەبێ بڕیاری سەرووی خۆی و بەبێ پلان، چووەتە نێو چەکدارانی داعش بۆ ئەنجامدانی چەند کردەیەک لە دژیان.

ئەو گوتی "جارێک لە تەلسقۆف ئەوکاتەی ئەکرەمی برام شەهید کرا، خۆم پێنەگیرا، لەگەڵ چەند پێشمەرگەیەک چووینە قووڵایی سنووری داعش و بەسەر بارەگایەکمان دادا و 12 چەکدارمان لێ کوشتن، پاشان بە سەلامەتی گەڕاینەوە".

سەبارەت بە جاری دووەمیش، وەحید گوتی "لە شەڕی ئەمدواییەی شنگالدا، هەواڵمان بۆ هات دانیشتووانی گوندی قابووسێ لە نزیک شنگال ژیانیان لە مەترسیدایە و داعش بەنیازە کۆمەڵکوژیان بکات، خۆم پێنەگیرا و بەبێ ئەوەی پلانم هەبێت، یان بڕیاری سەرووی خۆم پێبێت، هێرشم کرد و خەڵکەکەم ڕزگار کرد". وەحید کۆڤلی داوای لێبووردن لە فەرماندەکانی دەکات کە بەبێ ئیزنی ئەوان هێرشی کردووەتە سەر چەکدارانی داعش.



# عوبێدی لە سەربازگەی باشیک لەگەڵ راهێنەرە تورکەکان کۆبووەتەوە



### بەرپرسی سەربازگەی حەشدی نیشتمانی لە نزیک مووسڵ:

## خالید عوبێدی پێیگوتین چاوەڕێی هاوکاریی حکومەتی عێراق مەبن

ناسر نهێلی
رووداو- دهۆک

چوار رۆژ بەر لە هاتنی هێزەکەی تورکیا بۆ سەربازگەی گوداد لە نزیک شاری مووسڵ، وەزیری بەرگریی عێراق لەگەڵ بەرپرسانی سەربازگەکە کۆبووەتەوە و لەوێ بە هێزەکانی حەشدی نیشتیمانی راگەیاندووە کە بە تەمای بەغدا نەبن و هاوکاریتان ناکات.

رۆژی 27ی مانگی رابردوو خالید عوبێدی، وەزیری بەرگریی عێراق کە سوننەیە و خەڵکی مووسڵە، سەردانی هەرێمی کوردستانی کرد، پاشان سەردانی هێزەکانی حەشدی نیشتمانی کرد لە سەربازگەی گوداد لە نزیک مووسڵ، ئەو سەربازگەیەی بەهۆی جێگیربوونی هێزێکی تورکی لێی، ناوی بە نێو میدیاکانی جیهاندا بڵاوبووەوە.

بەپێی گرتەیەکی ڤیدیۆیی کە دەست (رووداو) کەوتووە، خالید عوبەیدی دوای ئەوەی سەردانی قەزای شنگالی کرد، بە سێ هەلیکۆپتەرەوە چووەتە سەربازگەکەی حەشدی نیشتیمانی لە نزیک مووسڵ.

سەرچاوەیەک لەو سەربازگەیە بە (رووداو)ی راگەیاند "خالد ئەلعوبێدی، وەزیری بەرگریی عێراق کە سەردانی سەربازگەکەی کرد، نزیکەی نیو کاژێر لەگەڵ ئەو راهێنەر و راوێژکارە تورکانە کۆبووەوە کە لە سەربازگەکەن، پاشان لەگەڵ بەرپرسانی سەربازگەکە و هێزەکانی حەشدی نیشتیمانی کۆبووەوە".

سەرەتای ئەم مانگە هێزێکی تورکیا کە بە 900 چەکدار دەخەمڵێنرێن، بە چەکی قورسەوە سنووری عێراقیان بەزاند و لە سەربازگەی گوداد جێگیر بوون، ئەمەش کاردانەوەی توندی بەرپرسانی عێراقی لێکەوتەوە، چونکە دەڵێن هێزەکە بەبێ رەزامەندی حکومەتی عێراق هاتووەتە ناوچەکە.

حکومەتی عێراق مۆڵەتی 48 کاژێری دایە ئەو هێزە تا لەخاکی عێراق بکشێتەوە، بەڵام مۆڵەتەکە کۆتایی هات و هێزەکە هەر لە شوێنی خۆیەتی.

عەمید روکن محەممەد یەحیا، بەرپرسی سەربازگەی حەشدی نیشتیمانی لە نزیک شاری مووسڵ سەردانی وەزیری بەرگریی عێراقی بۆ سەربازگەکە پشتڕاست کردەوە و بە (رووداو)ی گوت "وەزیری بەرگریی عێراق لەگەڵ ئێمە کۆبووەوە، ئێمەش داوامان لێکرد کە بەغدا زیاتر هاوکاریمان بکات، چونکە بەغدا بەهیچ شێوەیەک لە ئێمە ناپرسێتەوە و تاوەکو ئێستا فیشەکێکی بۆ نەناردووین".

بەڵام رەتیکردەوە کە خالید عوبێدی لە سەربازگەکە لەگەڵ راوێژکاران و راهێنەرە تورکەکان کۆبووبێتەوە و گوتی "عوبێدی تەنیا لەگەڵ ئێمە کۆبووەوە، زۆر بە راشکاوانەش پێیگوتین بەغدا هاوکاریتان ناکات".

### سەرۆکی ئەنجوومەنی قەزای شنگال:

# پێنج بەڕێوەبەری فەرمانگەکانی شنگال چوونەتە پاڵ داعش

کاروان عەلی
رووداو- شنگال

دوای کۆنترۆڵکردنەوەی شنگال لەلایەن هێزەکانی پێشمەرگەوە، تاوەکو ئێستا بەشێک لە بەرپرسی فەرمانگەکانی شنگال نەگەڕاونەتەوە سەر کارەکانیان، سەرۆکی ئەنجوومەنی قەزاکە دەڵێت ئەوانەی نەگەڕاونەتەوە بەشێکیان بوونەتە داعش.

لە شنگال 22 بەڕێوەبەرایەتی و فەرمانگەی حکومی هەن، بەڵام نیوەیان تاوەکو ئێستا دەوامیان تێدا ناکرێ، لەو بەڕێوەبەرانەی دەوام ناکەن، نزیکەی نیوەیان لە ریزەکانی داعشدان، قایمقامی قەزاکەش دەڵێت هەر بەرپرسێک نەگەڕێتەوە سەر کارەکەی فەسڵ دەکرێ.

وەیس نایف، سەرۆکی ئەنجوومەنی قەزای شنگال بە (رووداو)ی راگەیاند، پێشی هاتنی داعش بۆ قەزاکەیان، 22 فەرمانگەی حکومی لە شارۆچکەکە هەبوون، دوای ئەوەی پێشمەرگە کونترۆڵی کردەوە، زۆربەی بەڕێوەبەرەکان لەگەڵ قایمقام دەوامی ئاسایی خۆیان دەکەن، بەڵام 11 بەڕێوەبەر تاوەکو ئێستا نەگەڕاونەتەوە بۆ دەوام.

سەبارەت بە هۆکاری نەگەڕانەوەی ئەو 11 بەڕێوەبەرە بۆ سەر کارەکانیان، وەیس نایف گوتی "ئەوەندی ئێمە ئاگادارین پێنج لەو بەڕێوەبەرانە عەرەب بوون و کە داعش هاتە شنگال چوونە پاڵ داعش. کاتێکیش پێشمەرگە شنگالی کۆنترۆڵ کردەوە، ئەوانیش لەگەڵ چەکدارانی داعش هەڵاتن".

وەیس نایف ناوی هەر پێنج بەڕێوەبەرەکەی ئاشکرا کرد کە پاش دەرکردنی چەکدارانی داعش لە شنگال شارەکەیان جێهێشتووە، ئەوانیش بریتین لە ئەبو بارزان متوتی، بەڕێوەبەری ئاوی شنگال، حەجی هانی، بەڕێوەبەری بانکی کشتوکاڵ، عەلی عەبدوڵڵا مەجید، بەڕێوەبەری پۆستە و گەیاندنی شنگال، محەممەد ئیسماعیل، بەڕێوەبەری کارەبای شنگال. محەممەد ئەمین خەلەف متوتی، بەڕێوەبەری بانکی رەشید لە شنگال.

وەیس گوتی "10 ملیار دینار لە بانکی رەشید هەبوو، ئەویشیان لەگەڵ خۆیان بردووە".

مەحما خەلیل، قایمقامی قەزای شنگال بە (رووداو)ی راگەیاند، ئەو رۆژەی شنگال کۆنترۆڵ کرایەوە رۆژی هەینی بوو، ئەوان رۆژی دواتر دەستیان بە دەوامی ئاسایی خۆیان کردووە و ئاگاداری سەرجەم بەڕێوەبەر و فەرمانبەرەکانیشیان کردووەتەوە کە بگەڕێنەوە سەر کارەکانیان، بەڵام هەندێکیان هێشتا نەگەڕاونەتەوە.

سەبارەت بە ئیجرائات لەگەڵ ئەو بەڕێوەبەرانەی تاوەکو ئێستا نەگەڕاونەتەوە سەر کارەکانیان، مەحما خەلیل گوتی "دوای رەزامەندیی ئەنجوومەنی قەزای شنگال، ئێمە مووچەی ئەو بەڕێوەبەرانەمان راگرتووە، ئەگەر نەگەڕانەوە ئەوا فەسڵ دەکرێن".

قایمقامی شنگال ناوی هەندێک لە بەرپرسی ئەو فەرمانگانەی ئاشکرا کرد کە تا ئێستا دەوامیان نەکردووە، ئەوانیش بریتین لە بەڕێوەبەری فەرمانگەی تەندروستی، بەڕێوەبەری شارەوانی، شوێنەوار، پەروەردەی عەرەبی، کارەبا و ناسنامەی شنگال. گوتیشی "ئێمە ئێستا کار لەسەر ئەوە دەکەین کەسی دیکە لە شوێنیان دابنێین، ئەولەویەتیش بۆ کەسوکاری شەهیدانی شەڕی داعشە".



### داوای دەستەیەک دەکەن

# تورکمانەکان هێشتا بە تەمای گفتوگۆی پێکهێنانی حکومەتن

نەوزاد مەحموود
رووداو- سلێمانی

بەرپرسی پارتێکی تورکمانی لە هەرێمی کوردستان دەڵێت هێشتا گفتوگۆی پێکهێنانی کابینەی حکومەت لای ئەوان کۆتایی نەهاتووە "بڕیار بوو جارێکی دیکە دانوستاندن لەگەڵ ئێمە بکرێ و بەشداری حکومەت بکەین" بەڵام ئەو حکومەتەی ئەوان چاوەڕێی دەکەن، بەبڕوای پەرلەمانتارێکی پارتی لە کەشێکی قەیراناوییدا لەدایکبووە و قەیرانی دیکەش بەرۆکیان گرت "دەرفەت نەبوو پۆستەکانی تورکمان دیاری بکرێن".

بەڵام ژمارەی قەیرانەکان هەر چۆن زۆر و کاریگەر بن، پارتە تورکمانەکانی باشووری کوردستان بە رەوای نازانن لایەنە سەرەکییەکانی پێکهێنەری حکومەت، جێگەی ئەو پۆستانەی تورکمانەکان داوای دەکەن لە کابینەی حکومەت نەکەنەوە.

ئایدن مەعروف کە پەرلەمانتارێکی تورکمانە لە پەرلەمانی کوردستان و بەرپرسی نووسینگەی هەرێمی کوردستانی بەرەی تورکمانییە، باسی گفتوگۆکانی کاتی دروستکردنی ئەو کابینەیەی حکومەت دەکات و دەڵێت "بەڕێز نێچیرڤان بارزانی بەڵێنی پێدایـن، لە کابینەی حکومەتدا، دوو پۆستی گرنگمان پێبدرێت".

ئایدن مەعروف باسی ئەو پۆستانە دەکات کە بڕیار بوو بیاندرێتێ "بڕیاربوو دەستەیەک بۆ کاروباری تورکمانەکان دروست بکرێت و تورکمانێکیش بە پلەی وەزیر بکرێتە بەرپرسی ئەو دەستەیە". هەرچی پۆستی دووەمە، دانانی تورکمانێک بووە لە نێو ئەنجوومەنی وەزیران بۆ کاروباری تورکمانەکان "دەبوو ئەویش بە پلەی جێگری وەزیر دابمەزرێنرێ".

ئایدن مەعرووف دەڵێ نێچیرڤان بارزانی و شاندی پارتی خۆیان ئەو بەڵێنەیان پێداوین و کاروباری پەروەردە و رۆشنبیری و لایەنەکانی دیکەی ژیانی تورکمانەکان دەخوازێ "دەستەیەک هەبێ کاروباری تورکمانەکانی باشووری کوردستان رێکبخات و مادام وەزارەتێک نەدراوەتە تورکمانەکان یان پۆستێکی گرنگیان لە نێو ئەنجوومەنی وەزیران نییە، راوێژکارێکمان هەبێ".

پێکهێنانی ئەم کابینەیەی حکومەتی هەرێمی کوردستان، پرۆسەیەکی ئاڵۆز و پڕکێشە و گرفت بوو. بەهۆی بڕیاری بەشداری سێ لایەنە ئۆپۆزیسیۆنەکەی خولی رابردووی پەرلەمانی کوردستانەوە، چەند مانگێک شاندی دانوستانکاران هاتن و چوون. تورکمانەکانیش بەشێک لەو لایەنانە بوون گفتوگۆیان لەگەڵ کرا. کاتێکیش حکومەتەکە راگەیێندرا، شەڕی داعش سەری هەڵدا و پێشتریش گەرمارۆ داراییەکەی بەغدا بە تەواوی تەنگی بە حکومەت هەڵچنیبوو، هەر بۆیە چەند مانگێکی کەمی بەرێکرد و بەشێک لە لایەنەکان دەستیان بە رەخنەگرتن لەو حکومەتە کرد کە خۆیان تێیدا بوون و دۆخەکە تەواو ئاڵۆز بوو.

محەممەد سەعدەدین، ئەندامی پەرلەمانی کوردستان لەسەر لیستێکی تورکمانی بە نێوی گۆڕان و نوێبوونەوەی تورکمانی دەڵێ سەرژمێری و ئامارێکی بڕواپێکراو نییە پشتی پێ ببەسترێ، بەڵام رێژەی تورکمانەکانی عێراق زیاتر لە ملیۆنێکە و تورکمانەکانی هەرێمی کوردستانیش 10%ی تورکمانەکانی عێراق پێکدەهێنن ، بۆیە مەزەندە دەکات 200 هەزار تورکمان لە هەرێمی کوردستان بژین.

محەممەد سەعدەدین، دەڵێ "دەبێ گەڕێکی دیکەی دانوستاندنەکان لەگەڵ تورکمانەکان دەستپێبکاتەوە بۆ ئەوەی دەستەی کاروباری تورکمانەکان و راوێژکاری ئەنجوومەنی وەزیران بۆ کاروباری تورکمانەکان دیاری بکرێن". گوتیشی "هەرچەندە ئێمە داوای وەزارەتێکمان دەکرد بۆ کاروباری نەتەوەکانی دیکە، بەڵام پێیانگوتین دوای دەستبەکاربوونی حکومەت ئەو پۆستانە دیاری دەکرێن، کەچی وا هێشتا ئەوە دەنگی نییە لەکاتێکدا زیاتر لە ساڵێکە حکومەت پێکهاتووە".

فراکسیۆنە تورکمانییەکان پێنج کورسیان لە پەرلەمانی کوردستاندا هەیە، زۆربەی تورکمانەکانیش لە هەولێر دەژین هەرچەندە لە گەرمیان و بەتایبەتی کفری، ژمارەیەک خێزانی تورکمان دەژین. بەڵام لە شاری کەرکووک، ژمارەی تورکمانەکان دەژین. لە کابینەکانی پێشووشدا، بە وەرگرتنی یەکێک لە وەزارەتەکانی حکومەت بەشداریان کردووە.

بڕیاردەری فراکسیۆنی پارتی لە پەرلەمانی کوردستان، رەتیدەکاتەوە مەسەلەی پێدانی پۆستەکانی تورکمان لە کابینەی حکومەت کۆتایی هاتبێت "حکومەت تووشی زۆر کێشە هات و دواتریش تەنگەژەی دیکە هاتنە بەردەمی، هەر بۆیە ئەو پرسانە یەکلایی نەکرانەوە".

محەممەد عەلی یاسین، بڕیاردەری فراکسیۆنی پارتی لە پەرلەمانی کوردستان قەیرانی دارایی بە کێشەی سەرەکی بەردەم دانانی پۆستەکانی تورکمان دەزانێ بەو پێیەی دانانی دەستەیەکی دیکەیە و خەرجی زۆرتریان لەسەر شانی حکومەت دروستکردووە "بەڵام ئەو پۆستانە هێشتا لە بەرنامەدا ماون و یەکێکن لە بەرنامەکانی حکومەت"..



## بازرگانانی ئەمریکا دێنە کوردستان



**رووداو- هەولێر**

وەفدێکی بازرگانی ئەمەریکی لەلایەن کۆمەڵەی دۆستایەتی کوردی- ئەمەریکی و بە یاوەری بەیان سامی عەبدولڕەحمان، نوێنەری حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ئەمەریکا، سەردانی هەرێمی کوردستانیان کردووە و لەگەڵ بازرگانانی هەرێم کۆدەبنەوە. دارا جەلیل خەیات، سەرۆکی ژووره بازرگانییەکانی هەرێمی کوردستان بە (رووداو)ی راگەیاند، بڕیار وایە نیوەڕۆی ئەمڕۆ دووشەممە 2015/12/14 بە ئامادەبوونی بازرگانانی هەر سێ ژوورە بازرگانییەکەی هەرێمی کوردستان لەگەڵ ئەو وەفدە بازرگانییە ئەمەریکییە کە لە 25 بازرگان پێکهاتوون کۆببنەوە. خەیات گوتیشی "دوای نزیکەی 4 ساڵ ئەوە یەکەمجارە وەفدێکی ئەمەریکی لەو شێوەیە سەردانی کوردستان بکەن".

رووداو
ئابووری
ژمارە (387) دووشەممە 2015/12/14

# بنیاتنانی دیموکراسی لە هەرێمێکدا کە پشتی بە داهاتی نەوت بەستووە



دەیڤ ڤان زونن*

ساموێل هانتینگتۆن، هاودامەزرێنەری (فۆرین پۆلیسی- Foreign Policy ) و دامەزرێنەری بەناوبانگی پرۆسەی بەدیموکراسیکردن، لە یەکێک لە نووسینەکانیدا دەڵێت: بنەمای (باج نەدان بەبێ نوێنەرایەتی) داخوازییەکی سیاسی بوو، بەڵام دروشمی (نەبوونی نوێنەرایەتی بەبێ باج) زیاتر هاوشانە لەگەڵ واقیعی سیاسی زۆربەی وڵاتان لە دونیای هاوچەرخدا. ئەوەی کە هانتینگتۆن تێبینی کردبوو، بریتییە لەوەی کە بەبێ دانی باج، پاڵنەرێکی ئەوتۆ نادرێتە هاووڵاتیان تاوەکو داوای نوێنەرایەتی لە بڕیاری فەرمانڕەوایەتی بکەن. هەرێمی کوردستان ئاماژەیەکە بۆ ئەم لێکدانەوەیە و ئەوەش نیشانی دەدات کە چەندە ئەستەمە گەشەکردنی دیموکراسی لە سایەی ئابوورییەکی پشتبەستوو بە نەوت جێگەی خۆی بگرێت.

باج رۆڵێکی بنەڕەتی لە مێژووی پەرەسەندنی دیموکراسیدا بینیوە. لە ئینگلتەرا، بنەمای (باجنەدان بەبێ نوێنەرایەتی) لە کۆتایی سەدەی حەڤدەهەم لە ماوەی هەڵگیرسانی شۆڕش لەدژی پادشایەتی بووە هاواری خەڵک. واژۆکردنی یاسای مافەکان (The Bill of Rights) لە ساڵی 1689 لە دەرئەنجامدا بووە هۆی دامەزراندنی پەرلەمانێکی بەهێزی ئەوتۆ کە دەسەڵاتی جێبەجێکردن سنووردار بکات. بەهەمان شێوە، بووە پاڵنەری بەشداریی سیاسی و چەسپاندنی لێپرسینەوە لە پادشاکەیان کە دوای ئەوە پابەند کرا بەوەی پێش هەڵگیرساندنی شەڕ و زیادکردنی باج، یاخود لەخۆگرتنی تێچووە سەرەکییەکانی دیکە، دەبێ رەزامەندیی پەرلەمان وەدەستبێنێ. بەوەش دانی باج بەپێی رەزامەندیی پەرلەمان، نەوەک بە زۆرداری، هاتەکایەوە. شەڕی ئینگلتەرا لەگەڵ فەرەنسا لە ساڵانی دواتر سەلماندی کە خەڵک لاریی نییە لە دانی باجی زیاتر بەمەرجێک بتوانن قسەیەکیان هەبێت لەوەی کە ئەم داهاتە لەچیدا خەرج دەکرێت.

لە ماوەی ساڵانی جەنگدا لەگەڵ فەرەنسا، ئینگلتەرا توانی نزیکەی 30%ی داهاتی لەرێگەی باجی تاکەکەسەوە مسۆگەر بکات، کەچی فەرەنسا توانی تەنیا 12% مسۆگەر بکات. بەم چەشنە ئینگلتەرا باڵادەستییەکی بەرچاوی بەسەر فەرەنسادا بەدەستهێنا و لە دەرئەنجامدا بووە یەکەم وڵات کە سەروەریی یاسا و بیرۆکراسیەت و لێپرسینەوە لە یەک پاکێجی دەوڵەتدا کۆبکاتەوە. پێکەوەبەستنەوەی ئەو سێ چەمکە (توخمە) وڵاتێکی ئەوەندە بەهێز و شیاوی بۆ گەشەی ئابووری دروستکرد کە هێندەی پێنەچوو بووە مۆدێلێک بۆ سەرانسەری جیهان و لە ئەمریکاش لاسایی کرایەوە.

**مووچەی حکومەت بووەتە داهاتێکی ئەوەندە ئاسان کە هیچ پەیوەندییەکی بە پێویستیی بەرهەمهێنانی راستەقینەوە نەماوە**

بۆیە پەیوەندییەکی گرنگ هەیە لە نێوان داهاتی وڵات و دروستکردنی دەوڵەت کە تێیدا ئاستی پشتبەستنی ئابووریی دەوڵەت وێنای هەڵسوکەوتی حکومەت و پەیوەندیی نێوان دەوڵەت و کۆمەڵگا دیاری دەکات. بەو مانایە بێت، حکومەتی هەرێمی کوردستان جیاوازە لە زۆربەی مۆدێلە دیموکراسییەکان، چونکە بۆ زیاتر لە 90%ی بودجەکەی پشت بە نەوت دەبەستێ. ئەو جۆرەی داهات بەشێوەیەکی راستەوخۆ لەلایەن حکومەتەوە مسۆگەر دەکرێت و وا لە حکومەت دەکات کە تەمویلی کارەکانی خۆی بکات بەبێ گەڕانەوە بۆ کۆکردنەوەی باج لە هاووڵاتیان. ئەوەش وا لە هاووڵاتی دەکات کە پشت بە دەوڵەت ببەستێ و دواتر دەبێتە هۆی پچڕاندنی پەیوەندیی نێوان کۆمەڵگا و حکومەت و پچڕاندنی پرۆسەکانی دیموکراسیەت.

لە دۆخی ئاساییدا، داهاتی دەوڵەت پشت بە داهاتی هاووڵاتیانی دەبەستێ، بەڵام لە هەرێمی کوردستاندا دۆخەکە پێچەوانەیە و داهاتی هاووڵاتیان پشت بە داهاتی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەبەستێ. لەبری ئەوەی بەشێکی بودجەی حکومەت لە ئابووریی ناوخۆ دەربهێنرێت، کەچی نزیکەی تەواوی بودجەی حکومەت دەچێتە ناو ئابووریی ناوخۆوە، دوای ئەوەی بە حکومەتی هەرێمی کوردستاندا تێپەڕ دەبێت. تەنیا رێگاش بۆ ئەوەی هاووڵاتیان دەستیان بگاتە ئەو داهاتە، بریتییە لە دامەزراوەکانی حکومەت. ئەمەش رۆڵێکی زیاد لە پێویست ناوەندیانە و بەهێز لە بواری ئابووری دەداتە حکومەتی هەرێمی کوردستان کە تێیدا کاری سەرەکی بریتییە لە دابەشکردنی داهاتی نەوت.

ئەمە دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی تۆڕی زەبەلاحی خزم خزمێنە (نیپۆتیزم) و هاوڕێیەتی (کرۆنیزم) لە نێو دامەزراوەکانی حکومەتدا. لە هەرێمی کوردستان، دروستکردنی کار و دامەزراندنی فەرمانبەر بوونەتە ئامانج، چونکە مووچەی حکومەت بووەتە داهاتێکی ئەوەندە ئاسان کە هیچ پەیوەندییەکی بە پێویستیی بەرهەمهێنانی راستەقینەوە نەماوە. لەوکاتەی کە نزیکەی 50%ی هێزی کار لەلایەن حکومەتەوە دامەزرێنراون و زیاتر لە یەک ملیۆن خەڵک مووچەیان لەسەر داهاتی حکومەتە، دەکرێت ئەو خەمڵاندنە بکرێت کە داهاتی هەموو خێزانێک لە کوردستان بە جۆرێک لە جۆرەکان لە ژێر کاریگەریی حکومەتدایە. سەرەڕای ئەوە، تەنانەت کەرتی تایبەت و گرنگی وەک بنیاتنان بەزۆری پشت بە گرێبەستی حکومی دەبەستێ.

زۆر ئەستەمە پێشبینی بکرێت کە دیموکراسییەکی تەندروست چۆن دەتوانێ

**لە دۆخی ئاساییدا، داهاتی دەوڵەت پشت بە داهاتی هاووڵاتیانی دەبەستێ، بەڵام لە هەرێمی کوردستاندا دۆخەکە پێچەوانەیە**

بێتە ئاراوە لە سیستەمێکی ئابووریدا کە بە زیادەوە پشتی بە حکومەت بەستووە. لەوکاتەی کەسێک رەخنە لە حکومەت بگرێت، ترسی لەدەستدانی داهاتەکەی هەبێت. بژارەی عەقڵانیی تاکەکەسەکان لەم دۆخەدا بەشێوەیەکی ئاسایی وا دەکات کە خۆ لەگەڵ سیستەمەکە و لێسوودمەندبوون لێی تەریب بکات، لەجیاتی ئەوەی بەرەنگاری ببێتەوە. پێویست بە گوتن ناکات گرێبەستێکی کۆمەڵایەتی کە وا دەکات حکومەتی هەرێمی کوردستان خۆی لە لێپرسینەوە لە بەرامبەر پێدانی مووچە و خزمەتگوزاریدا دەرباز بکات، لە بنەمادا پێچەوانەی خواستە دیموکراسییەکانی هەرێمی کوردستانە.

بەدڵنیاییەوە، لە دیداری مێریی ئەمساڵدا، سەرکردایەتی حکومەتی هەرێم بەشێوەیەکی ناڕاستەخۆ دانیان بە لاوازیی دەسەڵاتەکانی پەرلەمان و نەبوونی سیاسەتێکی گشتگیر لەلایەن پارتە سیاسییەکانەوە نا. کە نرخی نەوت لە سەرووی 100 دۆلارەوە دابەزی بۆ تەنیا 40 دۆلار و بەغدا بەشە بودجەی هەرێمی کوردستانی بڕی، تۆڕی زەبەلاحی مووچەخۆران هەژا. ئاستی داهات لە نێوان ساڵی 2013 بۆ 2014 بۆ نزیکەی 50% دابەزی، لەو کاتەی کە خەرجییەکانی وەک مووچە و دەرماڵە و پاڵپشتییەکانی خزمەتگوزاری (subsidies) وەک خۆیان ماونەتەوە. لەو کاتەی کە هیچ داهاتێکی ئەوتۆ بۆ فرەییکردنی سەرچاوەکانی داهات لەبەردەستدا نییە، بە تەنیا لە ساڵی 2014 بەشێوەیەکی خێرا کورتهێنانی بودجە گەیشتە نزیکەی هەشت تریلیۆن دیناری عێراقی.

لە دەرئەنجامدا، لەو کاتەی حکومەتی هەرێمی کوردستان هەوڵ دەدات بۆ پاراستنی سنوورەکانی و دابینکردنی خزمەتگوزاری بۆ شەپۆلی ئاوارە و پەنابەران، لەوکاتەی کە چیتر نەتوانرا مووچە لە کاتی خۆی بدرێت، پچڕانی کارەبا زیادی کرد.

کەواتە، پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان چی بکات بۆ رووبەڕووبوونەوەی قەیرانی دارایی؟

وەک هەنگاوی یەکەم، پێویستە حکومەتی هەرێم دامەزراندن لە کەرتی گشتی بەهەموو شێوەیەک رابگرێت. بە وجودی 700 هەزار فەرمانبەر، بەدڵنیاییەوە بوار دەبێت بۆ گواستنەوەی فەرمانبەران لە کاتی هەبوونی هەر بۆشاییەک لە شوێنێکی دیکە.

دووەم، پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان توانای دامەزراوەکان بەرز بکاتەوە، ئەویش بە گرتنەبەری رێکاری جیاواز لە بەرامبەر ئەو فەرمانبەرانەی کە پێویست نین. ئەمەش بە نەهێشتنی فەرمانبەری یەدەگ و گونجاندنی دەرماڵە بەگوێرەی پێویست.

سێیەم، کەمکردنەوەی زێدەخەرجی و پاڵپشتییەکان، بۆ خاتری هاوسەنگکردنی خەرجی و داهات. توێژینەوەی پێشووتری ئینستیتوتی مێری دەریدەخات کە هاووڵاتیان، بەهەمان شێوە ئاوارەکانیش، ئامادەن تێچووی خزمەتگوزارییەکانی وەک کارەبا لە ئەستۆ بگرن، ئەگەر ئەو کارە ببێتە هۆی باشترکردنی خزمەتگوزاری.

سەرەڕای ئەم رێکارانەش، پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان دەست بکات بە دانانی بناغەی ژێرخانێک کە لەتوانایدا بێت زانیاریی ئەوتۆ دەربارەی کەرتی تایبەت کۆبکاتەوە بۆ ئەوەی سیاسەتی پشتئەستوور بەو زانیاریانە پەیڕەو بکات و توانای شیاو بۆ داهاتوو بەرهەم بهێنێ. بۆ نموونە، رێکخستنی بازاڕی کار لە کەرتی تایبەت لەرێگەی یاساوە بۆ ئەوەی رێگە بە دامەزراندنی نافەرمی بەو شێوەیەی کە ئێستا هەیە نەدات.

لە کۆتاییدا، چارەسەرێکی ریشەیی بۆ کەموکورییە دارایی و دیموکراسییەکانی هەرێمی کوردستان پێویستە، ئەویش بە پشتبەستن بە فرەییکردنی سەرچاوەکانی داهات. حکومەتی هەرێمی کوردستان پێویستی بە سەرچاوەی داهاتێکی جێگیر و خولاوە هەیە، هاوشان لەگەڵ سوود وەرگرتن لە داهاتی فرۆشتنی نەوت. وەرگرتنی باج لە کەرەستە (commodity-tax) و موڵکی ئەهلی یاخود باجی دەرامەت (income tax) دەبێتە هۆی دابینکردنی بەشێکی زۆری بودجەی حکومەتی هەرێمی کوردستان و دەبێتە

**پەیوەندییەکی گرنگ هەیە لە نێوان داهاتی وڵات و دروستکردنی دەوڵەت**

هاندەرێک بۆ حکومەت بۆ زیادکردنی بەرهەم لە کەرتی تایبەت بە بەردەوامی. لەهەمووی گرنگتر، وەرگرتنی باج دەبێتە هۆی دروستبوونی گرێبەستێکی کۆمەڵایەتی نوێ لە نێوان حکومەت و کۆمەڵگا کە زۆرتر هاوچەشنە لەگەڵ ئەو بەها دیموکراسیانەی حکومەتی هەرێمی کوردستان شانازییان پێوە دەکات. ئەوانەش بەو مەرجە دابهێنرێن کە حکومەت بە شەفافیەت مامەڵە لەگەڵ شێوازی خەرجکردنی داهات و بودجە بکات و هەوڵ بدات متمانەی خەڵک وەدەست بهێنێ.

*** دەیڤ ڤان زونن، توێژەر لە ئینستیتوتی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ توێژینەوە**

**سەرچاوە: ماڵپەڕی ئینستیتوتی مێری**
**www.meri-k.org**

# پارەکانیان بۆ کڕینی شوقە و خانوو دەبەنە تورکیا

## گوتەبێژی یەکێتی وەبەرهێنەران:

## لە تەلەفزیۆنی فەرمیی تورکیاوە بڵاوکرایەوە کە 1450 سەرمایەداری کورد لەوێ موڵکیان کڕیوە

پشتیوان جەمال
رووداو- سلێمانی

یەکێتی وەبەرهێنەرانی کوردستان هۆشداری دەدات لە کۆچی سەرمایەدارانی هەرێمی کوردستان بۆ وڵاتانی دەرەوە و بەتایبەتیش تورکیا. گوتەبێژی یەکێتی وەبەرهێنەران دەڵێت "لە تەلەفزیۆنی فەرمیی تورکیاوە بڵاوکرایەوە کە زیاتر لە 1450 سەرمایەداری کورد یەکەی نیشتەجێبوونیان لەو وڵاتە کڕیوە".

بەهۆی ئەو قەیرانە سیاسی و داراییەی لە سەرەتای 2014ەوە رووی لە هەرێمی کوردستان کردووە، ژمارەیەکی زۆر وەبەرهێنەری هەرێمی کوردستان بۆ کارکردن چوونەتە دەرەوەی وڵات. شارەزایەکی ئابووری جگە لەوەی ئەو کۆچکردنە بە مەترسی بۆ ئایندەی کوردستان دەزانێت، لەهەمانکاتیشدا دەڵێت "سەرمایەدار ترسنۆکە، سەرمایەکەی لە ژینگەی نالەباردا ناخاتەگەڕ".

### ئیقامە بەرامبەر پرۆژە

یاسین مەحموود، گوتەبێژی یەکێتی وەبەرهێنانی کوردستان بە (رووداو)ی راگەیاند، ماوەی نزیکەی دوو ساڵە حکومەتی تورکیا سیاسەتێکی نوێی ئابووری بۆ راکێشانی وەبەرهێنەری بیانی پەیڕەو دەکات بە ئامانجی بەرزکردنەوەی خواست لەسەر زەوی‌وزار و باڵەخانەی بازرگانی و یەکەی نیشتەجێبوون.

یاسین مەحموود دەڵێت "بەپێی ئەو سیاسەتە نوێیە، هەر بیانییەک زەوی بکڕێت یاخود پڕۆژەیەک بکات، دەستبەجێ لەسەری تۆمار دەکەن و مافی نیشتەجێبوونی پێدەدەن، بەو شێوەیەش جووڵەی بازرگانی لە وڵاتەکەیاندا پێشدەخەن".

ئەو سیاسەتە نوێیەی تورکیا کاریگەری لەسەر هەرێمی کوردستان هەبووە و ئێستا بەشێک لە سەرمایەداران و تەنانەت هاووڵاتی ئاسایی، سوود لەوە وەردەگرن بۆ بەدەستهێنانی مافی مانەوە لەو وڵاتەدا.

یاسین مەحموود گوتی "بەپێی ئامارێک کە لە تەلەفزیۆنی فەرمیی تورکیاوە بڵاوکرایەوە، لەدوای قەیرانەکانەوە تائێستا زیاتر لە 1450 سەرمایەدار و هاووڵاتیی ئاسایی لە هەرێمی کوردستان کە هەندێکیان خاوەنی تەنیا 100 هەزار دۆلارن، یەکەی نیشتەجێبوونیان لە تورکیا کڕیوە و بەو هۆیەشەوە مافی نیشتەجێبوونیان وەرگرتووە".



### پڕۆژەی دوو ملیار دۆلاری لە دەرەوە

گوتەبێژەکەی یەکێتی وەبەرهێنان مەترسیی زیاتری خۆیانی نیشان دا لە کۆچکردنی وەبەرهێنەرانی کورد بۆ وڵاتانی دراوسێ یاخود رەوانەکردنی سەرمایەکانیان بۆ بانکەکانی دەرەوە و گوتی "بەدڵنیاییەوە بەهۆی ئەو بارودۆخەوە هیچ وەبەرهێنەرێکی کوردستان نییە پارەی لە بانکەکانی دەرەوە دانەنابێت، ئێستا بە دەیان ملیۆن دۆلار چووەتە دەرەوە".

یاسین مەحمود نموونەی دیکەی سەبارەت بە خستنەگەڕی سەرمایەی هەرێمی کوردستان لە دەرەوە ئاشکرا کرد و گوتی "وەبەرهێنەر هەیە لە شاری سنەی رۆژهەڵاتی کوردستان کارگەی بە بڕی 300 ملیۆن دۆلار دروستکردووە، وەبەرهێنەرە باشەکانمان زۆربەیان لە دەرەوەی وڵات پڕۆژەیان کردووە و هەیانە بایی نزیکەی دوو ملیار دۆلار پڕۆژەی کردووە کە ئەوەش کارەساتێکی گەورەیە بۆ هەرێمی کوردستان".

### پڕۆژەکانی سلێمانی وەستاون

فەرمان غەریب، بەڕێوەبەری گشتی وەبەرهێنان لە سلێمانی لای خۆیەوە رایگەیاند کە بەهۆی ئەو قەیرانەوە لە سنووری پارێزگای سلێمانی نزیکەی 20 پڕۆژەی گەورە راوەستاون، لەوانەش کارکردن لە شەش کارگەی چیمەنتۆ. گوتیشی "چەندین کارگەی دیکە بە نووسراوی فەرمی ئاگاداریان کردووینەتەوە کە ئەو کۆمپانیا بیانییانەی بڕیار بووە بێن کاریان لەگەڵدا بکەن، نامەیان ناردووە و گوتوویانە بەهۆی بارودۆخی کوردستانەوە ناتوانن کار بکەن".

هەر بە گوتەی فەرمان غەریب، کارکردن لە چەند پڕۆژەیەکی نیشتەجێبوونیش بەهۆی نەدانی قیستەکانیانەوە لەلایەن هاووڵاتیانەوە، وەستاوە.

پسپۆڕان و شارەزایانی بواری ئابووری دوو شرۆڤەی جیاوازیان بۆ کۆچکردنی سەرمایەدارانی هەرێمی کوردستان بۆ دەرەوەی وڵات هەیە. ئیدریس رەمەزان کۆچەر مامۆستای ئابووری لە زانکۆی سەلاحەددین بە (رووداو)ی راگەیاند، هۆکارێکی سەرەکی کۆچکردنی وەبەرهێنەران بۆ دەرەوە نەبوونی متمانەیە بە ئایندەی سیاسی و ئابووریی هەرێمی کوردستان و ئەو ناسەقامگیرییەی لە هەرێمی کوردستاندا هەیە.

ئەو گوتی "لە زانستی ئابووریدا سەرمایەدار بە کەسێکی ترسنۆک دادەنرێت کە لە ژینگەی نالەباردا سەرمایەی خۆی ناخاتەگەڕ".

بەبۆچوونی ئەو ئابووریناسە، کۆچکردنی ئەو سەرمایەدارانە بۆ ئایندەی هەرێمی کوردستان مەترسیدارە "لەلایەکەوە قەیرانی دارایی کێشەی نەختینەی دروستکردووە و کۆچکردنی سەرمایەدارانیش بۆ وڵاتانی دەرەوە دەبێتە هۆی ئەوەی کە سەرمایە لەنێوخۆی وڵاتدا بەرەو کەمبوونەوە بڕوات، ئەوەش کار دەکاتە سەر داهاتی نەتەوەیی و تەنانەت تاکەکەس، بۆیە ئەگەر رێگرییان لێنەکرێت مەترسییەکی زۆر گەورەیە بۆ هەرێمی کوردستان".

### خانووی کرێ بۆ عەرەب نییە

بەهۆی داگیرکردنی هەندێک لە ناوچەکانی عێراق لەلایەن چەکدارانی داعشەوە، لە ساڵی رابردووەوە بە سەدان هەزار ئاوارەی عەرەب روویان لە ناوچەکانی هەرێمی کوردستان کردووە و هەندێکیشیان خانوو و یەکەی نیشتەجێبوونیان کرێ، بەڵام گوتەبێژی یەکێتی وەبەرهێنەران گلەیی لە دەزگا ئەمنییەکان هەیە کە ئێستا رێگری دەکەن لە بەکرێدانی یەکەی نیشتەجێبوون بەو عەرەبانە.

یاسین مەحموود گوتی "بەداخەوە لەلایەن دەزگا ئەمنییەکانەوە رێگە نادەن یەکەی نیشتەجێبوون بە کرێ بە عەرەب بدەین، ئەوە سیاسەتێکی زۆر خراپە و کاریگەریی لەسەر بووژانەوەی ئابووریی هەرێمی کوردستان هەیە، لەو کاتەدا ئەوانیش سەرمایەکانیان بۆ تورکیا و وڵاتانی دیکە رەوانە دەکەن کە بە دەیان ملیار دۆلار مەزەندە دەکرێت، بۆیە داواکارین دەزگا ئەمنییەکان بەو بڕیارەدا بچنەوە".

# کریستیانێک فەرماندەی لیوایەکی پێشمەرگەیە

## لیوا ئێود قەیس نهێلی: 40 ساڵە پێشمەرگەم

ناسر عەلی
رووداو- بەنداوی مووسڵ

هەتا پرسیار نەکەی هەست ناکەی کریستیانە، زۆربەی پێشمەرگەکانی و تەنانەت پاسەوانە تایبەتەکانیشی کوردن. لیوا ئێود قەیس دەڵێت ئەو تاکە کریستیانە لە کوردستان پلەکەی لە نێو هێزی پێشمەرگەدا گەیشتبێتە فەرماندەی لیوا.

نهێلی، پتر لە 40 ساڵە پێشمەرگەیە، ئێستاش لە میحوەری بەنداوی مووسڵ، شەڕ لە دژی هێزێک دەکات کە هاوئاینەکانی ئەوی لەسەر ماڵ و حاڵیان دەرپەڕاندووە، نهێلی دەڵێت: "بەڵام لەنێو هێزەکانی پێشمەرگەدا هیچ جیاوازییەک نییە" و وەکو هەر پێشمەرگەیەک پلەکانی پێشمەرگایەتی بڕیوە، تاوەکو بووەتە فەرماندەی لیوا لە هێزی زێرەڤانی.

ئەو فەرماندەیە هەروەها گوتی "مادام تۆ لە کوردستان بژیت، جا موسڵمان، کریستیان، جوو و ئێزدی و سەر بە هەر ئاینێک بیت، یەک دوژمنی هاوبەشت هەیە. دوژمنانی کورد بە درێژایی مێژوو، لە خاپوورکردندا هیچ جیاوازییەکیان لە نێوان مزگەوت و دێر و کڵێسادا نەکردووە".

### نارنجۆک دەخەنە ماڵیان

خێزانەکەی نهێلی لە گوندی درگن لە دەڤەری نهێلیی سەر بە قەزای ئامێدی، لە حەفتاکانی سەدەی رابردوودا بڕیار دەدەن شانبەشانی موسڵمانانی ناوچەکە چەک هەڵبگرن و ببنە پێشمەرگە.



"40 ساڵە پێشمەرگەم. من و 15 کەسی بنەماڵەکەمان لە سەرەتای حەفتاکاندا بووینە پێشمەرگە، چونکە ئەوکات دەمانزانی رژێمی سەدام تەنیا دوژمنی کورد نییە، بەڵکو دوژمنی هەموو بێکهاتەکانی عێراقە. بەڵام چەک هەڵگرتنی ئێمە باجی خۆی هەبوو، رژێمی بەعس نارنجۆکێکی فڕێدایە ماڵمان و پێنج کەسی بنەماڵەکەمان شەهید بوون".

بەشداریی کریستیانەکان لە شۆڕشەکانی کوردستان و بە تایبەتی لە شۆڕشی ئەیلولدا، ئەگەر کەمیش بووبێ، بەڵام بەشدارییەکی دیار بووە. نهێلی دەڵێت، پێشمەرگە کریستیانەکان بەشداریی چەندین شەڕیان کردووە و قوربانی زۆریشیان داوە "باوکم لە شۆڕشی ئەیلولدا بریندار بووە، چەندین کریستیانی ناوچەکەشمان لە شەڕدا شەهید و بریندار بوونە".

بەپێی ئامارەکان، ساڵی 1980 ملیۆن و نیوێک کریستیان لە عێراق و هەرێمی کوردستاندا هەبوون، بەڵام لەبەر رەوشی ئەمنی و شەڕەکانی عێراق، ئێستا تەنیا 500 هەزار کریستیان ماون کە 95%یان لە باشووری کوردستانن.

ئەو فەرماندەیە باسی پێکەوەژیانی کورد و کریستیان دەکات لە هەرێمی کوردستان و دەڵێت "بەدەیان گوند و ناوچە لە سنووری پارێزگای دهۆک و هەولێر و کەرکووک هەن کە کریستیانن، هەر لە کۆنەوە هەتا ئێستا پەیوەندی زۆر بەهێزمان لەگەڵ کورد و پێکهاتەکانی کوردستاندا هەبووە. نەک تەنیا لە ریزەکانی پێشمەرگەدا، بەڵکو لەسەر ئاستی سیاسی و حکومیش، پێگەی کریستیانەکان لە هەرێمی کوردستان زۆر دیارە و رۆڵی زۆر باشیان پێدراوە".

### یەکەم کریستیانە دەگاتە ئەو پلەیە

هەرچەندە کریستیانەکان بە درێژایی شۆڕشەکانی کورد لە ریزەکانی پێشمەرگەدا هەبوون و ئێستاش هەن، بەڵام نهێلی تاکە کریستیانە کە گەیشتبێتە پلەیەکی باڵای سەربازی کە فەرماندەی لیوایە و نزیکەی ساڵێکە ئەو پلەیەی وەرگرتووە.

ئەو گوتی "هیچ جارێک هەستم نەکردووە هیچ جیاوازییەک لە نێوان من و پێشمەرگەیەکی موسڵمان یان ئێزدیدا بکرێ، هەر کاتێک پلەی پێشمەرگە بەرز کرابێتەوە، پلەکەی منیش بەرز کراوەتەوە و ئێستا فەرماندەی لیوام". گوتیشی "چەندین پێشمەرگەی دیکەی کریستیان پلەی ملازم و نەقیب و رائیدیان هەیە، بەڵام من تاکە پێشمەرگەی کریستیانم کە پلەی لیوام هەبێت".

### پاسەوانەکانی کوردن

زۆربەی پێشمەرگەکانی لیواکەی ئێود کوردن، چەند پێشمەرگەیەکی کریستیانیش لە لیواکەی ئەودا هەن، بەڵام ئەو هیچ جیاوازییەکیان لە نێواندا ناکات و بگرە پاسەوانە تایبەتەکانیشی کوردن.

ئەو دەڵێت "متمانەیەکی زۆرم بە پێشمەرگەکان هەیە. من کەمتر لە هەموو ئامر لیواکانی دیکە پاسەوانم هەیە، پێشمەرگە موسڵمانەکان لە پێشمەرگە کریستیانەکان زۆرتر رێزم دەگرن. تەنیا دوو پاسەوانم هەن، ئەوانیش کوردن نەک کریستیان، زۆر متمانەم پێیانە، هیچ کاتێک بیرم لەوە نەکردووەتەوە کە پاسەوانەکانم بکەم بە کریستیان".

لیوا ئێود ئێستا لەگەڵ لیواکەی لە گوندی وانکێ لە میحوەری بەنداوی مووسڵ سەنگەری لە چەکدارانی داعش گرتووە. ئەو دەڵێت "لەسەرەتای شەڕی داعشەوە لە ئەرکداین، تاوەکو ئێستا لە چوار میحوەر شەڕی داعشمان کردووە. تاوەکو یەک چەکداری داعش مابێت، شەڕ دەکەین و بەرگری لە خاکی کوردستان دەکەین".

لە کاتێکدا ئێود و هاوڕێکانی شەڕی داعش دەکەن، لەولاوە ژمارەیەک کریستیان زێدی خۆیان جێدێڵن و روو لە ئەوروپا و ئەمریکا دەکەن. لیوا ئێود زۆر دڵگران دەبێ کاتێک گوێی لە کۆچی کریستیانەکان دەبێت و دەڵێت "بەڕاستی زۆر دڵگران دەبم کاتێک گوێم لێدەبێ کە دەڵێن کریستیانێک زێدی خۆی جێهێشت، داوایان لێدەکەم واز لە کۆچکردن بێنن، چونکە دڵنیابن لە ئایندەدا 100% پەشیمان دەبنەوە".

هەڤاڵ و هاورۆ لەیەک سەنگەردا

# داعش لە حەسەکە، یەپەگە و سوتۆرۆ و سەنادید کۆدەکاتەوە

جەیدا کاران

حەسەکە یەکێکە لە گەرمترین بەرەکانی شەڕ لەدژی داعش. بۆ تێکشکاندنی ئەو گرووپە، هێزەکانی سووریای دیموکرات و سوپای سووریا شەڕی دەستەویەخە دەکەن. کینۆ جبرائیل، رێبەری شەڕڤانە سریانەکانی ئەو ناوچەیە دەڵێت "لەگەڵ هەموو گرووپەکان بەیەکەوەین. چونکە چارەنووسمان هاوبەشە".

حەسەکە، گرنگترین شارە لە باکووری رۆژهەڵاتی سووریا کە دەکەوێتە سەر سنووری عێراق و کورد بە "رۆژئاوا" ناوی دەبەن. لەم رۆژانەی دواییدا گەرمترین بەرەی شەڕە لەدژی داعش. بەرەی باشووری حەسەکە کلیلی لۆجستیکی پێکەوە بەستنەوەی ناوەندی داعشە لە رەققە و عێراق. لە کۆتایی حوزەیران و سەرەتای تەمموزدا چەکدارانی داعش دزەیان کردە ناو گەڕەکەکانی حەسەکە. بەڵام ئێستا هەندێک گەڕەکی شارەکە لەدەستی سوپای سووریا و هەندێکی دیکەشی لەدەستی هێزەکانی سووریای دیموکراتدایە. داعشیش بەرەو باشوور کشاوەتەوە. لەو ساتانەدا "دەست بۆ یەکتر نەبردن" دەکەنە بنەما.

هێزەکانی سووریای دیموکرات بەو هێزانە دەگوترێ کە لەو گۆڕەپانە لەگەڵ رۆژئاوا هەماهەنگییان هەیە و پتر بە عەلمانی ناسراون، یەکینەکانی پاراستنی گەل کە هێزێکی کوردییە و بە (یەپەگە) ناسراوە، سەرکردایەتی ئەو هێزانە دەکات کە هێزی ئاسایشی سریانەکان (سوتورۆ) و سەنادیدی سوننە عەرەبەکان و گرووپی عەشیرەتەکان لەخۆ دەگرێت. ئەم هێزانە لەلایەن ئەنجوومەنێکی سەربازیی 6 کەسی سەرکردایەتی دەکرێن. ئەو هێزە لەناوچەی هۆل لەسەر سنووری عێراق سەرکەوتنی گەورەیان بەسەر داعشدا تۆمار کرد. لەبەرەی حەسەکەش گوندەکان پاک دەکەنەوە.

ئەمریکا لەناوەڕاستی مانگی تشرینی یەکەمی ئەمساڵدا 50 تەن چەک و تەقەمەنی بۆ ئەو هێزە لە ئاسمانەوە بەردایەوە، پاشانیش بە رێگای زەمینی هاوکاریی بۆ ناردن. ئەو چەکە چەند بوو بۆ کێی نارد؟ ئەوە نهێنییەکی هاوبەشە. بەدرێژایی بەرەی شەڕ لە باشووری حەسەکە، سەنگەرەکانی یەپەگە و سوتۆرۆ هەن. لە رۆژهەڵاتیش سەنگەری سەنادیدەکانە.

### سوتۆرۆ

لە بەرەی باشووری حەسەکە، بە پاسەوانیی سێ ئەندامی سوتۆرۆ لەگەڵ کینۆ جبرائیل گوتەبێژی ئەنجوومەنی سەربازیی سریانی دەسوڕێینەوە. کینۆ ئینگلیزییەکی باش دەزانێ، بەوپێیەی لە حەلەب لەبواری ددانسازی دەیخوێند. ئەو دەڵێت "ناچاربووین میللەتەکەمان بپارێزین. لە قامیشلۆوە دەستمان پێکرد. باڵەکانی دیکە لە قەحتانیە، تربەسپی، دێرک و حەسەکە دامەزران. ئێمە لەنێوان رژێم و ئۆپۆزیسیۆندا بێلایەنین، ئامانجمان پاراستنی ناوچەکەمانە. دواتر گرووپێک لە ئێمە جیابوونەوە و بەناوی سوتورۆ لەگەڵ رژێم دەستبەکاربوون. ئەوان هێشتا پارچەیەکی میللەتەکەمانن. شەڕی ناوخۆیی ناخوازین. ئێمە تەنیا ناوچەکەمان دەپارێزین، ئەوانیش ئەو ئەرکەی رژێم پێی سپاردوون بەجێدەگەیێنن. لەهەندێک گەڕەک هەبوون، لێیاندان. ئێمە شوێنی ئەوانمان گرتەوە".

### تورکیا سنووری بەڕوودا داخستین

کینۆ، لەوکاتەی باسی هەڵاتنی سوپای تورکیا لە گوندە کریستیانەکان دەکات، جەخت لەوە دەکاتەوە کە ئەوان لە دەوروبەری خابوور 34 گوندیان لەدەستی داعش رزگار کردووە. ژمارەی چەکدارەکانی سوتۆرۆ بە 1000 کەس مەزەندە دەکات و دەڵێت "لەگەڵ هەموو گرووپەکان بەیەکەوە کاردەکەین، کورد بێ یان عەرەب. چونکە چارەنووسمان هاوبەشە. لە ئەنجامدا ناچارین بەیەکەوە بژین. ناچارین پەیوەندی باش دروست بکەین، لە ئێستاوە دەستپێدەکەین".

سەبارەت بە تورکیا پرسیاری لێدەکەم، ئەو دەڵێت "ئەگەر تورکیا لەناو هاوپەیمانێتی نێودەوڵەتیشدا بێت، ئەولەویەتەکانی جیاوازە. ئەو لە دژی داعش نییە، لە دژی کوردە. ئەو کاتەی گرێ سپی لەدەستی داعشدا بوو، رێگای ئاکچەقەڵا کراوەبوو، هەموو شتێک تێدەپەڕی. بەڵام کاتێک ئێمە گرێ سپیمان گرتەوە، رێگایان گرت. ئەمەش جۆرە پشتگیرییەکە لەداعش".

### هەڤاڵ و هاورۆ

بەرەو گەڕەکەکانی دەرەوەی باشووری حەسەکە دەڕۆین. گوندەکان کە 3- 4 کیلۆمەتر لە یەکتر دوورن، سووتاون و خاپوور کراون. بەشێک لەو رێگای ئاسنەی بەنێوانیاندا دەڕوات، تێکدراوە. پردەکان لە چاوت دەچەقن. لەوێ کورد بە "هەڤاڵ" و سریانەکانیش بە "هاورۆ" بانگی یەکدی دەکەن. لەسەر رێگای نێوان عەریشیە و تلتەمر رووبەڕووی "هاورۆ"یان دەبینەوە. سەنگەری ئەوان تەنیا 700 مەتر لە داعش دوورە. لە گوندی ئەلبەشیر دەگیرسێینەوە. لە گوندەکانی دیکەش سەنگەری "هەڤاڵان" دیارە. "هاورۆ" دەڵێن زۆربەی شەڕەکان لە کاژێرەکانی بەرەبەیاندا لە نێوان 4-6 روودەدات. داعش لە هێرشەکاندا زۆرتر پەنا بۆ چاندنی مین و هێرشی خۆکوژی دەبات.

### بۆچی دەبنە سوتۆرۆ؟

یەکێک لەوانەی بەشدارییان لە هەڵمەتی رزگارکردنی هول کردووە، ناوی ژولیانە و تەمەنی 23 ساڵە. بەر لە شەڕ لە حەسەکە لە کافێیەک کاری دەکرد و لەهەمانکاتدا دەیخوێند. ژولیان دەڵێت "بۆ ئەوەی نیشتمان و گەلی سریانی بپارێزم هاتمە ریزەکانی سوتۆرۆ".

لەو شەڕەدا پێنج کەس کوژرابوون. هێشتا خێزانەکەی لە حەسەکە دادەنیشن. بۆ دوای شەڕیش لەناو سوپا دەمێنێتەوە و خێزان پێکدێنێ. هانیباڵ فەرماندەی سەنگەرەکەیە و تەمەنی 29 ساڵە. بەر لەشەڕ بازرگان بووە. لەبارەی هۆکاری بەشداریکردنی لەشەڕدا دەڵێت: "بۆ پاراستنی خاک و میللەتم. سەرەتا لەدژی بەعس بەشداریم لەشەڕدا کرد، بەڵام دەبێت داعش لەناو ببەین کە لە بەعس مەترسیدارترە. هەموو هەوڵێکمان بۆ رزگارکردن و ئازادکردنی ناوچەکەیە". ئەو بەنیازە دوای تەواوبوونی شەڕ دەست بە کارەکەی بکاتەوە.



### یەک چارەنووس

بە هۆکاریی ئەمنی، بەرەو رۆژهەڵات بۆ لای سەنگەرەکانی یەپەگە بادەدەینەوە. گوندێک کە تا پێش 15 رۆژ لەدەستی داعشدا بووە، لەگەڵ زەوی تەختکراوە. لەگەڵ ئەندامانی یەپەگە و سوتۆرۆ درێژە بە قسەکردن دەدەین.

ئۆرکەش 26 ساڵ، کە خەڵکی جزیرەیە، لە ساڵی 2013 پەیوەندی بە یەپەگەوە کردووە. ئەو دەڵێت "هەموومان بۆ پاراستنی رۆژئاوا لێرەین". هەندێک شوێنمان بۆ دەستنیشان دەکات کە فڕۆکەکانی هاوپەیمانان بۆردومانی دەکەن. هەروەها دەڵێت "ئەو شەڕە لەسەر ناوی هێزەکانی سووریای دیموکرات دەکەین، یەک ژووری ئۆپەراسیۆنی ناوەندیمان هەیە و بەباشی کاردەکات".

### بارودۆخی حەسەکە

ناوەندی هێزەکانی سووریای دیموکرات لە حەسەکەیە، ئەو هێزە بەرەو هۆل هەنگاوی نا، بەڵام بۆچی بەرەو رەققە ناچن، لەوێ وەڵامی ئەو پرسیارەت دەستناکەوێت.

حەسەکە هێڵی نێوان کورد و عەرەب لە سووریا دەکێشێ. لە قامیشلۆ کە زۆربەی دانیشتووانی کوردن، لە ژێر هەژموونی هێزەکانی یەپەگە و سوتۆرۆ و سەنادید دایە. لە حەسەکە کە ژمارەی عەرەب زیاترە، هەژموونی سوپای سووریا زیاترە. زۆربەی دانیشتووانی باکووری ئەو شارە کوردن. گەڕەکە عەرەبنشینەکانی ئەو شارە لەدەستی سوپای سووریا و عەشیرەتەکاندایە. دەزگاکانی حکومەت کاری خۆیان دەکەن، بەڵام پەیەدەش دەزگای خۆی هەیە.

هاوسەنگی لەو شارەدا مەسەلەیەکی هەستیارە، لە مانگی شوباتی رابردوودا رۆژنامەنووسێکی سویدی کە میوانی کورد بووە، لەلایەن سوپای سووریاوە دەستگیر کرا. یەپەگە بۆ ئەوەی ئەو رۆژنامەنووسە ئازاد بکات، لەبەرامبەردا دوو بەرپرسی باڵای پۆلیسی سووریای ئازاد کرد.

**سەرچاوە: رۆژنامەی جمهورییەت**

ڕووداو
ژمارە (387) دووشەممە 2015/12/14



## هەڵپەڕینی پیاوان خەڵات دەکرێ

**هیوا سەلاح- ڕووداو- هەولێر**

کورتە فیلمی (با پیاوەکانمان هەڵپەڕن) کە لە دەرهێنانی هیوا ئەمین نەژادە، خەڵاتی یەکەمی باشترین کورتە فیلمی لە فێستیڤاڵی Short work لە ئیتاڵیا پێ بەخشرا. هیوا ئەمین نەژاد، باسی ناوەڕۆکی فیلمەکەی کرد و گوتی "فیلمی با پیاوەکانمان هەڵپەڕن، کورتە فیلمێکی دۆکیۆمێنتارییە، باس لە ئازار و تێکۆشانی ژنانی گوندنشینانی کوردستان دەکات کە لە گۆشەنیگای شێوازی دروستکردنی ڕانک و چۆغەی شاڵ بۆ پیاوەکانیان، دەڕوانێتە ژنانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان".

ئەم فیلمە تاوەکو ئێستا زیاتر لە بیست فێستیڤاڵی جیهانی نمایشکراوە و چەندین خەڵاتی وەک باشترین فیلمی فێستیڤاڵی نێونەتەوەیی کیش و کورتە فیلمی تارانی پێ بەخشراوە.

هیوا ئەمین نەژاد، دەرهێنەرێکی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە و چەندین فیلمی بەناوبانگی هەیە، یەکێک لەو فیلمانەی کە لەسێیەمین فێستیڤاڵی سینەمایی دهۆک خەڵاتی بردەوە، فیلمی ماڵئاوا ئەنەلۆگ بوو.

# کێشەی لێکچوونی گۆرانییەکەی کایا و ئەدێڵ بەردەوامە





### کچی ئەحمەد کایا بۆ (ڕووداو):
### لێکۆڵینەوەیەکی بەبێ هەڵچوون پێویستە

**ئاڤا هوما**
**ڕووداو- لۆس ئانجلس**

کچی گۆرانیبێژی نێوداری کورد ئەحمەد کایا دەڵێ دەنگۆی دزینی گۆرانییەکی باوکی لەلایەن گۆرانیبێژی بەریتانی ئەدێڵ لەژێر لێکۆڵینەوەدایە، بەڵام لەم کاتەدا خێزانەکەیان ئامادە نین هیچ تۆمەتێک ئاراستەی ئەو هونەرمەندە نێودارە بکەن.

لەم دواییەدا ناوی گۆرانیبێژی کورد، ئەحمەد کایا لەنێو میدیاکانی جیهاندا زۆر بە گەرمی دەرکەوتەوە، دوای ئەوەی هەوادارەکانی کایا، ئەدێڵ- یان بەوە تۆمەتبار کرد کە گۆرانییەکی ئەوی بردووە. گۆرانییەکی بەنێوبانگی کایا بەناوی (ئاجیلەرە توتونمەک) واتە (دەستگرتن بە ئازارەوە) کە لەساڵی 1985 گوتوویەتی، لێکچوونێکی ئێجگار زۆری هەیە لەگەڵ گۆرانیی (یەک ملیۆن ساڵ لەمەوبەر)ی ئەلبوومی سێیەمی ئەدێڵ.

مەلیس کایا، کچی ئەحمەد کایا بە تۆڕی میدیایی ڕووداوی گوت: "ئێمە ئاگاداری ئەم ڕووداوەین و بیستوومانە".

"لێکچوونێکی هارمۆنی لەنێوان هەردوو گۆرانییەکەدا هەیە، بەڵام ئێمە کارەکەمان بەجێهیشتووە بۆ پسپۆڕانی موزیک و پارێزەران. هەروەها پەیوەندیمان بە کۆمپانیای بەرهەمهێنەری گۆرانییەکەوە کردووە لە لەندەن. بەڵام لە هەمانکاتیشدا باوەڕمان وایە کە هەوادارانی کایا کەمێک تووشی هەڵچوون بوون. ڕەوا نییە کەسێک تۆمەتبار بکەیت بە شتێک کە هێشتا لێی دڵنیا نیت"، مێلیس کایا وایگوت.

مێلیس ئاماژەی بۆ ئەوە کرد کە کۆمپانیاکانی ریکۆردکردن لە لەندەن و ئیستەنبووڵ ئێستا لەو بابەتە دەکۆڵنەوە، بەڵام خێزانی کایا خۆیان نایانەوێ لەم کاتەدا هیچ تۆمەتێک ئاراستەی ئەدێڵ بکەن.

ئەدێڵ، گۆرانیبێژێکی بەنێوبانگی بەریتانییە کە خاوەنی پڕفرۆشترین ئەلبوومی مێژووە، جارێکی دیکەش تۆمەتبارکراوە بە دزینی گۆرانی.

لەمانگی تشرینی یەکەمی ئەمساڵیشدا هەوادارانی گۆرانیبێژی ئەمریکی تۆم وەیتس، ئاماژەیان بۆ لێکچوون لەنێوان گۆرانیی (Hello) ی ئەدێڵ و (Martha) ی تۆم وەیتسدا کردبوو.

ئەگەر تۆمەتەکان سەبارەت بە بردنی گۆرانییەکەی ئەحمەد کایا بسەلمێنرێن، ئەوا ڕەنگە ئەدێڵ ببرێتە بەردەم دادگا.

هەوادارە تووڕەکانی کایا، تویتەریان پڕکردووە لە تۆمەتی دزینی گۆرانیی ئەحمەد کایا لەلایەن ئەدێڵەوە.

ئەحمەد کایا کە کاتی خۆی کاری شۆفێریی تاکسی کردووە، دوای ئەوەی بووە گۆرانیبێژێکی زۆر نێوداری تورکیا، نێوبانگی پەیداکرد و تەنانەت زۆر کەس لە دەرەوەی تورکیا و کوردستانیش ئەویان ناسی. لەساڵانی نەوەتەکان و لە لووتکەی سەرکوتکردنی کورددا لە تورکیا، ئەحمەد کایا بەئاشکرا ڕوویکردە بەرگریکردن لە مافەکانی نەتەوەکەی لە تورکیا.

#### ئەحمەد کایا

لە 1957/10/28 لە شاری مەلاتیای باکووری کوردستان لەدایک بووە. یەکەمجار لە تەمەنی 9 ساڵیدا لە جەژنی کرێکاراندا گۆرانی گوتووە، یەکەم ئەلبوومی لە ساڵی 1985دا بڵاوکرایەوە و چەند خەڵاتێکی نێوداری تورکیای وەرگرتوون. یەکێک بووە لە لایەنگرانی ڕەوتی چەپ لە تورکیا.

لە 1999/2/10 لەکاتی بەشداریکردنی لە کۆبوونەوەیەکی فراوانی هونەرییدا لە ئیستەنبووڵ، ڕایگەیاند: "لەبەرئەوەی من بەڕەگەز کوردم، گۆرانی داهاتووم بە کوردی دەبێ و ڤیدیۆکلیپەکەشی بەکوردی دەبێت. دەزانم کەسانێکی نەترسیش هەن بڵاوی بکەنەوە".

هەر ئەوکات زۆر لە هونەرمەندە ئامادەبووەکان هێرشیان کردە سەر کایا و بە تۆمەتی "هەوڵدان بۆ پارچەکردنی تورکیا" دادگا شەش مانگ زیندانیکردنی بەسەردا سەپاند و بەردەوام هەڕەشەی لێدەکرا و لەلایەن میدیای تورکیاوە هێرشی دەکرایە سەر. لە هەمان ساڵدا ڕوویکردە فەرەنسا و لە ئەورووپا بەشداری لە فێستیڤاڵە هونەرییەکانی پارتی کرێکارانی کوردستان PKK دا کرد و گۆرانی بە کوردی گوت، بەوهۆیەشەوە بەرهەمەکانی لە تورکیا قەدەغەکران.

کایا لە16ی تشرینی دووەمی 2000 دا بە وەستانی دڵ، لە فەرەنسا کۆچی دوایی کرد و تەرمەکەی لەتەنیشت زۆر نێوداری کورد لە گۆڕستانی پێرلاشێز لە پاریس بەخاک سپێردرا. ئەوکاتیش گۆرانییەکانی لەتورکیا هەرقەدەغەبوون.

چەند ساڵ دوای ماڵئاوایی ئەحمەد کایا و دوای هاتنە سەرکاری پارتی داد و گەشەپێدان، قەدەغەکردنی سەر گۆرانییەکانی کایا هەڵگیران لە تورکیا و گۆرانیبێژی تورک سەردار ئۆرتاج کە بەشداری کردبوو لە هێرشکردنە سەر ئەحمەد کایا، بە ئاشکرا داوای لێبووردنی کرد.

#### ئەدێڵ



(someone like you- کەسێکی وەک تۆ) کە باسی کۆتاییهاتنی پەیوەندی خۆشەویستیی خۆی دەکرد لەگەڵ کوڕە هاوڕێیەکەی و هەوڵدان بۆ ڕازیبوون بە بەختی خۆی.

ئەدێڵ لۆری ئەدکنز، ساڵی 1988 لە بەریتانیا لەدایک بووە و ساڵی 2006 دەستی بەبڵاوکردنەوەی گۆرانی کردووە و سامانەکەی بە 75 ملیۆن دۆلار دەخەمڵێنرێت.

یەکەمین ئەلبوومی لەساڵی 2008 بڵاوکرایەوە، پلەی یەکەمی بەدەستهێنا لە فرۆشتن لە بەریتانیا و 6 ملیۆن و 500 هەزار کۆپی لێ فرۆشرا. لەساڵی 2010دا پلەی پێنجەمی بەدەستهێنا لەنێو 100 گەورە هونەرمەندە ئافرەتەکانی مێژووی مۆسیقا.

ئەدێڵ لە ساڵی 2011دا نێوبانگێکی زۆری جیهانیی پەیداکرد، دوای بڵاوکردنەوەی گۆرانی

عەلی ئەسغەری، دەرهێنەری ئێرانی بۆ (ڕووداو)

# لە ئێران بارودۆخ لەبار نییە بۆ بینینی فیلمی کوردی



**هیوا سەلاح**
**ڕووداو- دهۆک**

عەلی ئەسغەری ناوێکی دیاری نێو سینەمای ئێرانە، فیلمەکانی لە فێستیڤاڵە جیهانییەکاندا کێبڕکێی بەدەستهێنانی خەڵات دەکەن. ئاشنایەتییەکی کۆنی لەگەڵ سینەماکارانی کورد هەیە، ئەوەش وایکردووە کاریگەریی کولتوور و فەرهەنگی کوردی لە بەرهەمەکانیدا ڕەنگبداتەوە.

ئەسغەری بە فیلمی (زیاتر لە دوو کاژێر بوو) لە بەشی پێشبڕکێی فێستیڤاڵی سینەمایی کان کێبڕکێی لەگەڵ دەیان فیلمی بەهێزی جیهان کرد. بە فیلمی (منداڵ) میوانداریێتی فێستیڤاڵی سینەمایی دهۆکی قبوڵ کرد، (ڕووداو) لەو فێستیڤاڵەدا کە مانگی ئۆکتۆبەری ئەمساڵ بەڕێوەچوو، ئەم هەڤپەیڤینەی لەگەڵ ساز کرد؟

**ڕووداو: ئەگەر خوێنەرێکی کورد بیەوێ تۆ بناسێ، چۆن خۆت دەناسێنی؟**

**عەلی ئەسغەری:** دەڵێم من عەلی ئەسغەریم، لە تاران لەدایک بووم، تاوەکو تەمەنی 25 ساڵی هەر لە تاران بووم. ئەو کاتەی لە تاران بووم زیاتر لە بواری یاریدەدەری دەرهێنەر و یاریدەدەری کامێرامان و یاریدەدەری بەرهەمهێنان کارم دەکرد. لە ڕاستیدا لەگەڵ کەسانی جۆراوجۆر کارم کردووە، کەسانێک کە لە کوردستانیش ناسراون، وەکوو تووڕەجی ئەسلانی. دواتر چووم بۆ ئیتاڵیا بۆ ئەوەی لە بواری سینەمادا بخوێنم، ئێستا لەوێ خوێندکاری ماستەرم. نزیکەی چوار ساڵە کورتە فیلم دروست دەکەم، تاوەکو ئێستا پێنج فیلمم دروست کردووە کە گرنگترینیان، فیلمی (زیاتر لە دوو کاژێر بوو). ئەم فیلمە لە فێستیڤاڵی کان چووە بەشی پێشبڕکێ. هەروەها فیلمی (بچە- منداڵ)م، دروست کرد کە بە خۆشییەوە لە فێستیڤاڵی دهۆک وەرگیرا.

**ڕووداو: لەگەڵ سینەمای کوردی ئاشنایەتیت هەیە، ئاستەکەی چۆن دەبینی؟**

**عەلی ئەسغەری:** من خۆم یەڵماز گۆنای بە سیمبولی سینەمای کوردی دەزانم، بەڵام دیارە هەمووومان دەزانین کە لەبەر ئەو هۆکارە سیاسییانەی ئەوکات هەبوون، دەرفەت نەبوو بە زمانی کوردی فیلم دروست بکات و زۆربەی فیلمەکانی بە زمانی تورکین، بەڵام بەهەرحاڵ سینەماکارێکی کوردە. من خۆم فیلمەکانی ئەوم زۆر پێخۆشە، دیارە بەهۆی ئەوەی کە بەداخەوە لە ئێران بارودۆخ لەبار نەبووە بۆ پیشاندانی فیلم بە زمانی کوردی، زۆر کەم فیلمی کوردی دەبینین، خۆم زۆربەی فیلمەکانی دەرهێنەرانی کورد وەک بەهمەنی قوبادی، جەمیلی ڕۆستەمی و شەوکەت ئەمینم بینیوە و زۆریشم پێ خۆشن، هەروەها کۆمەڵێک دەرهێنەری گەنجی کوردی دیکەیش هەن کە کورتە فیلمی کوردی بەرهەم دەهێنن، دەیانناسم و هاوڕێمن. بە گشتی من لەگەڵ سینەمای کوردی ئاشنام، لە ڕاستیدا ئەو خەمە مرۆییانەی لە

> فێستیڤاڵی سینەمایی دهۆک بۆ من بووە سورپڕایز

فیلمەکانیاندا دەیخەنەڕوو بۆ من سەرنجڕاکێشن، بەبێ ڕەچاوکردنی ئەو زمانەی قسەی پێ دەکەن، پرسی گەڕان بۆ ناسنامەی مرۆڤ لەناو فیلمەکانیاندا، لای من زۆر شوێنی ڕێزلێگرتنە و ڕێزیان دەگرم.

**ڕووداو: کە هێندە لە کورد نزیکی، بۆچی تاوەکو ئێستا فیلمێکت لەسەر کورد بەرهەم نەهێناوە؟**

**عەلی ئەسغەری:** پێموایە هاوڕێیانی کورد و ئەو کەسانەی بەدواداچوون بۆ ئەم بابەتە دەکەن، باشتر دەتوانن لەو بارەیەوە قسە بکەن. هەست دەکەم ڕەنگە من ئەو تایبەتمەندییانەم نەبێت کە لەمبارەیەوە قسە بکەم، بەڵام لە دوورەوە ئاگام لە ڕووداوەکانە، بە تایبەت کە هاوڕێیانم وەکوو تورەجی ئەسلانی و هاوڕێیانی، ئێستا سەرقاڵی بەرهەمهێنانی فیلمن لەسەر ئەو کارەساتانەی بەسەر کورد هاتوون، بۆ منیش بووە بە بابەتێکی گرنگ.

**ڕووداو: کوردستان گەیشتووەتە ئەو ئاستەی کە وەکو دەوڵەتە بەئەزموونەکان لە بەڕێوەبردنی فێستیڤاڵدا، فێستیڤاڵی سینەمایی سازبکات؟**

**عەلی ئەسغەری:** لە ڕاستیدا کاتێک بە منیان گوت بانگهێشتت دەکەین بۆ فستیڤاڵی دهۆک، چاوەڕێم کرد بێم بۆ فێستیڤاڵێک کە کێشەی ڕێکخستنی کاروبارەکان و کێشەی تەکنیکیی زۆری هەبێت و فیلمی مام ناوەندی تێدا ببینم، بەڵام کاتێک لیستی فیلمە هەڵبژێردراوەکانم بینی، بۆچوونم بە تەواوی گۆڕا، چونکە بینیم فیلمەکان لە ئاستێکی بەرز و لە ئاستی فێستیڤاڵە جیهانییەکاندا بوون، ئیدی گەیشتمە ئەو ئەنجامەی کە فێستیڤاڵەکە عەقڵی لە پشتەوەیە و پلاندارێژەرانی فێستیڤاڵەکە توانیویانە ئەو فیلمانە بێنن بۆ ئەم فێستیڤاڵە کە فیلمی باوی ئێستای جیهانن و باسی پرسەکانی ئێستای دنیا دەکەن، ئەوەش تایبەتمەندییەکی گرنگە بۆ ئەو کەسانەی لێرە دەژین، چونکە ئەو فیلمانە زۆر باشن و لەگەڵ فیلمە پلە یەکەمەکانی جیهان ئاشنا دەبن. لە ڕووی ڕێکخستنی کاروبارەکانەوە زۆرباش بوو، پەخشی فیلمەکان زۆر باش بوو. ڕەنگە هەندێکجار ڕووداوی بچووک ڕوویدەن، بەڵام بە گشتی بۆ من سورپڕایز بوو، زۆر ڕازی بووم. تەنیا تێبینییەکی بچووکم هەبوو کە ڕەنگە لە ساڵانی داهاتوودا بتوانن کەمێک باشتری بکەن، ئەویش بەشی نێودەوڵەتیی فێستیڤاڵەکە بوو کە ژێرنووسی کوردی بۆ زۆر لە فیلمەکان نەبوو، چونکە بەداخەوە هەندێک لە بینەران زمانی ئینگلیزی نازانن و ناتوانن لە فیلمەکان تێبگەن.

> یەڵماز گۆنای سیمبولی سینەمای کوردییە

> ئەو خەمە مرۆییانەی لە فیلمە کوردییەکاندا هەن زۆر سەرنجڕاکێشن

ڕووداو
ژمارە (387) دووشەممە 2015/12/14



## "یۆنان پڕدەبێتەوە لە پەنابەر"

**ڕووداو- هەولێر**

سەرۆکوەزیرانی یۆنان ڕایگەیاند بەهۆی داخستنی سنووری وڵات بە ڕووی پەنابەراندا ئەگەری هەیە جارێکی دیکە یۆنان ببێتەوە عەمباری پەنابەران.
ئەلێکسیس چیپراس، سەرۆکوەزیرانی یۆنان وتارێکی لە پەرلەمانی وڵاتەکەی پێشکەشکرد و گوتی "بەهۆی هەلومەرجە دەرەکییەکان کە ڕووبەڕووی لێشاوی پەنابەران بووەتەوە، ئەگەری هەیە بەهۆی داخستنی سنووری وڵاتانی ئەورووپاوە دیسان یۆنان ببێتەوە عەمباری پەنابەران". چیپراس وەڵامی ڕەخنەکانی ئۆپۆزسیۆنی وڵاتەکەی دایەوە لەبارەی سیاسەتی حکومەت لەمەڕ پەنابەران و ڕایگەیاند یۆنان لەوبارەوە ئەوەی لەدەستی بێت ئەنجامی داوە، بەڵام وڵاتانی ئەورووپا پشتگیری ناکەن.

# لە لەندەن کورد بەگژ سەرکردەکانی دژەشەڕدا دەچنەوە

گەری کێنت
ڕووداو- لەندەن

سەرلەئێوارەی ڕۆژێکی بەفراوی، ژمارەیەک کوردی بەریتانیا کە پێیان باش نییە ڕۆژئاوا هێرشی ئاسمانی بۆ سەر چەکدارانی داعش ڕابگرێت، لەبەردەم چێشتخانەیەکی شاری لەندەن کۆبوونەتەوە و کۆمەڵێک دروشمی ناڕەزاییان بۆ ئەو کەسانە بەرز کردووەتەوە کە لەناو چێشتخانەکەدا لە کۆبوونەوەدان، ئەوانەی ناو چێشتخانەکە بە پێچەوانەی کوردەکانی دەرەوە، دژی هێرشە ئاسمانییەکانی ڕۆژئاوان.

"شەڕ ڕابگرن، بەڵام پێشتر داعش و مەکینە دەستدرێژیکارەکەیان تێکبشکێنن". ئەمە دروشمی سەرەکیی ئەم کوردانە بوو بۆ گرووپی "هاوپەیمانیی دژی شەڕ" کە بە کۆمەکی سەرۆکی پارتی کاری بەریتانیا، جێرێمی کۆربێن، ئێوارەی هەینی بۆنەیەکیان لە چێشتخانەکەدا سازکردبوو.

پێشتر زۆر لە پەرلەمانتارانی پارتی کار داوایان لە سەرۆکەکەیان کردبوو کە بەشداری لەو گردبوونەوەیەی ناو چێشتخانەکە نەکات، چونکە پێگەی حیزبەکەیانی پێ لەکەدار دەبێت.

گرووپی "هاوپەیمانیی دژی شەڕ" پێشتر خەڵکێکی زۆریان دژی شەڕی عێراق لە 2003دا کۆکردبووەوە، بەڵام لە 10 ساڵی ڕابردوودا تووشی پەرتەوازەیی بوون و بەسەر گرووپی بچووکی چەپگەرای توندڕۆدا دابەش بوون.

ئەو کوردانەی لەبەردەم چێشتخانەکە دروشمیان بە دەستەوە بوو، لەلایەن هاوپەیمانیی نەتەوەیی کوردستان و ناوەندی فەرهەنگیی کورد لە لەندەنەوە پاڵپشتی دەکران.

هەندێک لە دروشمەکان دەیانگوت هێرشە ئاسمانییەکان کۆبانێی پاراست و شنگالی ڕزگار کرد. ئەوان هەروەها داوایان لە گرووپی "هاوپەیمانیی دژی شەڕ" دەکرد پشت نەکەنە کورد و هەروەها سوپاسی "دۆستە بەریتانییەکانیان دەکرد بۆ ئەم هێرشە ئاسمانییانە".




"هاوپەیمانیی دژی شەڕ" دەمێکە هەمان ئەو دروشمانە دەڵێنەوە کە لە 10 ساڵی ڕابردوودا گوتوویانەتەوە و پێناچێ پێداچوونەوەیەکی قووڵیان بە بارودۆخی جیاوازی ناوچە و سەردەمە جیاوازەکاندا کردبێت.

نوشستی ڕووناکبیریی ئەم هاوپەیمانییە هەر لە سەرەتاوە دیار بوو. ڕۆمانی (یەکشەممە)ی نووسەری بەریتانی، یان مەکئیوان، باس لەو ڕۆژە دەکات کە خۆپێشاندانەکانی لەندەن دەستیان پێکرد. لە ڕۆمانەکەدا هێنری پێرۆنێ کە نەشتەرگەرە و کۆمەڵێک عێراقی ئەشکەنجەدراوی چارەسەر کردووە و ئاگادارە لە "کۆمەڵکوژیی کوردەکان لە باکوور"، دەکەوێتە قسە لەگەڵ کچەکەی خۆی کە دژی شەڕە. پێرۆنێ بە مەبەست پرسیار دەکات: "بۆچی لەناو ئەو هەموو خۆپێشاندەرە بەسۆزەی ئەمڕۆ، یەک دروشمی دژ بە سەددامم نەبینی؟". کچەکەی دەڵێت: "ئاخر سەددام خۆ هەموو کەس دەزانێت چەند درندەیە". ئینجا باوکی دەڵێتەوە: "نا وا نییە، شتی وا زوو فەرامۆش دەکرێت."

ئەو ڕێپێوانەی 2003 گەورەترین دەستکەوتی ئەو گرووپە بوو دژی شەڕ، بەڵام دوای ئەوە تووشی کۆمەڵێک هەڵە بوون. ئەوان لە 2004دا هەوڵیان دا پارتی کاری فەرمانڕەوا ناچار بکەن هێزەکانی بەریتانیا لە عێراق بهێننە دەرەوە. بێگومان ئەگەر ئەمە ڕوویدابا، بۆشایی ئەمنی لە عێراق دروست دەبوو، ئەوانەی دژی هەڵبژاردن و دیمۆکراسی بوون، خێرا دەیانتوانی بیقۆزنەوە. نوێنەرانی سەندیکای کرێکاران لە عێراق ئەوکات هەوڵیان دا باوەڕ بە پارتی کاری بەریتانیا بهێنن کە لە عێراق نەکشێنەوە و ڕێز لە دیمۆکراسیی عێراق بگرن. بەڵام پارتی کار نەک هەر گوێی بۆ ئەم داوایەی ئەوان شل نەکرد، بەڵکوو بە نۆکەر و بەکرێگیراویش وەسفی کردن.

دوور نییە هەر ئەو ڕەفتارە نەشیاوەش بێت کە وای کرد زەمینە بۆ تیرۆری سکرتێری نێودەوڵەتیی بزووتنەوەی کرێکاری عێراق، هادی ساڵح، لە کانوونی دووەمی 2005دا خۆش بێت. من خۆم ساڵحم لە پەرلەمان بینیبوو، وەک پیاوێکی پابەند و بەڕەوشت هاتە بەرچاوم کە لە کاتی خۆشیدا زۆری نەمابوو بکەوێتە زیندانی بەعسییەکان و دواتر ڕایکرد بۆ دەرەوەی وڵات و لە تاراوگەوە بزووتنەوەیەکی بێلایەنی کرێکاری دروست کرد. هەر ئەو گرووپەی هاوپەیمانیی دژی شەڕ، لە کاتی خۆیدا ساڵحی بە ناپاک لە قەڵەمدابوو کە لەڕاستیدا بە دەستی پیاوەکانی بەعس تیرۆر کرا.

ئەم گرووپە ئێستا خەریکن پەلەقاژە دەکەن، چونکە سیاسەتە کرچوکاڵەکەیان ڕیسوا بووە. یەک لە ئەندامە دێرینەکانی ئەو گرووپە، تارق عەلی، لە هەفتەی ڕابردوودا زۆر بێباکانە گوتی: پێش شەڕی 2003، زۆر لە کوردەکانیان پێشوەختە هێنابوو بۆ ناو ستۆدیۆی بی بی سی بۆ ئەوەی پاڵپشتی لە شەڕ بکەن. تارق عەلی و هەڤاڵەکانی تێناگەن. کورد خۆ منداڵ نین بتانەوێ ئەملا و ئەولایان پێبکەن. ئەوان خۆشحاڵ بوون کە دەستی سەددامیان لەسەر کورت بووەوە و ئێستاش لەشەڕی مان و نەماندان لەگەڵ داعش. ئەوان پێویستیان بە یارمەتیی ڕۆژئاوا هەیە چونکە ناتوانن بە تەنیا کارەکە تەواو بکەن.

گرووپی هاوپەیمانیی دژی شەڕ بە فەرمی کورتکراوەی داواکارییەکانیان خستووەتەڕوو، بەڵام ئێستا کارەکە ئاڵۆزتر بووە. ئەوان ئێستا لەوپەڕی بێشەرمیدا دەیانەوێت خۆیان وەک قوربانی وەسف بکەن و دەڵێن لەژێر گوشارێکی زۆردان بەهۆی هەڵوێستیان دژ بە هێرشە ئاسمانییەکان لە سووریا، چونکە ئەم هێرشانە پێگەی جێرێمی کۆربین لاواز دەکات. لەڕاستیدا ئەم گرووپە بە تەڵەی خۆیانەوە تێکەوتن. هەندێک ئەندامی پێشکەوتوو وازیان هێناوە و ڕەنگە هەندێکی دیکەش هەر وا بکەن.

لە بەیاننامەکەیاندا، ئەم گرووپە دەڵێن: "ئێمە لەگەڵ ئەوە نین ڕۆژئاوا بچێتە ناو ئەو شەڕەوە، هەروەها دژی ئەوەیشین کە هێڵێکی دژەفڕین دروست بکرێت، تەنانەت ئەگەر خەڵکی سووریاش کە ئێستا لە تاراوگەن، شتی وا بڵێن، ئێمە هەر دژین، هەر وەک چۆن کاتی خۆیشی پاڵپشتیی نەیارانی تاڵیبان و سەددامان لە ئەفغانستان و عێراقدا نەکرد بۆ پرسێکی وەها. هەموو سوورپاییەکان بە دەنگێک قسە ناکەن، بەڵام زۆریان دژی ئەم بۆردومانەی ئێستای ڕۆژئاوان."

شەڕ هەموو کاتێک دەبێ دوایین ڕێگەچارە بێت، بەڵام هەڵمەتی سەربازی جاری وا هەیە پێویستە، وەک ئەوەی ئێستا دژ بە داعش. هاوپەیمانیی دژی شەڕ هاواری کوردەکان پشتگوێ دەخەن کە دەمێکە داوا دەکەن دژ بە داعش یارمەتی بدرێن. ئەم گرووپە تەنانەت ئەگەر کورد خۆیشی لەگەڵ هێرشی ئاسمانیدا بێت، ئەوان دژین. ئەوان زۆر باش دەزانن کە چی بۆ کورد باشە لە کاتێکدا کە ئەم گرووپە وەک بەکرێگیراو وەسفیان دەکات. بە دڵنیاییەوە ئەمەش جۆرێکە لە ئیمپریالیزم. ئەگەر ئێمە هەموو کاتێک ڕۆژئاوامان پێ هەڵە بێت، تەنانەت ئەو کاتانەش کە وەڵامی کورد دەداتەوە. دژایەتیکرنی هەموو چەشنە کاردانەوەیەک لە ژێر هەر پاساوێک بێت، بێگومان شێوازێکی چەواشەکارییە.

ڕێگەدان بە گرووپی هاوپەیمانیی دژی شەڕ کە خۆی بکاتە خاوەنی باسی سیاسی و مەرج و زەمینەی بۆ دابڕێژێت، کاری حکوومەتی بەریتانی قورس دەکات.

ئەم ناڕەزایی دەربڕینەی کورد لەبەردەم چێشتخانەکەدا ئەگەرچی بە ژمارە کەم بوون، بەڵام وەک هەڵوێست مانای گەورەی هەبوو، پەیامێکی گرینگی دا بەم گرووپە کە ڕاڕابوونی ئایدیۆلۆژییان بێ ناوەڕۆکە و هیچ بە کەڵکی ئەوانە نایەت کە لە بری هەموو مرۆڤایەتی وا لە شەڕی داعشدان.

# کۆچبەرانی کورد لە هێلسنکی "سەرای سلێمانی" دروست دەکەن

ڕووداو- هێلسنکی

هیوا، 24 ساڵ، گەنجێکی کوردی باشووری کوردستانە، نزیکەی پێنج مانگە کوردستانی جێهێشتووە، ناخۆشییەکی زۆری لە ڕێگاکانی یۆنان، سلۆڤینیا و ئەڵمانیا بینیوە، موجازەفەیەکی زۆریشی کردووە تاوەکو سنووری سوێدی بڕیوە و گەیشتووەتە فینلاند، بەڵام دەڵێت "هیچی هێندەی ئەو نەهامەتییانەی نێو کەمپی فینلاند بە ئازار نەبوون".

کەمپی خزمەتگوزاری لە کەمپەکانی فینلاند، خەریکە کۆچبەرانی کوردستان و عێراق، تەنانەت سوورییەکانیش بێهیوا دەکات و بەشێکیان دەڵێن فینلاند دوا وێستگەیە و بیر لە گەڕانەوە دەکەنەوە.

زۆربەی کەمپەکانی فینلاند، ئەوانەی ئامادەن بۆ وەرگرتنی کۆچبەر، کەوتوونەتە باکووری وڵاتەوە. بەڵام دوای پڕبوونی ئەو کەمپانە، سوود لە سەربازگە و ناوەندە وەرزشییەکان و هۆڵە بەتاڵەکان دەبینرێ کە بەشێکیان لە ناوەندەکانی شارن. کەمپەکانی ڤانتا و سەربازگەی شاری لاهتی لە کەمپە بەناوبانگەکانن. یەکێک لە کۆچبەرەکانی نێو ئەو کەمپە دەڵێت "لە ساڵانی نەوەدەکانیش ناخۆشیی وام نەبینیوە".

ڤانتا شارێکی بچووکی نزیک هێلسنکیی پایتەختە و سێ کەمپی گەورەی تێدایە. گەورەترینیان شوێنی 740 کۆچبەری تێدا کراوەتەوە، بەپێی لێدوانی کارمەندێکی کەمپەکە، 15%ی کۆچبەرانی کەمپەکە کوردن.

جۆزێف کە خۆی تاراوگەنشینە و کارمەندی کەمپی ڤانتایە، دەڵێت "ناچارین بەو شێوەیە بین، ئەگەر نا ئەوە ژیان نییە کۆچبەرانی تێدان". بەبڕوای جۆزێف مەبەستێک بۆ ئازاردانی کۆچبەر نییە "بەڵام زۆریی کۆچبەر، لە سەرووی تواناکانی فینلانداوەیە".

هەردی مەلا محەممەد، پێنج مانگە گەیشتووەتە فینلاند. ئەو دەڵێت: "مەمرە و مەژی ژیان بەڕێ دەکەین. هەندێکجار ئەوەندە خواردنمان دەدرێتێ کە لە برسان نەمرین. تەنیا ئەو ئاوەی دەیخۆینەوە ئاساییە، هیچ شتێک لێرە نۆرماڵ نییە".

ئەو ژیانەی کەمپ وەکو هەردی باسی کرد، ژیانی ساڵانی نەوەتەکانی کوردستانی بیردەخاتەوە کە ئابلۆقەی ئابووری لەسەر کوردستان بوو.

هەردی هێندە لە ژیانی کەمپ بێزارە، دەڵێت "تەنیا ئەو ساتانە هەست بە ئارامی دەکەم کە کەمپ جێدەهێڵم، کە بۆ خەو دەگەڕێمەوە، ئیدی وا دەزانم بەرەو زیندان دەڕۆم".

### کێشەیان لەگەڵ خواردنی کەمپ هەیە

جۆزێف دەڵێت "پێشتر پەناخوازەکان کێشەی گەورەیان لەگەڵ خواردن هەبوو، بۆیە ئێستا خواردنێک دروست دەکرێت کە لەگەڵ کولتووری ڕۆژهەڵاتی بگونجێت". گوتیشی "بەڵام ئیدی دەبێت ئەوان لەوە تێبگەن، ئێرە فینلەندایە، عێراق نییە".

لە ماوەی ڕابردوودا کۆچبەرانی کەمپ بە تایبەتی ئەوانەی لە شاری ڤانتان، چەندینجار خۆپیشاندانیان کردووە و داوای گۆڕانکارییان لەو خواردنە کردووە کە بۆیان دابین دەکرێ.

### سەرای هێلسنکی

ژیان لە کەمپی پەنابەران بەلای کۆچبەرانەوە ئەوەندە بێزارکەرە کە زۆربەی کات لە دەرەوەی کەمپ دەمێننەوە. لە هێلسنکی و شارەکانی دیکەی ئەورووپاش، شوێنی حەوانەوەی کۆچبەران، لە دەرەوەی کەمپ، تەنیا تەرمیناڵە سەرەکییەکانن "چونکە لەوێ زۆر خزمەتگوزاری بە بەلاش و هەندێکیش زۆر هەرزانە". هەردی دەڵێت "لەگەڵ هاوڕێیانم لە کەمپەکانی دیکە، بە ڕۆژ ڕوو لە سەنتەر دەکەین و لەوێ دەمێنینەوە".

کۆبوونەوەی گەنجەکانی کەمپ لە سەنتەری هێلسنکی کە گەورە تەرمیناڵی کۆبوونەوەی هەموو شەمەندەفەرە ناوخۆیی و دەرەکییەکانە، بووەتە عادەتێکی ڕۆژانە. ئێستا تەرمیناڵەکە لە نێو کۆچبەرانی کورد بە "سەرای هێلسنکی" ناوی دەرکردووە.

هەردی گوتی "بە یادی بەردەرکی سەرای سلێمانی، لە سەنتەر کۆدەبینەوە و لە بری چایی چایخانەی شەعب، قاوە دەخۆینەوە". بە پێکەنینەوەش گوتی "ئینتەرنێتیش بەلاشە".

بەپێی ڕێساکانی کەمپ، کۆچبەر بۆی نییە هەموو ڕۆژێک بێتە دەرەوە، بەڵام هەردی گوتی "لە کەمپ ئەوەندە فەوزایە نەشچینەوە کەس بە کەس نییە".

### تەندروستی کۆچبەران لە مەترسیدایە

بەپێی ڕێساکانی پەنابەران کە نەتەوە یەکگرتووەکان دایناوە، پاراستنی تەندروستیی کۆچبەر لە ئەولەوییەتی کاری وڵاتاندایە، بەڵام پزیشکێکی کورد دەڵێت "ئەو مافەی کۆچبەران پێشێل دەکرێ".

کاروان کە پزیشکی گەورە کەمپەکەی شاری ڤانتایە، بە (ڕووداو)ی گوت "تەنانەت زاڵ نین بەسەر چارەسەرکردنی کۆچبەراندا، فەوزایەکی گەورە لە کەمپەکە دروست بووە کە کۆچبەران خۆیان هۆکاری ئەوەن". بەڵام گوتیشی "حکومەت پێداویستییە پزیشکییەکان تەرخان ناکات". وەک لە قسەی پزیشکە کوردەکە و یەکێک لە پەناخوازەکانیشەوە دەردەکەوێت، جگە لە هەندێک پێداویستی پشکنین، هیچ شتێک لەو کەمپەدا بۆ کاروباری تەندروستیی نییە.

کاروان وەک کارمەندێک کێشەی ئەوەی لەگەڵ بەرپرسی کەمپەکە هەیە کە پێداویستییە پزیشکییەکانی بۆ دابین ناکات. کاروان گوتی "لە نێو کۆچبەران تێیدایە پێویستی بە نەشتەرگەری هەیە. بۆ نموونە برینداڕێکی دەستی داعش لە کەمپەکەیە کە تەندروستی لە مەترسیدایە".



ئێلیکا نووما لە ڕێکخراوێکی پاراستنی مافی مرۆڤ کە بەشێک لە کارەکانی تایبەتە بە پەنابەران و پێشتر سەردانی باشووری کوردستانی کردووە، دەڵێت "باشی و ڕەفاهییەتی ژیانی کوردستان، وای لەوان کردووە ئێرەیان پێ قبووڵ نەکرێت". گوتیشی "ژیانی نێو کەمپەکان لای ئەفغانی و سوورییەک بەو شێوەیە قورس نییە کە کوردێکی عێراقی باسی دەکات".

گوتەبێژی وەزارەتی کاروباری کۆچی فینلاند لە ڕاپۆرتێکی تەلەڤزیۆنیدا کە کەناڵی (YLE)پەخشی کرد، باسی گەڕاندنەوەی کۆچبەرە "عێراقییەکان"ی کرد و گوتی "عێراقییەکان وێنایەکی دیکەیان بۆ ژیان لەم وڵاتە هەبووە، وایان دەزانی لێرە هەموو شتێک ئامادەیە و زوو مافی پەنابەرێتی وەردەگرن". گوتەکانی بەرپرسەکەی وەزارەتی کۆچی فینلاند، لەبارەی کەیسی 700 پەنابەری عێراقییە کە وەک ئەو گوتی "ئامادەن بۆ گەڕانەوە" و بەشێکیشیان کوردن.


MAJIDI LAND
ماجدی لاند ئێستا کراوەیە
هەولێر - ڕێگای کەسنەزان
WWW.MAJIDILAND.COM


CIHAN CITY
www.cihancity.com
جیهان ستی...
جیهانی شادی و دڵنیایی
* ئەپارتمانەکانمان لەسەر تازەترین شێواز دروست کراوە.
* کەرستەی بەکار هاتوو لە باڵەخانەکان و لە دروستکردنی ئەپارتمانەکان لە باشترین براندەکانی جیهانە.
* چوار ئەسانسور (مەسعەد)، پرسگەی تایبەت لەهەر باڵەخانەیەکدا.
* کاتژمێر چاودێری.
* قوتابخانە.
* مزگەوت.
* نورینگەی پزیشکی.
* سەنتەری وەرزشی و مەلەوانگەی کراوە و داخراو.
* ڕووبەرێکی فروانی سەوز.
* مۆلی بازرگانی.
CIHAN CITY
جیهان ستی..
یەکێک لە پرۆژەکانی جیهان گروپ
CABA
هەولێر - ڕێگای کەرکوک - پشت بەڕێوەبەرایەتی هاتووچۆی هەولێر
ژمارەی مۆبیل: 07502324343 / 07707043131


divan
Erbil's
One & Only
erbil
We Put a
smile
Back On
Your
Face
LVX
Preferred HOTELS & RESORTS
BOOK NOW
066 210 5000
Gulan Street, Erbil,
Kurdistan Region of Iraq
P: +964 66 210 5000
F: +964 66 210 5001
E: info.divanerbil@divan.com
www.divan.com
/DivanErbil /DivanHotelErbil


برنجی محمود
خۆش تام و بەسود
MAHMOOD RICE
١١٢١
100%
MAHMOOD RICE®


شیری ئاڵتونسا
100%
سروشتی یە
altunsa
MiLk
powder
حليب

رووداو
ژنان
ژمارە (387) دووشەممە 2015/12/14

## لە رقی هەوێیەکەی خۆی دەسووتێنێ

**رووداو- خانەقین**

ژنێکی دانیشتووی قەزای خانەقین لە رقی ئەوەی مێردەکەی ژنی بەسەرهێناوە، خۆی سووتاندووە. عەقید لەمیعە محەممەد، بەڕێوەبەری بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ژنان لە گەرمیان بە (رووداو)ی راگەیاند، کاژێر شەشی بەیانی رۆژی 2015/12/10 ژنێکی تەمەن 27 ساڵ کە دایکی سێ منداڵ بووە لە ماڵی خۆیاندا ئاگری لە جەستەی بەرداو دوای دوو رۆژ گیانە لەدەستدا". گوتیشی "ئەو ژنە پێش گیانلەدەستدانی لە لێکۆڵینەوەدا گوتوویەتی خۆی، خۆی سووتاندووە، بەڵام سکاڵای تۆمار نەکردووە و بەپێی زانیارییەکانی ئێمەش لەبەرئەوەی ژنی بەسەر هێنراوە، بۆی خۆی سووتاندووە".



# هەڵمەتێکی یەک ساڵی دژی بەشوودانی منداڵان رادەگەیەنرێ

## وەزیری تەندروستی: رێژەی بەشوودانی منداڵان لە کوردستان 23%یە

**پشتیوان جەمال**
**رووداو- سلێمانی**

ئەنجوومەنی باڵای کاروباری خانمان بە هاوکاریی رێکخراوێکی نێودەوڵەتی، هەڵمەتێکی نیشتمانی بەنێوی "نا بۆ بەشوودانی منداڵان" رێکدەخات و لە پلانیاندایە 200 هەزار سەرۆک خێزان دژی بەزۆر بەشوودانی منداڵان هۆشیار بکەنەوە.

### سالێک دەخایەنێت

ئەمەل جەلال، ئەندامی ئەنجوومەنی باڵای کاروباری خانمان و سەرپەرشتیاری پرۆژەکە بە (رووداو)ی گوت، بۆیە هەڵمەتەکە ناونراوە "نا بۆ بەشوودانی منداڵان"، چونکە بەپێی یاسای عێراقی و یاسا بەرکارەکانی هەرێمی کوردستانیش هەموو منداڵێک تاوەکو تەمەنی 18 ساڵی بە منداڵ دادەنرێت و هەر بەشوودانێکی کچان لە خوار ئەو تەمەنە پێشێلکاریی مافی منداڵە.

هەڵمەتەکە لە سەرەتای ساڵی داهاتووەوە دەستپێدەکات و ماوەی ساڵێک دەخایەنێ. ئەمەل باسی بەشێک لە ناوەڕۆکی هەڵمەتەکەی کرد و گوتی "لەو ماوەیەدا کۆمەڵێک چالاکیی هۆشیارکردنەوە سەبارەت بە یاساکانی باری کەسێتی، بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی خێزانی لە خوێندنگەکان بەڕێوەدەبەین. هەروەها 200 هەزار سەرۆک خێزانیش لە مەترسییەکانی بە شوودانی منداڵان هۆشیار دەکەینەوە".

ئەنجوومەنی باڵای کاروباری خانمان بەهۆی دەرکەوتنی ئەنجامەکانی توێژینەوەیەکی خۆیان لەسەر 65 ژن کە لەخوار 18 ساڵییەوە بەشوودراون، بڕیاری ئەو هەڵمەتەیان داوە.

ئەمەل گوتی "بەپێی ئەنجامی ئەو توێژینەوەیە، دەرکەوتووە ئەو منداڵانە بەهۆی خراپیی باری دارایی، ناهۆشیاریی کۆمەڵایەتی و یاسایی خێزانەکان و دابونەریتەوە بە شوودراون، بۆیە گەیشینە ئەو بڕوایەی دەبێت پەلە بکەین بۆ ئەو هەڵمەتە، بۆ ئەوەی سنوورێکی بۆ دابنێین".

ئەمەل جەلال ئاماژەی بۆ ئامارێکی ئەنجوومەنی دادوەری کرد لەبارەی جیابوونەوەی ئەو ژنانەی لە خوار تەمەنی 18 ساڵییەوە شوویان کردووە و گوتی "بەپێی ئامارەکە ساڵی رابردوو 8777 حاڵەتی جیابوونەوە هەبووە، 2370 ژن لەوانە بوون کە لە خوار تەمەنی 18 ساڵان شوویان کردووە".



### پەشیمانن

تەها حوسێن کە یەکێکە لەو توێژەرانەی توێژینەوەکەی بۆ ئەنجوومەنی باڵای کاروباری خانمان ئامادە کردووە، گوتی "لە کۆی ئەو 65 ژنەی قسەیان لەگەڵ کرابوو، 60%یان پەشیمانن کە لەو تەمەنە شوویان کردووە".

تەها باسی یەکێک لەو ژنانەی کرد و گوتی "یەکێک لەو ژنانە لە تەمەنی 13 ساڵیدا کەسێکی خۆشویستووە، دوای ساڵێک کەسوکارەکەی پێیانزانیوە و پێیانگوتوون ئەگەر خێزان پێکەوە نەنێن، دەتانکوژین، بۆیە لە 15 ساڵیدا بەزۆر شووی بەو کوڕە کردووە، بەڵام لە کاتی منداڵبووندا تووشی خوێنبەربوون بووە و چەند رۆژێکیش بێهۆش بووە".

بەبڕوای ئەمەل، هەموو حاڵەتەکان بەهۆی گوشاری خێزانەوە نییە، بەڵکو هەندێک لەو کچانەی لە تەمەنی زوودا شوو دەکەن، بەهۆی چاولێکەرییەوەیە "هەندێجار کچان خۆیان بەهۆی چاولێکەریی هاوڕێکانییانەوە کە شوویان کردووە، بڕیار دەدەن شوو بکەن".

### رێژەی زوو بەشوودان 23%یە

د.رێکەوت حەمەڕەشید وەزیری تەندروستی لە هەرێمی کوردستان بە (رووداو)ی راگەیاند "لەهەرێمی کوردستان بەپێی زانیاریی بەردەست رێژەی بەشوودانی منداڵ (زوو بە شوودان) 23.4%ە، بەشوودانی خوار تەمەن 15 ساڵیش 4%".

وەزیری تەندروستی بە پشتبەستن بە راپۆرتی رێکخراوە نێودەوڵەتییەکان و رێکخراوی تەندروستیی جیهانی جەختیکردەوە کە بەشوودانی منداڵ دیاردەیەکی جیهانییە، بەتایبەتیش لە وڵاتە هەژار و تازە پێگەیشتووەکاندا، بەجۆرێک ساڵانە زیاتر لە 140 ملیۆن بەشوودانی منداڵی خوار تەمەن 18 ساڵ لەجیهاندا تۆمار دەکرێت، لەو ژمارەیەش 50 ملیۆنیان تەمەنیان لە 15 ساڵ کەمترە.

### زیانە تەندروستییەکانی

وەزیری تەندروستی روونیکردەوە، زوو بەشوودان دەبێتە هۆی زیاتربوونی رێژەی مردنی دایکی دووگیان، بەجۆرێک ئەو دایکانەی تەمەنیان لە خوار 18 ساڵە و دووگیان دەبن، مەترسی مردنیان چەند جار زیاترە لە دایکێکی دیکە لە دوای 18 ساڵییەوە شوو دەکات و دووگیان دەبێت. رێژەی مردنی منداڵی ئەو دایکانەشی خوار 18 ساڵن 50% زیاترە لە منداڵی ئەو دایکانەی تەمەنیان لە سەرووی 18 ساڵە.

ئەمەل جەلال ئەو تێگەیشتنەی بە "هەڵە" ناوبرد کە دەگوترێ بەزۆر بەشوودان لە دەرەوەی شارەکاندا زیاترە "بەپێچەوانەوە ئەوانە زۆربەیان لە ناو شارەکاندان، تەنانەت لە شاری هەولێر لە هەموویان زیاترە و پاشانیش شاری دهۆک".

# کچێکی 12 ساڵان بە وایەری کارەبا خۆی دەخنکێنێ

**پشتیوان جەمال**
**رووداو- هەولێر**

کچە خوێندکارێک لە ماڵی خۆیاندا بە وایەری کارەبا خۆی دەخنکێنێ و کەسوکارەکەی دەڵێن باری تەندروستی و دەروونیی باش نەبووە، بەڵام لەو باوەڕەدا نەبوون خۆی بخنکێنێ.

رۆژی 2015/12/3 کچێکی تەمەن 12 ساڵ، بەناوی فێنک سەباح، لە ماڵی خۆیاندا لە گەڕەکی سەرکارێزی ناحیەی شەمامک لە نزیک شاری هەولێر بە وایەری کارەبا خۆی خنکاند.

دایک و خوشک و براکانی فێنک لە کاتی رووداوەکەدا لە ماڵەوە بوون، بەڵام فریا نەکەوتن رزگاری بکەن. سوعاد رەحمان، دایکی فێنک بە (رووداو)ی گوت "پێش رووداوەکە فێنک پێیگوتم دەچمە نهۆمی سەرەوە جل دێنم و خۆم دەشۆم، دەمێکی پێچوو نەهاتە خوارەوە، بانگم کرد گوتی ئێستا دێم".

سوعاد ماوەیەک چاوەڕێی فێنک دەکات، بەڵام هەر نایەتە خوارەوە، بۆیە یەکێک لە کوڕەکان دەنێرێ بۆ ئەوەی بزانێت بۆچی نایەتە خوارەوە. سوعاد گوتی "کوڕەکەم بە پەلە هاتە خوارەوە و گوتی دایە دەرگای لەسەرخۆی داخستووە، لە کونی دەرگاکەوە سەیرم کرد خۆی هەڵواسیوە".

سوعاد کاتێک دەگاتە نهۆمی دووەمی خانووەکەیان دەبینێ فێنک دەرگای لەسەرخۆی داخستووە، بۆیە دەرگاکە دەشکێنێ و دەچێتە ژوورەوە.

سوعاد بە قوڕگێکی پڕ لە گریانەوە گوتی "وایەرێکی کارەبای بە شیشی پانکەی ژوورەکەوە کردبوو و خۆی پێ هەڵواسیبوو، بردم بۆ نەخۆشخانە، بەڵام بێسوود بوو گیانی دەرچووبوو".



### بۆچی خۆی خنکاند؟

سوعاد دەڵێت ئەوان لە ماڵەوە هیچ کێشەیەکی کۆمەڵایەتی و خێزانییان نەبووە، تاوەکو کاریگەری لەسەر فێنک هەبووبێ، بەڵام دەڵێت فێنک هەر بە بچووکی کێشەیەک لە مێشکی هەبوو، بەباشی شتی وەرنەدەگرت، پێشتریش بۆ چارەسەری ئەوە بردوویانەتە لای پزیشک، بەڵام چارەسەری نەبووە، هەر بەهۆی ئەو کێشەیەشەوە باری دەروونیی تەواو نەبووە و کاریگەری لەسەر خوێندنەکەشی هەبووە.

سوعاد گوتی "فێنک دوو ساڵ لە پۆلی دووی سەرەتایی مایەوە و دوو ساڵیش لەپۆلی سێ، پێمدەگوت هەرچۆنێک بێت تا پۆلی شەشی سەرەتایی بخوێنە، بەڵام ئەمساڵ دەیگوت دایە لە قوتابخانە لەلایەن هاوڕێکانمەوە تانەم لێدەدەن و چیدی ناچمەوە قوتابخانە، منیش گوتم باشە واز لە خوێندن بێنە، هەست دەکەم بەو هۆیەشەوە خەفەتی خواردبێت و پەنای بۆ خۆخنکاندن بردبێت".

هەرچەندە فێنک کێشەی مێشکی هەبووە و باری دەروونیشی باش نەبووە، بەڵام وەک سەباح محەممەدی باوکی فێنک بۆ (رووداو)ی باسکرد، هەرگیز لەو باوەڕەدا نەبوون خۆی بخنکێنێ. سەباح گوتی "راستە جارجارەش لە ماڵەوە تووڕە دەبوو، بەڵام هەرگیز پێشبینی خۆکوشتنمان لێ نەدەکرد، ئێستا جگە لە فێنک، کوڕێکی دیکەشمان هەمان کێشەی هەیە".

مامۆستایەکی قوتابخانەکەی فێنک بە (رووداو)ی گوت، ئەو کچە زۆر رێکوپێک و بێدەنگ بوو، بەڵام هەندێک کێشەی تەندروستی هەبوو، بۆ نموونە زمانی دەیگرت و نەیدەتوانی بە باشی قسە بکات و هەر بەو هۆیەشەوە لە خوێندن دواکەوتووە. ئەو مامۆستایە گوتی "زۆرجار رێنماییمان دەکرد کە هەوڵی زیاتر بدات بۆ ئەوەی لە خوێندندا سەرکەوتوو بێت، بەڵام سوودی نەبوو". گوتیشی "فێنک کچێکی دوورەپەرێز بوو، زۆرجار لە قوتابخانە هەر خۆی بە تەنیا لەسوچێکدا دەوەستا، یاخود لە پۆلەکەی دەمایەوە".

مامۆستایەکی دیکەشی کە لە سەرەتای خوێندنەوە ئاگاداری ژیانی ئەو کچەیە بە (رووداو) گوت "جگە لە کێشە تەندروستییەکەی، کچێکی باڵا بەرزیش بوو، بەڵام بەهۆی مانەوەی لە پۆلەکانی دوو و سێی بنەڕەتی هەستمان دەکرد لەڕووی دەروونییەوە خەم دەخوات کاتێک دەبینێت لەگەڵ خوێندکارەکانی دیکەیە کە لەخۆی بچووکترن، چونکە دەبووایە لە پۆلی شەشی سەرەتایی بێت".

### 12 ئافرەت خۆیان کوشتووە

خۆخنکاندنی فێنک لە کۆتایی هەفتەی یەکەمی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی دژی ژناندا بوو، بەپێی ئاماری بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ژنانیش، تەنیا لە ماوەی شەش مانگی یەکەمی ئەمساڵدا لە سنووری پارێزگای هەولێر 12 ئافرەت خۆیان کوشتووە.

# ژنێکی بەساڵاچوو خۆی دەسووتێنێ

**عومەر چاوشین**
**رووداو- رانیە**

ژنێکی بەساڵاچوو لە نێو ماڵەکەیدا ئاگر لە خۆی بەردەدات و دوای هەفتەیەک لە نەخۆشخانە دەمرێ، پۆلیس دەڵێت ئەو ژنە بەر لەوەی بمرێ بە پۆلیسی گوتووە کە لە ژیان بێزار بووە، بۆیە ئاگری لە خۆی بەرداوە، بەڵام کەسوکارەکەی دەڵێن تووشی نەخۆشیی دەروونی بووبوو.

رۆژی 2015/11/18 ژنێکی تەمەن 83 ساڵ بەناوی (هەمین.خ) کە دانیشتووی گەڕەکی راپەڕین بوو لە ناحیەی چوارقورنەی سەر بە قەزای رانیە، لە نێو ماڵەکەیدا ئاگری لە جەستەی خۆی بەردا. بەهۆی زۆریی رێژەی سووتانەکەی کە لە سەرووی 80% بوو، بۆ چارەسەرکردن رەوانەی نەخۆشخانەی فریاکەوتنی سلێمانی کرا، بەڵام رۆژی 2015/11/24 لە نەخۆشخانە گیانی دەرچوو.

کەسوکاری ئەو ژنە بەساڵاچووە دەڵێن هەرچەندە ئەو ژنە باری دەروونیی زۆر باش نەبووە، بەڵام قەت لەو باوەڕەدا نەبوون خۆی بسووتێنێ، چونکە سەرباری نەخۆشییەکەشی وەکو یەکێک لە بەمەنترین کەسی بنەماڵەکەیان هەمیشە پرس و راوێژیان پێکردووە.

(ع.ح) کە ئامۆزای هەمینە، دەڵێت "ئێمە هەموو پرس و راوێژێکمان بەو بوو، بەتایبەتی بۆ مەسەلەی ژن و ژنخوازی، بەڵام هەمین بەمدواییە تووشی چەند نەخۆشییەک بووبوو، لەوانەش خوێنبەربوونی مێشک، پێشتر لە بارەگایەکی حیزبی وەکو چایچی کاری دەکرد، بەڵام لەبەر نەخۆشییەکەی وازی لە کارکردن هێنا".

هەمین لەگەڵ کوڕەکەیدا لە یەک خانوودا دەژیا، ئامۆزاکەی دەڵێت کوڕەکەی و نەوەکانی بەردەوام چاودێرییان کردووە و هەر شتێکی ویستبێت، بۆیان دابین کردووە.

(ع) باسی خۆسووتاندنی هەمینی کرد و گوتی "ئەو رۆژە کوڕەکەی لە ماڵ نەبووە، تەنیا چەند منداڵێک کە نەوەی هەمین بوون لە ماڵەوە بوون، ئەویش دەرفەتی وەرگرتووە و نەوتی بەخۆیدا کردووە و ئاگری لەجەستەی خۆی بەرداوە".

بەگوتەی (ع)، جگە لەوەی جەستەی هەمین بە رێژەیەکی زۆر سووتابوو، لە هەمان کاتدا لە نەخۆشخانە جەڵتە لێیدەدات و بەهۆی زۆریی رێژەی سووتانەکەشی هەردوو گورچیلەکانی لە کاردەکەن و دوای شەش رۆژ لە نەخۆشخانە دەمرێ.



(ع) گوتی "هەمین لە نەخۆشخانە زۆر سەرکۆنەی خۆی کردبوو، گوتبووی کارێکی زۆر هەڵەم کرد، داوای لە کەسوکارەکەی کرد گەردنی ئازاد بکەن". گوتیشی "ئەو پێشتر لۆمەی ئەو ئافرەتانەی دەکرد کە خۆیان دەسووتێنن، بەڵام دواتر ئەویش خۆی سووتاند".

پۆلیس وەکو هەر رووداوێکی دیکە دۆسیەی بۆ رووداوەکەی هەمینیش کردووەتەوە، بەڵام کەسوکارەکەی دەڵێن هیچ سکاڵایەکیان نییە، چونکە رووداوەکە دەستی کەسی تێدا نەبووە و ئەو ژنە خۆی ئاگری لە خۆی بەرداوە، کەسیش لەسەر رووداوەکە دەستگیر نەکراوە.

عەبدوڵڵا حوسێن بابا رەسوڵ، بەڕێوەبەری نووسینگەی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ژنان لە رانیە بە (رووداو)ی راگەیاند "ئەو ژنە بەساڵاچووە لە نێو ماڵەکەی خۆیدا لە گەڕەکی راپەڕینی ناحیەی چوارقورنە ئاگری لە جەستەی خۆی بەرداوە، بەڵام بەهۆی سەختیی برینەکەی دوای هەفتەیەک لە خۆسووتاندنەکەی گیانی دەرچوو".

عەبدوڵڵا حوسێن گوتیشی "قووڵی برینەکەی پلە یەک بوو، بەڵام رێژەکەی لە سەرووی 80% بووە، هەر بۆیە رزگار نەبوو". سەبارەت بە هۆکاری خۆسووتاندنی ئەو ژنەش گوتی "ئەو ژنە لە نەخۆشخانە گوتوویەتی لە ژیانی خۆی بێزار بووە، بۆیە خۆی سووتاندووە، بەڵام ئێمە دۆسیەمان بۆ رووداوەکە کردووەتەوە و لێکۆڵینەوەی تێدا دەکەین".

بەختیار محەممەد رەشید، توێژەری دەروونی لەبارەی خۆسووتاندنی کەسێک لەو تەمەنە زۆرەدا، دەڵێت "مرۆڤ لە قۆناغی پیریدا هەست و سۆزی بەرەو ناسکبوونەوە دەچێت و هاوشێوەی هەرزەکاران مامەڵە دەکەن، بۆیە هاوسەنگیی باری دەروونی و کۆمەڵایەتی تێیدا تاڕادەیەکی زۆر زەحمەتە جێگیر بێت، بە بچوکترین نابەدڵی و رەفتاری بەرامبەرەکەیان هەڵدەچن و تووڕە دەبن، بۆیە رێی تێدەچێت مرۆڤ لەو تەمەنەشدا پەنا بۆ کارێکی هەڵەی وەکو خۆسووتاندن ببات".

کۆمەڵایەتی
ڕووداو
ژمارە (387)   دووشەممە   2015/12/14



## خوێندکارێک خۆی دەکوژێت

**ڕووداو- هەولێر**

خوێندکارێکی تەمەن 13 ساڵ لە ماڵی خۆیاندا و بە دەمانچەی باوکی، خۆی کوشت، نەقیب هۆگر عەزیز، گوتەبێژی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی هەولێر بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، ڕۆژی 2015/12/10 هێزەکانی پۆلیسی هەولێر لە حاڵەتێکی کوشتن لە گەڕەکی شارەوانی ئاگادار کرانەوە و گوتی "ئەو کەسەی خۆی کوشتووە، خوێندکاری شەشەمی بنەڕەتی بووە. بەپێی لێکۆڵینەوە سەرەتاییەکانیش دایکی ئەو خوێندکارە، داوای لە کوڕەکەی کردووە بخوێنێت، بەڵام دواتر کوڕەکەی بە دەمانچەی باوکی، خۆی کوشتووە".

# قوتابییەک بە پەتی جۆلانە خۆی دەخنکێنێ



**پشتیوان جەمال**
**ڕووداو- کەرکووک**

قوتابییەکی پۆلی دووی ناوەندی بە پەتی جۆلانە خۆی دەخنکێنێ، دایکی گەنجەکە دەڵێت کوڕەکەی هیچ کێشەیەکی دارایی و کۆمەڵایەتی نەبووە.

شەوی 2015/12/3 مێردمنداڵێکی تەمەن 16 ساڵ بەناوی محەممەد بەختیار کە قوتابی بووە، لە حەوشەی پشتەوەی ماڵەوەیان لە گەڕەکی ڕەحیماوای شاری کەرکووک، بە پەتێکی جۆلانە خۆی خنکاند. کەسوکارەکەی دەڵێن سەریان لە ڕووداوەکە سوڕماوە و نازانن بۆچی خۆی خنکاندووە.

ئارەزوو ڕەسوڵ، دایکی محەممەد یەکەمین کەس بووە کوڕەکەی بە خنکاوی بینیوە، ئەو باسی ئەو ڕۆژەی کرد کە محەممەد خۆی خنکاند و گوتی "محەممەد و باوکی پێکەوە لە دەرەوە بوون، پاشنیوەڕۆ هاتنەوە، منیش چووم بۆ بازاڕ، تەنانەت محەممەد تەکسی بۆ گرتم، دوای منیش لەگەڵ کەسێکی نزیکمان چووبووە دەرەوە بۆ دووکانێک کە تازە لەبەرامبەرمان دروست دەکرێت و باوکیشی منداڵێکی ناردبوو بە شوێنیدا بۆ ئەوەی بگەڕێتەوە، چونکە زۆر سارد بوو، بەڵام محەممەدی نەدۆزیبووەوە".

ئیدی باوکی محەممەد ناچار دەبێت خۆی بەدوای کوڕەکەیدا بگەڕێ. کاتێک دەچێتە دەرەوە دەبینێت لەسەر سووچی کۆڵانەکەیانە و پێیدەڵێت "بۆچی زوو ناگەڕێیتەوە ماڵەوە؟". بەڵام دایکی محەممەد لەو باوەڕەدا نییە محەممەد بە قسەی باوکی قەڵس بووبێت و خۆی خنکاندبێ.

ئارەزوو گوتی "محەممەد لە نهۆمی سەرەوە دانیشتبوو، پێمگوت بۆچی لێرەی؟ هیچ قسەی نەکرد، هیچ نیشانەیەکی زویربوونی پێوە دیار نەبوو".

هەر بەپێی گێڕانەوەکانی دایکی، ئەوان نانیان خواردووە و محەممەدیش هەر نەهاتووەتە خوارەوە، پاشان باوکی ماڵی پووری بردووەتەوە کە ئێوارە لەلای ئەوان بوون و گوتوویەتی "با محەممەدیش نان بخوات و نەنکی ببات بۆ لای پزیشک".

ئارەزوو گوتی "لەگەڵ بەڕێکردنی میوانەکاندا چوومە سەرەوە بۆ ئەوەی محەممەد بانگ بکەم بۆ نانخواردن، ژوورەکان گەڕام دیار نەبوو، چوومە حەوشەی پشتەوە بینیم بە پلیکانەکاندا خۆی هەڵواسیبوو، ڕەنگی سپی بووبوو".

ئارەزوو ڕەتیکردەوە خۆخنکاندنی کوڕەکەیان پەیوەندی بە کێشەی خێزانی و کۆمەڵایەتی یاخود ئەو هۆکارەوە هەبووبێت کە باوکی لێپرسینەوەی لەگەڵ کردووە و گوتی "باوکی تەنیا پێیگوتبوو زوو وەرەوە بۆ ماڵەوە و هیچی دیکەی پێنەگوتبوو، جگە لەوەش سوپاس بۆ خوا لەگەڵ باوکی هیچ کێشەیەکی نەبوو".

بەختیار محەممەد، باوکی ئەو گەنجە کە لە کاتی قسەکردندا چەند جارێک فرمێسک بە چاوەکانیدا هاتە خوارەوە، گوتی "محەممەد بە پەتی جۆلانە خۆی خنکاند. کوڕێکی زۆر باش بوو، هیچ کات دڵی نەڕەنجاندووین. زۆر ڕێکوپێک بوو".

بەختیار بۆ سەلماندنی قسەکانی کە محەممەد کێشەی خێزانی نەبووە، بە دەست ئاماژەی بۆ ئۆتۆمبێلێکی بەردەرگای ماڵەکەیان کرد و گوتی "چەند ڕۆژێک پێش ئێستا ئۆتۆمبیلێکی گرانبەهام بۆ کڕی، هەر شتێکی داوا بکردایە دڵیم نەدەشکاند".

ئەو ڕووداوە هێندە باوکی خەمبار کردووە کە دەڵێت "باوک و برام مردن، کەسوکاریشم شەهیدبوون، بەڵام هیچیان هێندەی محەممەد کاریان تێنەکردم، چونکە کوڕی گەورەم بوو. حەزم دەکرد ئۆتۆمبێل لێی بدایە یاخود کارەبا بیگرتایە، نەک خۆی بکوژێت، چونکە نازانم بۆچی خۆی خنکاندووە".

### چی بە هاوڕێکانی گوتبوو؟

محەممەد ئەمساڵ خوێندنەکەی بۆ دواناوەندی ئەحمەدی خانی گواستبووەوە و ماوەی مانگێک بوو لەوێ دەوامی دەکرد. یەکێک لە هاوڕێکانی گوتی "محەممەد زۆر لەسەرخۆ بوو، چەند ڕۆژێک پێش ئەوەی خۆی بکوژێ گوتی زۆر بێزارم، بەڵام نەیگوت بۆچی؟ ڕۆژانی پێش ڕووداوەکەش هەستمان پێدەکرد خەمبار دیار بوو".

سەبارەت بە بێزاریی محەممەد، دایکی گوتی "دڵنیام لەوەی وەکو لایەنی خێزانی بێزار نەبووە، بەڵام ڕەنگە بێزاری ئەوە بووبێت کە دوو ساڵ بوو لە پۆلی دووی ناوەندی دەرنەدەچوو".

خۆخنکاندنی ئەو گەنجە بەلای محەممەد عەبدوڵڵا، بەڕێوەبەری قوتابخانەکەشیەوە جێی سەرسوڕمانە و بە (ڕووداو)ی گوت "دەتبینی زۆر لەسەرخۆ بوو، ئەقڵی لە سەرووی تەمەنییەوە بوو، بۆیە تووشی سەرسوڕمان بووین".



موقەدەمی مافپەروەر
**ژیلەمۆ عەبدولقادر**

## ملفێکی زەوتکراو

لە وڵاتانی جیهاندا، لە دوا ڕۆژی هەڵمەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی دژی ئافرەتاندا کە هەڵمەتێکی جیهانییە، هەموو وڵاتانی پابەند بە دیموکراسی، کەمپین دەکەن و بانگەشەی دژی توندوتیژی و داوای یەکسانیی ڕەگەزی دەکەن لە نێوان ژن و پیاو لە ئەرک و مافدا، بەڵام لە کوردستان لەگەڵ بەڕێوەچوونی ئەو جۆرە هەڵمەتانەدا، هێشتا یاساکان لەمپەرن لەبەردەم نەهێشتنی ئەو جیاکارییە ڕەگەزییەی هەیە.

یاسا بۆ ڕێکخستنی کاروباری هاووڵاتیان و ئاسانکارییە بۆیان، بەڵام یاساکان لە کوردستان و عێراق بە جۆرێک داڕێژراون یان هەموار دەکرێن کە ناکۆکن لەگەڵ یەکدی، ئەمەش لە کاتێکدایە لە خاڵی کۆتایی هەر یاسایەکدا نووسراوە: نابێت ئەم یاسایە ناکۆک بێت لەگەڵ دەستوور یان یاسا بەرکارەکانی هەرێمی کوردستان و عێراق.

بۆ ئەوەی مەبەستەکەم ڕوونتر بکەمەوە، دەمەوێ ئاماژە بە دۆسیەی ژنێک بدەم کە پێشتر سەردانی کردووین. ئەو ژنە کێشەی لەگەڵ هاوژینەکەی هەبوو، کێشەکەیان گەیشتبووە دادگا، نزیکەی دوو ساڵ بە ڕێگەی دادگاوە بوون، تاوەکو کۆتایی بەکێشەکەیان هات و جیابوونەوە.

ئەو ژن و پیاوە خاوەن کوڕێک بوون، ژنەکە توانی لە ڕێگەی دادگاوە مافی لەخۆگرتنی کوڕەکەی وەربگرێ، بەڵام کاتێک دەیەوێ پاسپۆرت بۆ کوڕەکەی دەربێنێ، تووشی سەرسوڕمان دەبێت کە داوای لێدەکەن باوکی ئامادە بێت.

ئەو ژنە پەنای بۆ ئێمە هێنا بۆ چارەسەرکردنی کێشەکەی، ئەو دەیگوت "باوکی منداڵەکەم هەر دیتنی منداڵەکەشی لە دادگا ڕەتکردووەتەوە، ئەو مافی ئەوەی هەبوو دوو مانگ جارێک منداڵەکەی ببینێ، بەڵام ئەوەشی نەویست. ئێستا هیچ پەیوەندیمان نەماوە، هەرچەندە دەزانم لەکوێیە و ماڵیان لە کوێیە، بەڵام پێمخۆش نییە ئەو تەکلیفەی لێبکەم و بێتە فەرمانگەی پاسپۆرت".

بەڕێوەبەرایەتی پاسپۆرت بۆ ژنەکەیان ڕوونکردبووەوە کە دەرهێنانی پاسپۆرت بۆ منداڵێکی خوار تەمەنی 18 ساڵ، دەبێت بە ڕەزامەندیی وەلی ئەمری منداڵەکە، یان سەرپەرشتیار، یان وەسی بێت. هەرچەندە ئەو ژنە گوتبووی کە ئەو لە مێردەکەی جیابووەتەوە و خۆی منداڵەکە بەخێو دەکات و سەرپەرشتیی دەکات، بەڵام بێسوود بوو.

ئەو ژنە ناچار بوو دووبارە پەنا بۆ دادگای باری کەسی بباتەوە، بۆ ئەوەی دادوەر بەڵگەنامەی وەسی بداتێ و بتوانێ پاسپۆرت بۆ منداڵەکەی دەربهێنێ.

ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ یاسای باری کەسی یاسای ژمارە (15)ی ساڵی 2008ی هەموارکراو، چارەسەری کێشەی ئەو ئافرەتانەی کردووە کە مێردەکانیان مردوون یاخود بزرن، لەو حاڵەتەدا دایکی منداڵەکە بە سەرپەرشتیار (وەلی ئەمر) دادەنرێ بۆ مەسەلەی شووکردن، یان هەر کارێکی دیکە.

وەک لە ماددەی هەشتی بڕگە سێی یاسای باری کەسیدا هاتووە "دایک بە سەرپەرشتیار دادەنرێت ئەگەر باوک بمرێ، یان نادیار بێ و دایککە منداڵەکەی لەخۆگرتبێ". بەڵام لەکاتی جیابوونەوەی ژن و مێرد، هەرچەندە ژنەکە بڕیاری لەخۆگرتنی منداڵەکەشی هەبێ، بۆی نییە وەکو سەرپەرشتیار هەڵسوکەوت بکات بۆ دەرهێنانی پاسپۆرت بۆ منداڵەکانی خوار تەمەن (18) ساڵ، بۆیە پێویستە یاساکەی پاسپۆرت لەم ڕووەوە هەموار بکرێتەوە، بۆ ئەوەی ئەو جۆرە جیاکاریانە نەمێنێ.

*** بەڕێوەبەری بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان/ هەولێر**

# گەشتە بەردەوامەکانی مێردەکەی، ژیانی تێکدەدات

**ئیڤان عەبدولڕەحمان**
**ڕووداو- هەولێر**

ئەوەی بیری لێنەدەکردەوە شووکردن بوو، چونکە تەمەنی 16 ساڵان بوو، پێیوابوو هێشتا کاتی شووکردنی نەهاتووە، بەڵام کاتێک خوازبێنی هات و کەسوکاریشی زۆر هانیان دا تا شوو بکات، ئیدی وایزانی دەرگای بەختەوەری بەڕوویدا کراوەتەوە، بەڵام دواجار هەموو خۆشییەکانی ژیانی گۆڕان بۆ دەردەسەری.

نیان، ناوی خوازراوی ژنێکی تەمەن 32 ساڵە، نزیکەی 16 ساڵ لەمەوبەر شووی بە پیاوێک کردووە کە حەز دەکات بە عوسمان ناوی بهێنێ. سەرەتای ژیانیان بێ کێشە بووە و بگرە وەک خۆی گوتی "پڕ بوون لە یادگاریی خۆش".

نیان گوتی "کاتێک ئەو پیاوە هاتە خوازبێنیم، بە ماڵەوەم گوت، من ئەو کەسە ناناسم و شووی پێناکەم، بەڵام ماڵی عوسمان سووربوون لەسەر ئەوەی من ببمە بووکی ئەوان، لەهەمانکاتدا ماڵی ئێمەش زۆریان پێخۆش بوو، منیش بەو مەرجە ڕازی بووم کە پێشتر قسە لەگەڵ عوسمان بکەم، قسەکانی بۆنی خۆشبەختییان لێدەهات، بۆیە ڕازی بووم شووی پێبکەم".

دوای تێپەڕبوونی ساڵێک بەسەر پێکەوەبوونیان، عوسمان و نیان بڕیار دەدەن منداڵیان ببێ. نیان دەڵێت "کاتێک یەکەم منداڵمان بوو، ژیانمان لەوە خۆشتر بوو کە چاوەڕێمان دەکرد".

بەڵام ئەو خۆشییەی نیان تا سەر نەبوو، شەوێک کەسێک لە دەرگای ماڵەکەیان دەدات، ئەوان دەرگای لێدەکەنەوە، بەڵام دەرگای خۆشبەختی بەسەر نیاندا دادەخرێ. ئەو کەسە باوکی عوسمان بوو.

نیان گوتی "بە عوسمانی گوت دەبێت بەیانی بڕۆی بۆ تورکیا، لەوێ هەندێک کار هەیە دەبێت تەواویان بکەیت، ئەو بڕیارە زۆر لەناکاو بوو، بەڵام من و عوسمانیش واتێگەیشتبووین هەر ئەو جارەیە و چەند ڕۆژێکە و دەگەڕێتەوە، هەرواش بوو عوسمان دوای هەفتەیەک گەڕایەوە، بەڵام ئەم سەفەرە دەستپێکی نەهامەتییەکان بوو بۆ من".

سەفەرە یەک لە دوای یەکەکانی عوسمان تا دەهاتن زۆرتر دەبوون، هەندێکجار زیاتر لە دوو مانگی پێدەچوو، بەرە بەرە پەیوەندی نێوان عوسمان و نیان و منداڵەکانی ساردی تێدەکەوێ، تا وای لێدێ عوسمان لە کاتی سەفەرەکانیدا نەک پەیوەندییان پێوە ناکات، تەنانەت وەڵامی تەلەفۆنی ژنەکەشی ناداتەوە. نیان دەڵێت کە "تەلەفۆنم بۆ دەکرد، هەر جارە و کچێک وەڵامی دەدایەوە".

نیان گوتی "ڕۆژێکیان یەکێک لە منداڵەکانم زۆر نەخۆش بوو، زۆر گریا و هەر داوای باوکی دەکرد، منیش تەلەفۆنم بۆ باوکی کرد، کچێک بەتورکی وەڵامی دامەوە، منیش زمانی تورکی باش دەزانم، بۆیە داوام لێکرد مۆبایلەکە بداتە دەست عوسمان، کچەکە پێیگوتم ئەو هیلاک بووە و ئێستا خەوتووە، واز لە عوسمان بێنە ئەو بۆ خۆی خەریکی کەیف و سەفای خۆیەتی".

نیان بێدەنگ دەبێ و مۆبایلەکەی دەردێنێ و دووبارە گوێ لە دەنگە تۆمارکراوەکەی کچەکە دەگرێتەوە کە بە گوتەی خۆی لەو خانووە دەمایەوە کە عوسمان لە تورکیا کڕیبووی.

گومانی نیان لە نیازی مێردەکەی تا دێت زۆرتر دەبێ، ئیدی بڕیار دەدات کە چاودێریی مێردەکەی بکات. بۆیە بە هەر شێوەیەک بێ ناونیشانی مێردەکەی لە یەکێک لە شارەکانی تورکیا دەدۆزێتەوە. براکەی دەنێرێت بۆ ئەوەی چاودێریی بکات. دواتر دەرکەوتووە کە عوسمان دەستی لەگەڵ ژنان تێکەڵ کردووە و شەوان لەشفرۆش دەباتەوە ئەو خانووەی تێیدا دەمێنێتەوە. بۆیە نیان بڕیار دەدات لە دادگا سکاڵا لەسەر مێردەکەی تۆمار بکات و لێی جیاببێتەوە.

نیان گوتی لە کاتێکدا لە ڕێگەی پارێزەرەکەیەوە سەرقاڵی دۆسیەکەی بووە، عوسمان وەکالەتێک بۆ باوکی دەکاتەوە، تاوەکو بتوانێ هەموو ئەو شتانەی لەسەر ناوی عوسمانە بیانخاتە سەر ناوی کوڕەکانی دیکەی، لە ئەگەری جیابوونەوەیاندا نیان و منداڵەکان هیچ شتێکیان بەر نەکەوێت.

نیان گوتی "شەوێک لەماڵەوە دەرسم بە منداڵەکان دەگوت، باوک و براکانی عوسمان هەڵیانکوتایە سەرم و لەو خانووە دەریانکردم کە بە پارەی میراتی باوکم و زێڕەکانی خۆم کڕیبووم".

نیان پەنا بۆ دادگا دەبات، لەلایەک بە دۆسیەی جیابوونەوە لە عوسمان و لە لا یە کیش بە دۆسیەی وەرگرتنەوەی خانووەکەی سەرقاڵ دەبێت. نیان سێ ساڵ بە ڕێگەی دادگاوە دەبێت، تاوەکو بە بڕیاری دادوەر خانووەکەی وەردەگرێتەوە، بەڵام هێشتا دۆسیەی جیابوونەوەکەی لە دادگا یەکلایی نەبووەتەوە.



# جووتیارانی باشیک بە دووربین سەیری دار زەیتوونەکانیان دەکەن



## خاوەن باخێکی زەیتوون:
## ساڵانە 1500 تۆن زەیتوونمان دەفرۆشت

تەیار عادل گۆران
ڕووداو- بەردەڕەش

ئەحمەد خەڵەف، لەسەر چیای مەقلوب بە دووربین سەیری باخە زەیتوونەکانی دەوروبەری ناحیەی باشیک دەکات، دووربینەکە لەسەر چاوی لادەبات و دەڵێت "ئێستا وەرزی ڕنینی زەیتوونە و داعش هەموو زەیتوونی ناحیەکەی ڕنیوە".

تا ئەو کاتەی شارۆچکەی باشیک نەکەوتبووە دەستی داعش، ئەحمەد خەڵەف کە دانیشتووی ناحیەی باشیکە و ئێستا ئاوارەی قەزای بەردەڕەش بووە، خۆی بۆ ڕنینی دار زەیتوونەکانی باخەکەی ئامادە دەکرد، دواتر زەیتوونەکەی خۆش دەکرد و ڕەوانەی شارەکانی هەرێمی کوردستان و مووسڵ دەکرد.

ناوچەی باشیک و بەحزانێ کە ئێستا لە بندەستی چەکدارانی داعشدان، بە زەیتوون دەوڵەمەندن و بە سەدان باخی زەیتوونیان تێدایە. بەناوبانگترین جۆری زەیتوون لە عێراق و کوردستان کە خەستاوی دەنگ زەردی خڕ و ئیسپانیی ڕەنگ ڕەشن، لەو دوو ناوچەیە هەن.

لە مانگی کۆتایی وەرزی پاییزدا، جووتیارانی باشیک دار زەیتوونەکانیان دەڕنن، بەڵام زۆربەی خاوەن باخەکان بەهۆی شەڕی داعشەوە ئاوارە بوون و لە قەزای بەردەڕەش نیشتەجێن، ئێستا تەنیا دەتوانن لە دوورەوە وەکو ئەحمەد خەڵەف بە دووربین سەیری باخەکانیان بکەن.

ئەحمەد دەڵێت "کە زەیتوونی ناوچەکە پێدەگەیشت، هەفتانە پێنج تۆن زەیتوونی خۆشکراوم بۆ هەولێر و دوو تۆنیشم بۆ دهۆک دەنارد، جگە لەوەش بڕێکی زۆر زەیتوونم بەشێوەی فەل لەو دوو شارە دەفرۆشت".

تاوەکو زەیتوون دەبڕایەوە ئەحمەد خەڵەف لەو ماوەیەدا 200 تۆن زەیتوونی دەفرۆشت، بەڵام ئێستا بەبێ کار لە قەزای بەردەڕەش دەسووڕێتەوە و چاوی لەو کەمە هاوکارییەیە کە ڕێکخراوە خێرخوازییەکان ناوبەناو بەسەر ئاوارەکاندا دابەشی دەکەن.

سەبارەت بە چارەنووسی باخی زەیتوونەکەی، ئەحمەد دەڵێت "گومانم لە هاوڕێیەکی عەرەبم هەیە زەیتوونەکەی لێ کردبێتەوە و بردبێتی بۆ مووسڵ، ئەو برادەرەم هەموو ساڵێک دەهات زەیتوونەکەی لێدەکڕیم و دەیبرد بۆ مووسڵ، بەڵام ئێستا هەرچەند تەلەفۆنی بۆ دەکەم وەڵامم ناداتەوە".

### داهاتەکەی ملیار و نیوێک دینارە

بە گوتەی ئەحمەد، بە سەرجەم جووتیارانی ناوچەی باشیک ساڵانە نزیکەی 1500 تۆن زەیتوون لە باخەکانیان دەکەنەوە، بەڵام ئێستا داعش دەستی بەسەر ئەو زەیتوونەدا گرتووە و هەمووی ڕنیوە و فرۆشتوویەتی.

ئەحمەد گوتی "ئێمە کە لە باشیک بووین کیلۆیەک زەیتوونمان بە هەزار دینار دەفرۆشت". بە گوتەی ئەحمەد، ساڵانە جووتیارانی باشیک ملیارێک و 500 ملیۆن دیناریان لە فرۆشتنی زەیتوون دەستکەوتووە.

سەرەڕای ئەوەی هیچ ڕێگایەکی ئاشکرا نییە بۆ ئاڵوگۆڕی کاڵا لە نێوان هەرێمی کوردستان و ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی داعش، بەڵام ئەحمەد خەڵەف دەڵێت ئەمساڵ زەیتوونی باشیکی لە بازاڕەکانی هەولێر بینیوە.

ئێستا کەس لە سەنتەری باشیکدا نەماوە، بەشێکی دانیشتووانەکەی پاش داگیرکردنی هاتنە کوردستان و بەشەکەی دیکەش کە لەگەڵ داعش بوون چوونە مووسڵ.

ناحیەی باشیک 10 کیلۆمەتر لە سەنتەری شاری مووسڵ و 15 کیلۆمەتر لە سەنتەری قەزای بەردەڕەش دوورە، لە ڕووی ئیدارییەوە سەر بە قەزای حەمدانیەی پارێزگای نەینەوایە.

ئێستا زۆر لە دووکانەکانی تورشیات لە مووسڵ داخراون. تەڵعەت مەحموود کە هاووڵاتییەکی شەبەکی ناوچەی باشیکە و ئێستا لە شارۆچکەی بەردەڕەش نیشتەجێیە، گوتی "بەهۆی ئەوەی کە داعش فەرمانی کردووە نابێت شتی تێکەڵ بە یەکدی وەکو چەرەزات و تورشیات لە بازاڕ بفرۆشرێت، چونکە لە ڕوانگەی ئاینەوە دروست نییە، زۆر لە دووکانەکانی تورشیات دووکانی خۆیان داخستووە و هیچ شوێنێکی وا نییە زەیتوونی باشیکی لێ بفرۆشرێت و ساخ بکرێتەوە، بۆیە گومان دەکەم ئەو زەیتوونە هاوردەی کوردستان بکرێ یان بینێرن بۆ سووریا".

حوسێن محەممەد کە خاوەنی دووکانی تورشیاتە لە قەزای بەردەڕەش و بە باوکی عەلی ناسراوە، بە (ڕووداو)ی گوت "پێشتر هەفتانە 300 کلیۆ زەیتوونی باشیکم دەفرۆشت، بەڵام ئەمساڵ ناتوانم بچمە باشیک زەیتوون بهێنم، پار ساڵ زەیتوونی باشیک لە ڕێگای بەغدا و کەرکووکەوە هاوردەی هەرێمی کوردستان کرا و منیش کڕیم، ئەمساڵیش زانیومە هەیە، بەڵام من نەمکڕیوە".

# گیان لەدەستدانی پێشمەرگەیەک لە سۆران هەرا دەنێتەوە



مەهدی محەممەد ڕواندزی
ڕووداو- سۆران

پێشمەرگەیەک لەکاتی کارکردن لەسەر خانوویەک لە ئەسکەلە بەردەبێتەوە و تووشی خوێنبەربوونی مێشک دەبێت، بەڵام کەسوکارەکەی دەڵێن بەهۆی کەمتەرخەمیی پزیشکەکان کە درەنگ ڕەوانەیان کردووە بۆ نەخۆشخانەی فریاکەوتنی هەولێر، لە ڕێگە گیانی دەرچووە، بۆیە بەنیازن سکاڵا تۆمار بکەن.

زاهیر محەممەد، تەمەن 30 ساڵ، ئەو کاتانەی لە دەوامی پێشمەرگایەتی دەگەڕایەوە کرێکاری دەکرد، سەرلەبەیانی ڕۆژی 2015/11/24 لە کاتی لەبغکردنی خانوویەک لەسەر ئەسکەلە دەکەوێتە خوارەوە و لە ڕێگەی گەیاندنی بە نەخۆشخانەی فریاکەوتنی هەولێر، دەمرێ. بەڵام کەسوکارەکەی، نەخۆشخانەی فریاکەوتنی سۆران و نەخۆشخانەی ئاشتی بە کەمتەرخەم دەزانن لەو ڕووداوەدا.

سەیفەدین کە برا گەورەی زاهیرە بە (ڕووداو)ی گوت "کاتێک لە نەخۆشخانەی فریاکەوتن پشکنین بۆ براکەم کرا گوتیان هیچ عەیبی نییە و دەتوانن بیبەنەوە ماڵەوە، باشە ئەگەر براکەی من هیچ عەیبێکی نەبوو، بۆچی مرد؟".

وەک سەیفەدین دەڵێت سەرەتا یەکێک لە پزیشکەکان گوتوویەتی زوو بیبەن بۆ هەولێر، بەڵام دوای سێ کاژێر ئینجا بەڕێیان کردووە بۆ هەولێر.

سەیفەدین گوتی "لەتیشکدا دەرکەوتبوو کە یەکێک لە پەراسووەکانی پشتی شکاوە، هەروەها سەریشی ئازاری پێگەیشتووە، بەڵام پێیانگوتین تووشی خوێنبەربوونی مێشک بووە". سەیفەدین هۆکاری دیارینەکردنی حاڵەتەکان لە نەخۆشدا بۆ نەشارەزایی و نەبوونی دکتۆری پسپۆڕ لە بوارەکانی مێشک لە نەخۆشخانەکانی سۆران دەگەڕێنێتەوە و دەڵێت "ئەگەر زوو حاڵەتی خوێنبەربوونەکە دیاریکرابایە دەتوانرا کۆنترۆڵ بکرێت".

سەیفەدین دەڵێت کە جگە لەوەی براکەی درەنگ ڕەوانەی نەخۆشخانە کراوە، لە هەمانکاتدا ئەو ئەمبولانسەی زاهیری دەگواستەوە، ئۆکسجینەکەی ناوی کێشەی هەبووە و لە ڕێگادا چوار جار لایداوە بۆ نەخۆشخانەکانی خەلیفان و هەریر و شەقڵاوە.

سەیفەدین گوتی "لەڕێگا زۆر دواکەوتین و سات بە ساتیش ڕەوشی تەندروستیی زاهیر خراپتر دەبوو، کاتێک بە کاکی شۆفێرمان دەگوت کەمێک خێراتر بڕۆ، دەیگوت ملیۆنێک دینار قەرزدارم، لە کامێرای هاتوچۆ نادەم".

بەڵام دکتۆر کاروان جەمال، بەڕێوەبەری نەخۆشخانەی ئاشتی لە سۆران، هەموو ئەو تۆمەتانە ڕەتدەکاتەوە کە خراوەتە پاڵ ئەوان بەوەی کەمتەرخەم بووبن بەرامبەر ڕزگارکردنی گیانی ئەو پێشمەرگەیە.

ناوبراو گوتی "کەسوکاری زاهیر، سکاڵایان لەلای وەزارەتی تەندروستی و پارێزگاری هەولێر کردووەو دەزگاکانی ڕاگەیاندنیان تێگەیاندووە، ئێستا لیژنەیەک هەیە با لەڕووی زانستییەوە بەدواداچوونی خۆی بکات، ئەگەر ئەو قسانەی ئەوان سەلمێنرا، ئێمە بۆ هەموو ئیجرائاتێک ئامادەین".

دکتۆر کاروان گوتیشی "زاهیر بەهۆی خوێنبەربوونی مێشکەوە گیانی دەرچووە، نەک بەهۆی نەبوونی ئۆکسجینەوە، ئەو دکتۆرەی کە لەگەڵ نەخۆشەکە ڕەوانە کراوە بۆ هەولێر، ڤیدیۆی هەیە کاتێک لە خەلیفان دەردەچن، زاهیر بەهۆی خوێنبەربوونەوە مێشکی لەکارکەوتووە، لەو کاتانەشدا ئۆکسجین هیچ کاریگەری نابێت".

هەروەها لەسەر دواکەوتن و خێرا نەڕۆیشتنی ئەمبولانسەکەش، دکتۆر کاروان دەڵێ "کەسێک لە شوێنێکی بەرز کەوتبێتە خوارەوە و ئازارێکی زۆر بە بڕبڕەی پشتی گەیشتبێ، مەترسی ئەوەی لێ دەکرێت هەر کاتێک ئەو فەقەراتە تووشی لێکترازان بێ، کەسەکە هەردوو قاچەکانی لەکار بکەون و شەلەل بێت، بۆیە پزیشکەکە بە شۆفێرەکەی گوتووە خێرا مەڕۆ".

بەڵام نەیشاردەوە ئۆکسجینی نێو ئەمبولانسەکە کێشەی هەبووە و دەڵێت "سۆندەی ئۆکسجینەکە کێشەی هەبوو، 80% ئۆکسجینی داوە بە نەخۆشەکە، کارمەندەکانی ئێمە وایان زانیوە کە بوتڵەکان ئۆکسجینیان تێدا نەماوە، بۆیە لە شەقڵاوە لایانداوە تاوەکو دڵنیا ببنەوە لە ئۆکسجینەکە، لەوێ دەرکەوتووە کێشە لە ئۆکسجینەکەدا نییە، بەڵکو لە فلتەرەکەدا بووە، دوای خاوێنکردنەوەی هیچ کێشەیەک لە ئۆکسجینەکەشدا نەماوە".

بۆچی سەرەتا پزیشکەکان حاڵەتەکەی زاهیریان دەستنیشان نەکردووە کە تووشی خوێنبەربوونی مێشک بووە؟ دکتۆر کاروان دەڵێت "ئەو کاتەی لەلایەن دکتۆرەوە پشکنینی بۆ کراوە، هیچ خوێن بەربوونێک بەدی نەکراوە، باری تەندروستیی زاهیر زۆر باش بووەو قسەشی کردووە، خوێنبەربوونەکە لە مێشکی بووە و هەر بەو هۆیەشەوە مردووە".

# مشک جووتیارانی بنگرد دەخاتە حاڵەتی ئامادەباشییەوە



عومەر چاوشین
ڕووداو- بنگرد

بەهۆی زۆربوونی مشک، جووتیارانی ناحیەی بنگرد لە قەزای دووکانی سەر بە پارێزگای سلێمانی کەوتوونەتە حاڵەتی ئامادەباشی و ترسیان هەیە مشک ڕەنجی ئەمساڵیان بەبادا بدات. کشتوکاڵی ناوچەکەش دەڵێت بەهۆی قەیرانی داراییەوە ناتوانن کۆمەکی جووتیاران بکەن تاوەکو مشکی ناو زەوییەکانیان قەڵاچۆ بکەن.

حەمە عەلی، 50 ساڵ، جووتیارێکی ناحیەی بنگردە، دەڵێت پێشتریش مشک لە زەوییەکانیان هەبووە و زیانی پێگەیاندوون، بەڵام هیچ ساڵێک وەکوو ئەمساڵ مشک زۆر نەبووە "مشک بووەتە ئافات بۆ دانەوێڵەکانمان، باش بوو خۆمان فریای کەوتووین و زۆرمان لێ قەڵاچۆ کردن، ئەگەرنا بە تەمای حکومەت بووینایە، ئەمساڵ نەدەبووینە خاوەنی ڕبە گەنمێکیش".

سەبارەت بە چۆنیەتی قەڵاچۆکردنی مشکەکان، حەمە عەلی دەڵێت ئەو ژەهرەی مشکەکەی پێدەکوژین تێکەڵ بە چیپسی دەکەین و دەیخەینە کونی مشکەکانەوە، مشکەکە چیپسەکە دەخوات و بەهۆی کاریگەریی ژەهرەکەوە دەتۆپێ. بەڵام عەلی ترسی لەوە هەیە ئەو ژەهرە کاریگەری لەسەر ئەوان هەبێت و دەڵێت "دەبێ زۆر وریای خۆت بیت، چونکە ئەگەر ئاگادار نەبیت و بگاتە ناو دەمت یان کۆئەندامی هەناسەت، ئەوا دەتکوژێت، بۆیە کە ژەهرەکە دادەنێینەوە چەند جارێک دەستمان بە ئاوی گەرم و سابوون دەشۆین، تاوەکو ژەهرەکە کارمان لێ نەکات".

عومەر حامید، جووتیارێکی دیکەی ناوچەی بنگرد، 300 دۆنم زەوی چاندووە، ماوەی چەند ڕۆژێک لە نێو زەوییەکانیدا خەریکی ژەهرخواردکردنی مشکەکان بووە، بۆ ئەوەی زیان بە دانەوێڵەکەی نەگەیەنن.

بە گوتەی حامید، لە هاوینی ئەمساڵدا مشک زاوزێیەکی زۆری کردووە کە پێشتر وێنەی نەبووە، بەهۆی کێڵانی زەویشەوە ئەو مشکانە هاتوونەتە سەر زەوی و ئەو دانەوێڵەیەی جووتیاران دەیچێنن، مشکەکان هەڵیدەگرنەوە.

عومەر دەڵێت "ئەو مشکە لە مشکی نێو ماڵاندا جیاوازە، کلکی کورتترە و ڕەنگی مەیلەو سوورە، گەورەترە لە مشکی ماڵان، بەڵام لە جورج بچوکترە و چالاکترە لە مشکی ماڵان".

ناحیەی بنگرد لە 57 گوند پێکدێ، 263 هەزار دۆنم زەوی کشتوکاڵی هەیە، بەڵام تەنیا 60 دۆنمی بۆ چاندنی دانەوێڵە دەشێت و ساڵانە نزیکەی 50 دۆنم زەوی بە دانەوێڵە دەچێندرێ.

کێڵانی زەوی دەبێتە ژینگەیەکی لەبار بۆ مشکەکان، ئەوان هەر لەگەڵ کێڵانی زەوی کە زەوییەکە فشەڵ دەبێ، کونی بچووک بچووک لە تەنیشت یەکدی دروست دەکەن و خۆیان بۆ وەرزی سەرما ئامادە دەکەن. لەگەڵ سەوزبوونی دانەوێڵە، مشکەکان بە ددانەکانیان لاسکی دانەوێڵەکە دەقرتێنن، بەڵام ئەگەر ساڵێک مشک زۆر بێت، ئەوا لە نێو جووتیاران بە ئافاتی مشک نێودەبرێ.

ئەمیر حەمە، بەڕێوەبەری هۆبەی کشتوکاڵی ناحیەی بنگرد دەڵێت ئەوان ئاگادارن ئەمساڵ مشک لە نێو زەوی جووتیاران زۆر بووە. ئەو گوتی "هەر کاتێک دانەوێڵە شین دەبێت، مشکەکان قەدەکەی دەقرتێنن و گەشەی دوادەخەن و درەنگتر هەڵدەداتەوە. گەنمەکە نافەوتێ، بەڵام ئەگەر مەترسی وشکەساڵی هەبێت مەترسی وشکبوونی دانەوێڵەکەش زیاد دەکات".

سەبارەت بە هاوکارینەکردنی جووتیاران بۆ لەنێوبردنی قرتێنەرەکان، ئەمیر گوتی "بۆیە هاوکاریمان نەکردوون، چونکە خەرجی لەناوبردنی مێروو و قرتێنەرەکان زۆر کەمە و جووتیاران خۆیان دەتوانن دابینی بکەن، بەڵام هەرکات بێنە لامان دەتوانین ڕێنماییان بکەین بۆ چۆنیەتی لەنێوبردنی قرتێنەرەکان".

بەڕێوەبەری هۆبەی کشتوکاڵی بنگرد، هۆکاری زیادبوونی ئەو قرتێنەرانەی ئاشکرا کرد و گوتی "جووتیارەکان هەموو ساڵێک لەسەر یەک زەوییەکانیان دەچێنن و پشووی پێنادەن، ئەمەش یەکێکە لە هۆکارەکانی زۆربوونی مێروو و قرتێنەرەکان".

ڕووداو
ژمارە (387) دووشەممە 2015/12/14

## لەڕێی تورکیاوە گەیشتوونەتە ئەمریکا

# داعش بایی 35 ملیۆن دۆلار شوێنەواری فرۆشتووە



ڕووداو– جمهوریەت

بەگوێرەی ڕاپۆرتێکی دەزگای پاراستنی دیموکراسییەکان (FDD) کە یەکێکە لە تینک تانکەکانی ولایەتە یەکگرتووەکان، ساڵی ڕابردوو دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام (داعش) فرۆشی دراوە کانزاییەکانی لەڕێی تورکیاوە دووقات زیاد کردووە. لەو ڕێگەیەشەوە 2.3 ملیۆن دۆلاری دەستکەوتووە.

کۆمیسیۆنی بازرگانیی ئەمریکی، قەبارەی بازرگانیکردنی بەو شوێنەوارە مێژووییانە خستەڕوو کە داعش لەڕێی تورکیاوە فرۆشتوونی. ئەو شوێنەوارانەش بریتی بوونە لە زێڕ، دراوی کانزایی، شوێنەوارە مێژووییەکان و تابلۆ.

بەگوێرەی ڕاپۆرتی ئەو کۆمیسیۆنە ئەمریکییە، داعش تەنیا لەڕێی تورکیاوە بایی 35 ملیۆن دۆلار شوێنەواری ئەو شوێنانەی داگیری کردوون، بە ئەمریکا فرۆشتووە.

لەگەڵ دەستپێکردنی شەڕی ناوخۆی سووریا، دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام بووە ئەکتەری هەرەسەرەکیی ناسەقامگیری لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. سەرچاوەی داهاتی سەرەکی و ئاشکرای داعشیش بازرگانی بە قاچاخبردنی نەوتە، بەڵام زۆر لەبارەی سەرچاوە نهێنییەکەی داهاتی ئەو ڕێکخراوە نازانرێت کە بریتییە لە بازرگانیکردن بە شوێنەوارە دزراوەکان.

دەزگای پاراستنی دیموکراسییەکان کە مەڵبەندەکەی لە واشنتنە، ڕاپۆرتێکی بڵاوکردەوە، تێیدا هاتووە کە قاچاخچێتی بە شوێنەوارەکان، سەرچاوەیەکی گرنگی داهاتی داعشە. ڕاپۆرتەکە پشت بە ئاماری کۆمیسیۆنی بازرگانیی نێودەوڵەتیی ئەمریکا دەبەستێ و هەریەک لە یایا فانوسای، توێژەری هەواڵگری و ئەلێکس ژۆڤی، پسپۆڕی شوێنەوارناسی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، واژۆیان لەسەر کردووە و پشتڕاستیان کردووەتەوە.

بە گوێرەی ئەو ڕاپۆرتە، داعش لە بازرگانیی شوێنەواردا بە چوار ڕێگە پارە کۆدەکاتەوە: مۆڵەتدان، وەرگرتنی باج، دزینی ڕاستەوخۆ و فرۆشتنی ڕاستەوخۆ. بیرۆکراتیی داعش چەندین ئیدارە بەڕێوەدەبات. ئەوەی بەرپرسە لە مەسەلەی مۆڵەتدان، ئەندامی دیوانی سەرچاوە سروشتییەکانە. بەگوێرەی ئەو زانیاریانەی لە ساڵی 2014ەوە بەدەستهاتوون، ئەبو سەیاف، بەرپرس بووە لە شوێنەوارەکان و بەبێ مۆڵەتی ئەو گەڕان و کۆڵین بەدوای شوێنەواردا نەدەکرا.

ئەبو سەیاف لە ئۆپەراسیۆنێکی هێزێکی تایبەتی ئەمریکادا لە ناوەڕاستی مانگی ئایاری ئەمساڵ لەناو خاکی سووریا کوژرا.

### به حەوت وڵاتدا تێپەڕ دەبێت

ڕادیۆی (BBC) لەمانگی شوباتی ڕابردوودا گفتوگۆیەکی لەگەڵ قاچاخچییەکی شوێنەوار لە نزیک سنووری سووریا و تورکیا سازکرد. قاچاخچییەکە گوتی "پارچە شوێنەوارێک نرخەکەی دەگاتە ملیۆنێک و 100 هەزار دۆلار، بەڵام لانیکەم دەبێت 20%ی باجی ئەو پارچە شوێنەوارە بدەیتە داعش کە دەکاتە 220 هەزار دۆلار، ئەوەش داهاتی یەک پارچە شوێنەواری بە قاچاخ براوە".

لەبازرگانیی شوێنەواردا هەریەک لە تورکیا و لوبنان بە دوو ناوەندی هەستیار دادەنرێن. داعش ئەو شوێنەوارانە بە حەوت وڵاتدا دەگەیەنێتە ئەمریکا. تورکیا لەسەرووی هەموو ئەو وڵاتانەوە دێت، لە دوای ئەو ئیسرائیل، سووریا، عێراق، لوبنان، قوبرس و ئوردن دێن.

لەلایەکی دیکەوە، بەگوێرەی پێشبینیەکان داعش لە ساڵانی 2013 و 2014دا لەهەریەک لە قەتەر، کوێت و سعودیە بە ڕێگای بەخشیش یان بە ڕێگای سیستەمی نەختینەیی بانکی، 40 ملیۆن دۆلاری لەو بازرگانیەدا دەستکەوتووە.

بە گوێرەی ڕاپۆرتی ئەو دوو دەزگایەی ئەمریکا، ئەو پارەیەی داعش لە ڕێگەی فرۆشتن و باج خستنە سەر شوێنەوارە دزراو و بەتاڵان براوەکانەوە دەستی دەکەوێ، هیچی کەمتر نییە لەو پارەیەی لە ڕێگەی فرۆشتنی نەوتەوە دەستی دەکەوێت.

داعش زۆر بە چڕی چاودێریی ئەو ناوچانە دەکات کە شوێنەواریان لێیە، خەڵکەکە ناچار دەکات بەر لەوەی بەدوای شوێنەواردا بگەڕێن مۆڵەت لەوان وەربگرن. چەکدارانی داعش 20%ی باج دەخەنە سەر ئەو پارچە شوێنەوارانەی کە هاوولاتیان بە قاچاخچییەکانی شوێنەواری دەفرۆشن.

کڕیاری سەرەکیی ئەو شوێنەوارانەش وڵاتانی ئەوروپا و ئەمریکان. بەمجۆرەش لەلایەک شەڕی تیرۆر دەکەن، لەلایەکی دیکە بە بازرگانیی شوێنەوار پارە بۆ دوژمنەکەیان دابین دەکەن.

بەگوێرەی ئامارە فەرمییەکانی ئەمریکا، بازرگانیی شوێنەوار کە لەنێوان نیمچە دوورگەی عەرەبی و دەریای سپی دەکرێت، لەساڵی 2010 تاوەکو ئەمڕۆ 23% زیادی کردووە.

بەگوێرەی کۆمیسیۆنی بازرگانیی ئەمریکا، هاتنی پارچە شوێنەوار لە عێراقەوە بۆ ئەمریکا لە نێوان ساڵانی 2010 تاوەکو 2014 بە ڕێژەی 412% زیادی کردووە.

دەزگای پاراستنی دیموکراسییەکان لە ئەمریکا، لەدوای 11ی سێپتەمبەری 2001 دامەزراوە، بۆ ئەوەی هاوکاریی وڵاتانی ئازاد بکات تاوەکو خۆیان لە تیرۆر بپارێزن. ئەو دەزگایە کە لەسەر ئاسایشی نێودەوڵەتی و سیاسەتی دەرەوە کار دەکات، بۆ بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر و پێشکەوتنی دیموکراسی ڕاپۆرت ئامادە دەکات.

### 35 ملیۆن دۆلاری تێپەڕاندووە

بەپێی ڕاپۆرتەکە، ئەو دراوە کانزاییانەی لە نێوان ساڵانی 2010 تاوەکو 2014 لە ڕێگای تورکیاوە گەیشتوونەتە ئەمریکا، بەهاکانیان دووقات گرانتر بووە. ڕاپۆرتەکە ئاشکرای کردووە، داعش لەڕێی تورکیاوە بایی 35 ملیۆن و 23 هەزار دۆلار شوێنەواری ڕەوانەی ئەمریکا کردووە. لە ڕاپۆرتەکەدا هاتووە کە سەربازانی تورکیا تا ساڵی 2014 چاوی خۆیان لە هاتن و چوونی داعش لە سنوورەکان گرتووە.

**ڕۆژنامەی (جمهوریەت)ی تورکی، ژمارەی ڕۆژی 2015/12/6**

# هەڵمەتی سەربازی ئاو دەکاتە ئاشی داعشەوە؟



پۆڵ دەیڤس *

واشنتن ئەمجارەش بۆی دەرکەوتەوە کە تیرۆریستان دەستیان درێژە و باکیان بە کاردانەوەی ولایەتە یەکگرتووەکان نییە. هێرشەکەی سان بێرناندینۆ (کالیفۆرنیا) سەرکردایەتیی سیاسی لە واشنتن ڕاچڵەکاند کە دەمێک بوو دەیانگوت شتی وا ناتوانێت لە ئەمەریکا ڕووبدات. یەکەمجار گوتیان دەبێ یاسای قەدەغەکردنی چەک پتەوتر بکرێت و دواتریش هەوڵیان دا هێرشەکە ببەستنەوە بە توندوتیژیی کارمەندەکان لەناو خودی شوێنەکەدا. سەرکردە سیاسییەکانی ئەم وڵاتە و ئەکادیمییەکانی ئەوەندە تامەزرۆی یاریکردن بە وشە و ئایدیۆلۆژیان کە پێناچێ چیدی ببینین لە ئەرزی واقیعدا چی خەریکە ڕوودەدات.

پێموایە زۆرینەی خەڵک دەیانزانی کە ئەمە کردەوەیەکی تیرۆریستییە و لەلایەن خەڵکانێکی توندئاژۆ کرابوو. بێگومان ئەمە لە واشنتنیش شاراوە نەبوو، بەڵام کۆشکی سپی چونکە دەیزانی لە بەرژەوەندییدا نییە، بۆیە تا توانی دانی بەم ڕاستییەدا نەنا. دواجار ئێف بی ئای هاتە دەنگ و ڕایگەیاند کە وەک هێرشێکی تیرۆریستی لە ڕووداوەکەی سان بێرناندینۆ دەکۆڵێتەوە.

ئیدارەی ئۆباما و وەزارەتی داد ئێستا خەریکن لە بابەتەکە دەکۆڵنەوە، بەو هیوایەی بەرژەوەندیی وڵاتەکەیان لەبەرچاو بێت. یەکێک لە یاسا نەنووسراوەکان لە ئەمەریکا پێشتر ئەوە بووە کە لە سیاسەتی دەرەوەدا دەبێ یەکدەنگی هەبێت و هەموانیش پابەندی بن. ئەم یاسایە دەبێ بۆ ئێستاش هەروا بێت. باس و چەلەحانەی ئایدیۆلۆژی بۆ کۆڕ و کۆبوونەوەکان خۆشە، بەڵام کاتێک وڵات دەکەوێتە شەڕەوە، سەرکردایەتیی سیاسی بە هەموو ڕەنگە جیاوازەکانییەوە دەبێ یەکدەنگ بن.

سەرۆک ئۆباما دەبێ واز لەو نیگەرانییەی بهێنێ کە پێیوایە هەر هێرشێکی سەربازیی ئەمەریکا بۆ سەر داعش، ئاو دەکاتە ئاشی ئەم گرووپە تیرۆریستییەوە. بە دڵنیاییەوە هەر هەڵمەتێکی سەربازیی ئەمەریکا پەرچەکرداری داعش و تیرۆریستەکانی دیکەی بەدوادادێت، چونکە ئەم گرووپانە دەستیان زۆر دەڕوات. کاتی ئەوە هاتووە کە لەجیاتی هێرشی سەربازیی زیاد و کەم لێرە و لەوێ، بە هێزێکی یەکلاکەرەوە پەلاماری دوژمنانی دونیای شارستانی بدرێت و لەناوببرێن. ئەگەر وڵاتە سوننییەکانی وەک سعودیە ئامادە نین بەشداری ئەو هەڵمەتە بن، پێویستە وڵاتانی هاوپەیمان بکەونە یەک ڕیزەوە. کورد لە عێراق و سووریا و جەنگاوەرەکانیان تاکە ڕێگەچارەی هەنووکەیین کە دەتوانن کۆمەکی ئەمەریکا بکەن لە تێکشکاندنی داعشدا.

ئەگەر بەغدا لاریی هەیە لەوەی هێزەکانی ئەمەریکا لە عێراقەوە بێنە ناو شەڕ، با ئەمەریکا لە هەولێرەوە گورزەکانی بوەشێنێ. ئەگەر ئەمەش بۆڵەبۆڵی لێکەوتەوە، ڕێگە بدەن کورد سەربەخۆیی ڕابگەیەنێت و با ئەمریکاش یەکەم وڵات بێت کە دانی پێدا بنێ. ئەگەر تورکیا لاریی هەبوو، دەکرێت ئەمەریکا هێزەکانی لەوێ بکشێنێتەوە و بیانباتە ناو خاکی کوردستان. فڕۆکەخانەکانی هەولێر و سلێمانی دەتوانن ئاسانکاری بۆ فڕۆکەکانی ئەمەریکا بکەن.

چواردە کوژراو ئەگەرچی بە بەراورد لەگەڵ ئەوانەی لە عێراق و سووریا هەموو ڕۆژێک دەکوژرێن ژمارەیەکی بچووکە، دیسانیش ئەم چەندە بەسە بۆ ئەوەی هانی سەرکردایەتیی ئەمەریکا بۆ هێرشی سەربازی بدات. بەو ئومێدەوە کە چیدی سەرکردایەتیی ئەمەریکا چاوی لە ئاستی ئەو ڕووداوانە دانەخات. هیوادارم کە دونیا بۆ لەناوبردنی داعش بچێتە یەک ڕیزەوە و دونیای موسڵمانیش ئەم هێرشە یەکلاکەرەوە بە دژایەتی بۆ سەر خۆی لێک نەداتەوە، بەڵکوو وا وەریبگرێت کە ڕۆژئاوا دەیەوێت ئاشتیانە لە تەنیشت ئیسلام بەیەکەوە بژین و شەڕ دژ بە تیرۆریزمە نەک موسڵمانان.

دەبێ واز لەو جۆرە دونیابینیە بهێنین کە ڕێگە بە تیرۆریست و دیکتاتۆر دەدەن گەشە بکەن. پەندێکی دێرین هەیە کە دەڵێت تاکە شتێک شەیتان بۆ سەرکەوتن پێویستی پێیە، ئەوەیە کە خەڵکی باش دەستەوەستان دابنیشن. ئەمڕۆ خەڵکێکی زۆر لە ئەمەریکا دەڵێن سەددام حوسێن هێندە خەراپ نەبوو، ئەمەریکا دەبووایە ڕێگەی بدات بمێنێتەوە. من دەزانم زۆر کورد و عەرەبی ڕزگاریخواز دژی ئەم بۆچوونەن. خراپ هەر خراپە و ئەرکی دونیا ئەوەیە لەناوی ببات.

ئەمە سێیەم هێرشی سەر ڕۆژئاوایە، دوو لە پاریس و یەک لە کالیفۆرنیا. ئێستا کاتی ئەوەیە کۆتایی بەم بەزمە بهێنین. ئەگەر هەموو بەشدار دەبن، زۆر باشە. ئەگەر تەنیا کورد و ئەمەریکا ئەم ئەرکە دەگرنە ئەستۆیان، کێشە نییە، بەڵام چیدی قسە مەکەن، کاتی کردارە. کۆشکی سپی دەترسێت لەوەی ئەگەر هەڵوێستی سەربازیی وەربگرێت، ڕەنگە ئاگری داعش خۆشتر بکات. دیارە سەرۆک ئۆباما ئاگای لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست نییە، چونکە لەڕاستیدا داعش ئاگرێکی کردووەتەوە کە لەوە خۆشتر نابێ و خەڵکێکی زۆریشی لەگەڵدایە. سەرکردایەتیی سەربازیی ئەمەریکا باشتر ئاگای لە ئەرزی واقیع هەیە و هەر بەم دواییەش وەزیری بەرگری و سوپاسالاری هێزەکانی ئەمەریکا ئەوەیان درکاند کە کورد باشترین هۆکارن بۆ تێکشکاندنی داعش.

بەو هیوایە کە لە کاتێکدا کۆشکی سپی خەریکی خۆکۆکردنەوەیە، لایەنەکانی دیکەی ناو حکومەت سەرۆک ئۆباما ناچار بکەن کە ئەوەی دروستە بیکات و بە کۆمەکی کورد داعش لەناوببات. ئەوەی ئێمە لە هێرشەکەی کالیفۆرنیا بینیمان نیشان دەدات کە جارێ داعش کاری ماوە لە ئەمەریکا بیکات.

***پۆڵ دەیڤس، توێژەرێکی خانەنشینە و بۆ هەواڵگریی سەربازیی سوپای ئەمەریکا کاری کردووە. ئێستا ڕاوێژکاری هەواڵگریی ئەمەریکایە و پسپۆڕە لە کاروباری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بە تایبەتی پرسی کورد. سەرۆکی کۆمپانیای ڕاوێژکاریی جانوسە لە واشنتن.**

# وەرزی سەرما.. وەرزی نەخۆشکەوتنی منداڵان

سەرومەر سالار
رووداو- سلێمانی

لەگەڵ هاتنی وەرزی سەرمادا، دیمەنی ئەو باوک و دایکانە زۆرتر دەبینرێ کە منداڵەکانیان لە باوەش گرتووە و لە چاوەڕوانی بینینی پزیشکدان. نێوەندە زانستییەکان دەڵێن منداڵان لە گەوران زۆرتر مەترسیی پەتاکانی زستانیان لەسەرە. پزیشکانیش دەڵێن دەبێ ئیدی دایک و باوکان لە سروشتی نەخۆشییەکان بگەن و بزانن کە هەندێک لەو دەرمانانەی وەریدەگرن، نەک سوودیان نییە، بەڵکو زیانبەخشیشن.

رابەر دەڵێ ئەوە سێ هەفتەی تەواوە هەردوو منداڵەکەی بەدەست پەتاوە دەناڵێنن "کوڕەکەم تای هەیە و کچەکەم زۆر دەکۆکێ". وەک باسیشی دەکات، زیاتر لە دەرمانێکی بۆ تاقیکردوونەتەوە، بێئەوەی هەست بە باشبوونیان بکات.



کۆتایی پایز و سەرەتای زستان، وەرزی نموونەیی بڵاوبوونەوەی پەتاکانی کۆئەندامی هەناسەن کە نەخۆش تووشی یەکێک یان زیاتر لەم نیشانانە دەبێت: لووتگیران، سووربوونەوەی چاو، ئاو لە لووت هاتن، سووتانەوە و توندبوونی قورگ، کۆکە، تا و لەش داهێزران.

هاووڵاتیان وەها تێگەیشتوون کە سەرما راستەوخۆ منداڵەکانیان تووشی هەڵامەت و پەتا دەکات، بەڵام پزیشکەکان دەڵێن رۆڵی سەرما ناڕاستەوخۆیە و خودی سەرماکە نابێتە هۆی تووشبوون بە پەتا.

د.عەبدولفەتاح هەورامی، هەڵگری بڕوانامەی پزیشکیی کۆمەڵ، هۆکارەکانی بڵاوبوونەوەی پەتاکانی کۆئەندامی هەناسە لە وەرزی زستان بۆ چەند هۆکارێک دەگەڕێنێتەوە لەوانە "لە وەرزی سەرمادا هاووڵاتیان زۆرتر لە نێوماڵ و شوێنە داخراوەکان دەمێننەوە و ئەوەش کەشێکی گونجاوە بۆ گواستنەوەی ڤایرۆسەکان لەنێوانیاندا".

نێو لووت و کەناڵەکانی هەناسە شلەیەکی لینجیان تێدایە کە میکرۆبە نەخۆشخەرەکان رادەماڵێت، بەڵام هەوا ساردو وشکەکەی ئەم وەرزە ئەو شلەیەی نێو جەستەش کەم دەکاتەوە کە بە بڕوای د.عەبدولفەتاح ئەو میکرۆبانە توانای مانەوە لەنێو جەستە و نەخۆشخستنی کەسەکەیان زۆرتر دەبێت. هەروەها دەڵێت "ئەو میکرۆبانەی دەبنە هۆی پەتا بڵاوەکانی کۆئەندامی هەناسە، لە هەوای سارد و وشکدا زۆرتر دەمێننەوە، بەوەش چانسی نەخۆشخستنی خەڵکی زۆرتر دەبێت.

بۆچی منداڵان زۆرتر نەخۆش دەکەون؟

سەنتەری کۆنترۆڵکردن و پێشگیری لە نەخۆشییەکان (CDC) لە ئەمریکا دەڵێت منداڵان 2-3 ئەوەندەی گەورەکان زۆرتر تووشی پەتاکانی کۆئەندامی هەناسە دەبن و هەر منداڵێک دوور نییە ساڵانە 8-9 جار پەتا بگرێت، ئەوەش بەهۆی پێنەگەیشتوویی و لاوازیی کۆئەندامی بەرگریانەوەیە.

سەبارەت بە بڵاوترین ئەو پەتایانەی ئێستا و لە وەرزی دەستپێکردنی سەرمادا لە کوردستان دەبینرێن، د.کۆیان زاهیر هەڵگری بڕوانامەی بۆرد لە نەخۆشییەکانی منداڵان دەڵێت "ئێستا حاڵەتەکانی هەوکردنی بۆریچکەکانی هەوا، هەوکردنی سییەکان، کۆکەڕەشە، هەوکردنی لەوزەتێن و ئالۆزبوونی رەبۆ زۆر دێنە لامان".

وەک ئەو پزیشکە پسپۆڕەی منداڵان گوتی، زۆربەی ئەو حاڵەتانە ڤایرۆسین و کاتێک کەسەکە تووشی دەبێت، دەرمانێکی تایبەت نییە کە ڤایرۆسەکان لەنێوببات، بەڵکو ڤایرۆسەکە دەبێت هەر سوورەکەی خۆی تەواو بکات "تاوەکو وای لێ نەیەت کار لە رۆتینەکانی ژیانی رۆژانەی وەک خەو و خۆراکی بکات، چارەسەرێکی ئەوتۆی ناوێت".

د.کۆیان دەڵێت هەر کە نیشانەکانی پەتا دەرکەوتن، دەبێت دایک و باوک هەندێک رێوشوێنی سادە بگرنەبەر "پشوودان و نووستنی پێویستی منداڵ، زۆر خواردنەوەی شلەمەنییەکان، میوەکان، فێنککردنەوەی منداڵ ئەگەر پلەی گەرمی بەرز بوو".

سەبارەت بە دەرمانیش، دەڵێت تەنیا دەرمانی دابەزێنەری پلەی گەرمی پێبدرێت لە نموونەی پاراسیتۆڵ و پرۆفین و بە هیچ جۆرێک بەبێ ئاگاداریی پزیشک دەرمانی دژەزیندەی پێنەدرێت "بەداخەوە لای ئێمە کە منداڵ دەهێنرێتە لای پزیشک ئەنتی بایۆتیکی بۆ کردراوە، ئەوەش کارێکی نازانسییانە و هەڵەیە، چونکە لە زۆربەی حاڵەتەکاندا هۆکارەکە ڤایرۆسە، لەکاتێکدا دەرمانەکە دژە بەکتریایە، لەلایەکی دیکەوە ئەگەر بەکتریاییش بێ، چاکنەبوونەوەی منداڵەکە نیشانەی هەڵە هەڵبژاردنی دەرمانەکەیە".

دەرمانە دژە زیندەکان جگە لەوەی پەتا ڤایرۆسییەکان چاک ناکەنەوە، بە لەنێوبردنی بەکتریا سوودبەخشەکان کۆئەندامی بەرگریی جەستە لاواز دەکەن و ئەگەری تووشبوون بە پەتاکان لە ئایندەدا زیاتر دەکەن.

جگە لە کڕینی دەرمان بێ گوێدانە بنەما زانستییەکان، وەک دکتۆر کۆیان دەڵێت، خەڵکیی لە سروشتی دەرمانەکانیش تێناکەن "دەرمانی دژە زیندە بەگشتی 48-72 کاژێریان دەوێ تاوەکو کاریگەریی تەواویان دەربکەوێ، کەچی هەندێک دایک و باوک ئەگەر دوای یەکەمین ژەم منداڵەکەیان بە دەرمانەکە باش نەبوو، دەچنە لای پزیشکێکی دیکە و دەڵێن ئەو دەرمانەی پێشوو بێسوود بوو".

## بۆ دووربوونی منداڵ لە پەتا

1- شووشتنی دەستی منداڵ بە ئاو و سابوون، لە رێگە هەرە کاریگەرەکانە بۆ رزگاربوون لە ڤایرۆس و بەکتریا نەخۆشخەرەکان.

2- منداڵەکانتان فێر بکەن دەست بۆ چاو و لووتیان نەبەن: دەست چەندین زیندەوەری نەخۆشخەری پێوەیە، کاتێک بەر چاو و لووت دەکەوێ، زیندەوەرەکان دەچنە سەر لینچە پەردەکان و لەوێوە دەگەنە سووڕی خوێن.

3- داینگە و باخچەکانی ساوایان، کاتێک منداڵ پەتای هەبوو وەرینەگرن و بینێرنەوە ماڵەوە، بۆ ئەوەی منداڵی دیکەش تووش نەکات.

4- هانی نووستنی پێویست، پشووی ئارامی شەوان و چالاکی جەستەیی رۆژان بدە و خۆراکی تەندروستی پێبدە، هەموو ئەوانە بەرگری جەستە لەدژی زیندەوەرەکان زیاد دەکەن.

## چ کاتێک منداڵ ببرێتە لای پزیشک؟

پسپۆڕانی ماڵپەڕی بەیبی سێنتەری ئەمریکی دەڵێن دەبێ لەو حاڵەتانەدا منداڵ ببرێتە لای پزیشک:

1- ئازاری گوێ کە نیشانەی هەوکردنی گوێیەکانە.

2- قورگئێشەیەکی ئەوتۆ کە لەمپەر بخاتە بەردەم خواردنەوەی شلەمەنی پێویست.

3- تەنگەنەفەسی و خیزەی سنگ.

4- بەرزبوونەوەی پلەی گەرمی بۆ سەرووی 39 پلەی سیلیزی.

# بۆ پاراستنی جەستە، ددانەکانت بپارێزە



رووداو- webmd

توێژینەوەکان دەریانخستووە کە پەیوەندییەکی بەهێز لە نێوان ئەو نەخۆشییانەدا هەیە کە تووشی دەم و ددان دەبن و لەوێشەوە بەشەکانی جەستە نەخۆش دەخەن، یان بەهۆی نەخۆشییەکانی جەستەوە دەم و ددانەکانیش نەخۆش دەبن. لێرەدا باسی هەندێک لەو نەخۆشییانە دەکەین.

### 1 - هەوکردنی پووک و نەخۆشییەکانی دڵ:

هەندێک توێژینەوە دەڵێن نەخۆشیی پووک رێگە خۆشدەکات بۆ تووشبوون بە نەخۆشییەکانی دڵ. تاوەکو ئێستا روون نییە کە بە چ رێوشوێنێک ئەوە روودەدات، بەڵام پەیوەندییەکە بینراوەتەوە، بۆیە پێویستە وەک بەشێک لە پلانی پاراستنی دڵت، تەندروستی دەم و ددانت بپارێزی.

### 2 - هەوکردنی پووک و شەکرە:

شەکرە دەبێتە هۆی لاوازکردنی بەرگریی جەستە لە بەرامبەر زیندەوەرە نەخۆشخەرەکان. بەرزیی ئاستی شەکری خوێن دەبێتە هۆی زیادبوونی مەترسیی تووشبوون بە نەخۆشییەکانی پووک. هەروەک دەریشکەوتووە ئەوانەی هەوکردنی پووکیان هەیە، لەمپەر دەکەوێتە بەردەم کۆنترۆڵکردنی شەکرەکەیان. بۆیە دەبێت خەمی کۆنترۆڵکردنی شەکرە و خەمی خاوێنراگرتنی دەم و ددان هاوشانی یەکدی برۆن.

### 3 - وشکیی دەم و ددان و کلۆربوون:

ئەوانەی دەمیان وشکە و لیکیان کەمە، زۆرتر تووشی نەخۆشییەکانی دەم و ددان دەبن. وشکی دەم و ددان رەنگە هۆکارەکەی نەخۆشیی رۆماتیزمی شۆگرن بێت، کە تێیدا کۆئەندامی بەرگری بە هەڵە هێرش دەکاتە سەر لیکەڕژێنەکان و لەنێویان دەبات. ئەگەر دەمت زۆر وشکە و لیکت کەمە، سەردانی پزیشک بکە تا هۆکارەکەی ببینێتەوە و چارەسەرت بۆ دیاری بکات.

### 4 - هەندێک دەرمان لیک کەم دەکەنەوە:

دەرمانەکانی دژە هەستەوەری، وشککەرەکانی لووت کە لە هەڵامەتدا بەکاردێن، هەندێک دەرمانی دژە ئازار و هەندێکی دژەخەمۆکی دەبنە هۆی وشکبوونی دەم و ددان و کەمبوونەوەی لیک.

ئەگەر ماوەیەکی درێژ ئەو وشکییە بەردەوام بێ، ئەوە مەترسیی هەوکردنی پووک و کلۆربوونی ددان زیاد دەکات. ئەگەر بەشێوەی درێژخایەن ئەو دەرمانانەت بۆ نووسراوە، راوێژ بە پزیشکەکەت و پزیشکێکی ددان بکە و داوای رێوشوێن و چارەی ئەو کارە نەخوازراوەی دەرمانەکانیان لێ بکە.

### 5 - گوشاری دەروونی و ددانەچیرە:

گوشاری دەروونی، خەمۆکی و دڵەڕاوکێ ئەگەری تووشبوون بە نەخۆشی و ناسازییەکانی پووک و ددان زیاتر دەکەن. گوشاری دەروونیی درێژخایەن دەبێتە هۆی بەرزیی ئاستی هۆرمۆنی کۆرتیزۆڵ، ئەوەش پووکەکان و گەلێک ئەندامی دیکەی جەستە وێران دەکات. ئەوانەی گوشاری دەروونییان هەیە، کەمتر گرنگی بە ددەم و ددانیان دەدەن و زۆرتریش ئەگەری هەیە هەندێک نەریتی ناتەندروستانە پیادە بکەن، وەک: جگەرەکێشان، کحول، ددانە چیرە کە هەموویان زیان بە دەم و ددان دەگەیێنن.

### 6 - فشەڵبوونی ئێسک و لەدەستدانی ددان:

فشەڵبوونی ئێسک کار لە هەموو ئێسکەکانی جەستە دەکات، لەوانە شەویلگە، هەروەک دەبێتە هۆی لەدەستدانی ددان. بەشێک لەو دەرمانانەش کە بۆ چارەسەری فشەڵبوونی ئێسک دەنووسرێن، دەبنە هۆی راوەستانی سووڕی خوێنی بەشێک لە شەویلگە و ئەوەش دەبێتە هۆی مردنی ئێسکی شەویلگە و سەرەنجام تێکچوونی ددانەکان.

### 7 - کەمخوێنی و دەم و ددان:

لە کەمخوێنیدا پووک تووشی هەوکردن دەبێت و رەنگی کاڵ دەبێت، زمان تووشی هەوکردن و هەڵاوسان دەبێت و رووکارەکەی لووس و بە ئازار دەبێت. ئەگەر ئەم نیشانانەت هەیە، سەردانی پزیشک بکە.

### 8 - هەرس و ددان:

بەدهەرسی لەشێوەی گەڕانەوەی ترشی گەدە بۆ نێو دەم، زیانێکی زۆر لە میناى ددان دەدات و دەبێتە هۆی کلۆربوون و تێکچوونی ددان. هەروەک بەدخۆراکی و رێجیمی زۆر توندی خۆراکیش دەبنە هۆی لاوازیی ددان.

### 9 - ئایدز و ددان:

ئەوانەی ئایدزیان هەیە، بەهۆی لاوازیی سیستمی بەرگریی جەستەیانەوە کەڕوو لەنێو دەمیان پەیدا دەبێت، هەروەک تووشی برین و بڵقی پووک و نێودەم دەبن.

### 10 - رۆماتیزم و ددان:

ئەوانەی هەوکردنی رۆماتیزمی جومگەکانیان هەیە، هەشت ئەوەندەی خەڵکی ئاسایی تووشی نەخۆشییەکانی پووک و ددان دەبن. هەواڵە خۆشەکە ئەوەیە خاوێنڕاگرتنی دەم و ددان یارمەتی کۆنترۆڵکردنی نەخۆشییەکەیان دەدات.

### 11 - گورچیلە و ددان:

توێژینەوەکان دەریانخستووە ئەوانەی ددانیان خراپە، ئەگەری زۆرترە تووشی نەخۆشییە درێژخایەنەکانی گورچیلە ببن.

### 12 - دووگیانی و ددان:

ئەو خانمە دووگیانانەی خاوەن پووک و ددانی ناتەندروستن، ئەگەری زۆرترە منداڵی ناکامیان ببێ، یان کێشی منداڵەکانیان کەم بێ. بۆیە گرنگە بەر لە دووگیانبوون نەخۆشییەکانی پووک و ددان چارەسەر بکەیت و کاتی دووگیانیش گرنگییەکی زۆرتر بە دەم و ددانت بدەی. گۆڕانە هۆرمۆنییەکانی کاتی دووگیانی وادەکەن پووک و ددان لە مەترسییەکی زیاتردا بن، بۆیە دەبێ ژنی دووگیان لە کەسانی ئاسایی زۆرتر گرنگیی بە دەم و ددانی بدات.

### 13 - بنەماکانی خاوێنیی دەم و ددان:

پووکی تەندروست توند و پەمەیییە، نەک سوور و هەڵاوساو. بۆ ئەوەی هەروا تەندروست پووک و ددانت بهێڵیتەوە، دەبێ لە 24 کاژێردا دووجار بە فڵچە بیانشۆی، یەکجار دەزووی ددان خاوێنکردنەوە بەکاربهێنی، لە جگەرە دووربکەویتەوە و بەپێی خشتەیەکی دیاریکراو پزیشکی ددانەکەت ببینی.

# پێستت بۆ زستان ئامادە بکە



رووداو- فۆکس نیوز

گۆڕانی وەرزەکان، گۆڕانی پێستیشی لەگەڵدایە، چونکە پێست لە هەموو ئەندامانی جەستە زۆرتر لەگەڵ ئاو و هەوای دەرەوە بەرەوڕووە. لەگەڵ هاتنی سەرما و لەکاتێکدا لە دەروازەی چوونە زستانداین، گرنگە لە کاریگەرییەکانی زستان لەسەر پێست تێبگەیت و بزانی چۆن رووبەڕووی دەبیتەوە.

هەوای زستان سارد و وشکە، کاتێک دەشچیتە ماڵەوە زۆرکات سپلیت پێیە و کاردەکات، هەوای ئەوێش دیسان وشکە نەک شێدارێکی سروشتی، بۆیە گرنگە تاوەکو ئەو کەشە سارد و وشکە بەردەوام بێت، کرێمی شێدارکەرەوەی پێست بەکاربهێنی، بۆ ئەوەی پێستت نەژاکێ و تووشی زیانی هەمیشەیی نەبێت.

پێست یەکەم دیواری بەرگریی جەستەیە، بۆیە زیانپێگەیشتنی دەبێتە دەروازەی نەخۆشکەوتنی تەواوی جەستە. شێدارکردنەوەی جەستە، توانای بەرگریکردنی لە کۆی جەستە دەپارێزێت. واتە شێدارکردنی پێست هەر بابەتێکی جوانکاری نییە، بەڵکو بۆ تەندروستی گشتیی جەستەش گرنگە.

هەروەک بوونی هەور و دیارنەمانی خۆر، مانای ئەوە نییە کە چیتر پێویستت بە کرێمی دژەخۆر نییە. لە زستان و رۆژە تەواو هەورەکانیشدا تیشکی زیانبەخشی سەروو وەنەوشەیی هەر دەگاتە سەر پێست و ئەگەر دژەخۆر بەکارنەهێنی زیانی خۆی لێدەدات.

بۆ پاراستنی چەورییە سروشتییەکەی پێست لە زستاندا، وا باشە خۆشووشتن سنووردار بکەیت، چونکە خۆشووشتنی زستانان بە ئاوی گەرم دەبێت و ئەو ئاوە گەرمەش بۆ پێست بەگشتی و چەورییەکەی بەتایبەت زیانبەخشە و دەبێتە هۆی ژاکانی پێست.

شلەمەنییەکان بەگشتی و ئاو بەتایبەتی لە زستانیشدا زۆر بخۆرەوە، چونکە ئەوانە بەشێوەیەکی سروشتی شێداریی بە پێست دەبەخشن و لە وشکبوونەوە دەیپارێزن.

خۆراکی تەندروست بۆ پێست گرنگە، بەتایبەتی سەوزە و میوەکان، چونکە ئەوانە هەم تەڕیی بە پێست دەبەخشن، هەم رەگەزگەلێکی خۆراکی پێدەدەن کە جوانی و درەوشاوەییەکەی دەپارێزێت.

ڕووداو
هەمەجۆر
ژمارە (387) دووشەممە 2015/12/14

## شەرەف لە هەولێرە



**ڕووداو- هەولێر**

شانۆگەریی شەرەف لە شاری هەولێر نمایش دەکرێت کە لە چەند چیرۆکێکی ڕاستەقینەی نێو کۆمەڵگەوە سەرچاوەی گرتووە.
نیهاد جامی، دەرهێنەری شانۆگەریەکە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "شانۆگەریی شەرەف باس لەو ژنانە دەکات کە لەلایەن ئەندامانی خێزانەکانیانەوە دەستدرێژییان کراوەتە سەر، لەگەڵ ئەوەشدا لەنێو کۆمەڵگەی کوردیدا شەرەف بووەتە سیمبولی ژن، بەڵام من لە ڕێگەی ئەم شانۆگەرییەوە پێیان دەڵێم ژن سیمبولی شەرەف نییە، دەکرێت پیاو هەڵگری ئەو شەرەفە بێت". دەربارەی چیرۆکی ئەم شانۆگەرییە نیهاد جامی گوتی "ئەم شانۆگەرییە لە چەند چیرۆکێکی نێو کۆمەڵگەی کوردستانەوە سەرچاوەی گرتووە کە من کاتی خۆی لەگەڵ ئەو ژنانە دانیشتووم و چیرۆکەکانم نووسیونەتەوە، ئەو ژنانە بەرەورووی توندوتیژی و دەستدرێژی بوونەتەوە، بۆیە چیرۆکەکان ڕاستەقینەن و بەزمانی شانۆ بۆ خەڵکی دەگێڕینەوە". ئەم شانۆگەرییە بڕیارە ڕۆژی سێشەممەی داهاتوو لە زیندانی چاکسازیی ئافرەتانی هەولێر نمایش بکرێت، دواتر لە ڕۆژانی پێنجشەممە و هەینیش لە هۆڵی بەڕێوەبەرایەتی شانۆی هەولێر نمایش بکرێت.

# هێڵی لەڤ لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە



**هیوا سەڵاح**
**ڕووداو- هەولێر**

کچە گۆرانیبێژی کورد، هێڵی لەڤ، نوێترین کاری هونەری خۆی ئاشکرا کرد کە گۆرانییەکە بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست.
هێڵی لەڤ باسی دوایین پرۆژە و کاری خۆی بۆ (ڕووداو) کرد و ڕایگەیاند "ئێستا سەرقاڵی تۆمارکردنی ئەلبوومێکی گۆرانیم، بەنیازی تۆمارکردنی کلیپێکی نوێشم کە لەسەر بارودۆخی ئێستای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە و هەر لەم کلیپەشدا دەمەوێت پەیامی گەلی کورد بە جیهان بگەیەنم".
ڕۆژی 2015/12/2 گۆڤاری بەناوبانگی ئەمەریکی "Foreign Policy" ناوی 100 کاریگەرترین کەسایەتی جیهانی بۆ ساڵی 2015 بڵاوکردەوە و خەڵاتی تایبەتیان پێشکەش کرا. لیستەکە ناوی دوو کەسایەتی کوردی تێدابوو کە بریتی بوون لە هێڵی لەڤ و سەلاحەدین دەمیرتاش، هاوسەرۆکی پارتی دیموکراتی گەلان.

# مۆنۆمێنتێک بۆ پێشمەرگە



**ڕووداو- هەولێر**

شوان کەمال، پەیکەرسازی کورد، سەرقاڵی پرۆژەیەکی هونەرییە بۆ پێشمەرگە کە لە پەیکەری پێشمەرگەیەک و مۆنۆمێنتێک پێکهاتووە.
شوان کەمال بە (ڕووداو)ی گوت "پەیکەرێکم بۆ پێشمەرگەم دروست کردووە کە جگە لەوەی جەنگاوەرە، لە هەمانکاتدا خاوەن پەیامیشە، مەشخەڵی ئازادی و ڕووناککردنەوەی پێیە، لە پشتیەوە چوار شێوەی ئەندازەیی هەڵچوون بۆ ئاسمان کە گوزارشت لە چوار پارچەکەی کوردستان دەکات". هەروەها گوتی "ئەو پرۆژەیە تەنیا مۆنۆمێنت و پەیکەر نییە، ژێر مۆنۆمێنتەکە دەکرێتە مۆزەخانەیەکی تایبەت بەوێنە و تابلۆی پێشمەرگە و ئەو کەلوپەل و چەک و جلوبەرگانەی پێشمەرگە بەکاریهێناون لە قۆناغەکانی خەباتی شاخەوە و هەموو ئەوانە لەوێ ئەرشیف دەکرێن".

# مێروولە نوێنەرایەتی کوردستان دەکات

Dubai International Film Festival



ڕووداو- هەولێر

فیلمی (بێدەنگی مێروولەکان) کە لە دەرهێنانی سینەماکار سۆران ئیبراهیمە، وەک نوێنەری هەرێمی کوردستان، لە فێستیڤاڵی سینەمایی دوبەی بەشداری دەکات.
سۆران ئیبراهیم دەرهێنەری فیلمەکە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "فیلمی (بێدەنگی مێروولەکان) لەبەشی پێشبڕکێی سەرەکی 12مین فێستیڤاڵی سینەمایی دوبەی بەشداری دەکات و وەک نوێنەری کوردستان و عێراق لەم فێستیڤاڵەدا خۆی ناساندووە".
سەبارەت بە ناوەڕۆکی فیلمەکەش گوتی "فیلمەکە باس لە چەمکی مردنێکی شەرەفمەندانە دەکات، بەباشم زانی پێشکەشی بکەم بە ڕۆحی فەریناز خوسرەوانی ئەو کچە کوردەی لەپێناوی پاراستنی شەرەف و نامووسی خۆیدا کۆتایی بە ژیانی خۆی هێنا و مردنێکی شەرەفمەندانەی هەڵبژارد".
فێستیڤاڵی سینەمایی دوبەی لە ئیمارات ڕۆژی 9ی ئەم مانگە دەستی پێکردووە و تاوەکو ڕۆژی 16ی مانگ بەردەوام دەبێت. چوار فیلمی کوردی بەشدارییان لەو فێستیڤاڵەدا کردووە.

# نازدار و ڕابین سەری ساڵی ئەڵمانیا گەرم دەکەن





**هیوا سەڵاح**
**ڕووداو- هەولێر**

هونەرمەندان، نازدار جزیری و ڕابینی هاوژینی، ئاهەنگی سەری ساڵ لە شاری بێرمەن لە ئەڵمانیا ساز دەکەن.
ڕابین لەبارەی ئاهەنگەکە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "بڕیارە لە شەوی سەری ساڵی تازەدا، لە شاری بێرمەنی ئەڵمانیا من و نازدار لەگەڵ چەند گۆرانیبێژێکی دیکە ئاهەنگی سەری ساڵ ساز بکەین".
سەبارەت بە گوتنی گۆرانی تازەش لەو ئاهەنگەدا گوتی "بێگومان من و نازدار چەند گۆرانییەکی نوێ لەگەڵ چەند گۆرانییەکی کۆن دەڵێین، بۆ ئەوەی دڵی کوردی تاراوگە خۆش بکەین"
ڕابین سەبارەت بە بڵاوکردنەوەی کاری نوێ گوتی "من و نازدار چەند کارێکی نوێمان ئامادەیە بۆ بڵاوکردنەوە کە بەشێکی زۆر لە کارەکانمان لە تورکیا کردووە، بەڵام لەبەر بارودۆخی ئێستای کوردستان بڵاومان نەکردوونەتەوە و هەموو کارێکمان ڕاگرتووە".

# ڕێنوار و ڕێژوان جەژنانەیان پێیە



**ڕووداو- هەولێر**

هەردوو گۆرانیبێژی گەنج، ڕێنوار و ڕێژوان مەرجان، گەشتێکی گۆرانی بە زاراوەی سۆرانی و کرمانجی بڵاودەکەنەوە.
ڕێژوان مەرجان لەبارەی ئەو کارە بە (ڕووداو)ی گوت "گەشتێکی گۆرانی فۆلکلۆری کوردیمان ئامادەیە بۆ بڵاوکردنەوە کە بە هەردوو شێوەزاری سۆرانی و کرمانجیە، بەهاوبەشی لەگەڵ ڕێنواری برام پێشکەشی دەکەین".
ئەو گەشتە گۆرانییە لە ئامادەکردن و دابەشکردنی هۆگر سەعیدە و تێکست و میلۆدی فۆلکلۆرە، لە چەند ناوچەیەکی کوردستان کلیپی بۆ کراوە، بەشێکی کلیپەکەش لە جۆرجیا کراوە.
سەبارەت بە کاتی بڵاوکردنەوەی کلیپەکە، ڕێژوان گوتی "بڕیارە وەک جەژنانەی سەری ساڵی کوردی لە نەورۆزی داهاتوو بڵاوی بکەینەوە".

# لانە لەگەڵ کۆچبەرانە



**هیوا سەڵاح**
**ڕووداو- هەولێر**

لانە زەنگەنە، کچە هونەرمەندی کورد، گۆرانییەک بە زمانی هۆڵەندی بە هاوبەشی لەگەڵ ڕاپەرێکی هۆڵەندی بۆ کۆچبەران دەچڕێت.
لانە زەنگەنە بە (ڕووداو)ی گوت "بەنیازی کارێکی تازەم لەسەر منداڵێکی کۆچبەر کە بەرێگاوە دەبن بۆ ئەوەی ڕوو لە وڵاتانی ئەوروپا بکەن. ئەو منداڵە زۆر پرسیاری بێ وەڵام دەوروژێنێ، پرسیار دەکات و دەڵێت بۆچی ژیان وایە، بۆ دەبێ ئێمە هەروا بژین".
لانە زەنگەنە گوتیشی "لەگەڵ ڕاپەرێکی بەناوبانگی هۆڵەندی قسەمان کردووە کە ئەم گۆرانییە بەهاوبەشی بڵێین، بۆیە ئێستا ئامادەکاری بۆ دەکەین". لانە خۆی تێکستی گۆرانییەکەی نووسیوە، دوای تۆ ما ر کر د نی گۆرانییەکە بەنیازە کلیپی بۆ بکات و بڵاوی بکاتەوە.

# بەختی ڕووداو



ئامادەکردنی: ئایار فەلەکی
ayarfalak@hotmail.com

### کاور
لەگەڵ ئەو دڵتەنگیەدا دیدارێک دەتوانێ گەورەترین ئاسوودەییت پێ ببەخشێ. خۆت لە هەڵچوون بپارێزە. ئێستا کاتی هەوڵە گەورەکانە و هیچ هەلێک بەکەم مەزانە، بەخت یارمەتیدەرە.

### گا
چاوەڕوانی وەرگرتنی بڕە پارەیەک دەکەیت، بەڵام هەتا بەدەستت نەگات هیچ حیسابێکی لەسەر مەکە. سەبرگرتنی درێژخایەن خۆشیی گەورە بەدوای خۆیدا دەهێنێ. هێز و توانات زیاد دەکات و ئامادە دەبیت بۆ کاری نوێ.

### دووانە
ناخۆشییەکان و خۆشییەکان هەموویان پێکەوە نایەن، ڕەنگە لەوپەڕی ناخۆشیدا دۆخەکان پێچەوانە ببنەوە و بەشێکی زۆری ئاسوودەییت بۆ فەراهەم بکات، بۆیە سەرەتا خۆت لە گومان بەدووربگرە.

### قرژاڵ
بەگەڕخستنی تواناکانت تەنیا بە قسە و باسکردن نابێت، بە کردار بیرۆکەکانت تاقی بکەرەوە و سەرەتا لە بابەتی بچووکەوە دەستپێبکە. دەرامەت باش دەبێت، پشوویەک بدە.

### شێر
دەتوانی گەشەیەکی زیاتر بە کارەکانت بدەیت تەنیا بەوەی کاتی زیاتری بۆ تەرخان بکەیت، پەیوەستی خێزان دەبیت. بەدوورکەوتنەوە لە هەواڵی سیاسی ئاسوودەیی دەروونیت بۆ دەگەڕێتەوە.

### فەریک
سەرزەنشتی خۆت مەکە، هەرچی لە پێناوی خۆت و خێزان و تەندروستیت بکەیت زیاتر دەروونت ئاسوودە دەبێت و داهاتوویەکی گەشترت دەبێت. لە ڕوانگەی هەستی خۆتەوە هەڵسەنگاندن بۆ کەسی دیکە مەکە.

### تەرازوو
تەنیا چاوەڕوانی و ڕاگرتنی هاوسەنگی، کارەکان باش ناکات. هەوڵ بدە بە شێوەیەکی یەکجاری کۆتایی بە کێشەکان بهێنی. دەرگایەکی بەختەوەریی گەورە بەڕووی ژیانتدا دەکرێتەوە.

### دووپشک
هەموو قوربانییەک دەدەی بۆ ئەوەی دڵخۆشی بەدەست بهێنی، تەنانەت بە خەیاڵیش دڵخۆشیی خۆت دەدەیتەوە، هەمان کات هەر بە خەیاڵەکانت گرفت و خەمباری بۆ خۆت دروست دەکەیت.

### کەوان
چوارچێوەیەکی نوێی کارکردن دیاری بکە، بەشوێن ئەو هۆکارەدا بگەڕێ کە هەوڵێکی زۆر دەدەی و ئەنجامەکانی دڵخۆشت ناکەن. بۆ سەرکەوتنێکی نوێ ئەزموونی ژیانت بەکار بخە.

### گیسک
بۆ دەستکردن بە کارەکان یان وەرگرتنی بڕیار خۆت لە ڕاڕایی بەدوور بگرە، وەک هەمیشە لە گرنگەکانەوە دەستپێبکە. ئەوانەی پێشنیازت بۆ دەکەن ڕەنگە بەرژەوەندیی خۆیان زیاتر بێت لەوەی تۆ دەستت دەکەوێت.

### سەتڵ
کاتێک دۆخەکە ئاڵۆزە بێدەنگی هەڵبژێرە، ڕەنگە هەر وتەیەک لێکدانەوەی جیاوازی بۆ بکرێت، دەسکەوتێکی دارایی هەندێک گرفت چارەسەر دەکات. دەتوانن سەفەرێکی دوور بکەن.

### نەهەنگ
کاتێکی باشە و هەرچەندە گلەیی زۆرت لە دۆخەکە هەیە، بەڵام چاوڕوانیەکەت ئەنجامێکی باشی دەبێت. کە هەنگاو بۆ ئامانجێکی دیاریکراو دەنێیت خەیاڵت بە ئارەزووەکانی دیکەوە سەرقاڵ مەکە.

# سالینجەر و پاسەوانەکەی



بەفراو نووری




ڕۆمانی (پاسەوانێک لە کێڵگەدا) لە نووسینی جێرۆم دەیڤد سالینجەر کە نووسەرێکی ئەمریکییە و نووسینەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای ساڵانی پەنجاکان، هاوکات دەبێت لەگەڵ دروستبوونی شێوازێکی تایبەتی لە ژیان کە ئەمڕۆ بە شێوازی ژیانی ئەمریکی ناسراوە. بەرهەمەکەی سالینجەر بە شێوەیەک لە شێوەکان ڕەخنە و دژایەتی جۆرێک لە ژیان دەکات کە ئێستا ئێمە لە ترۆپکەکەیداین.

چیرۆکی ڕۆمانەکە باس لە ژیانی مێرمنداڵێکی تەمەن 16 ساڵ دەکات بە ناوی هۆڵدن کالفیلد کە بەهۆی سەرکێشی و خراپیی ڕەفتاری لە قوتابخانە، دوای چەند ئاگادارییەک، دەردەکرێت و دەبێت قوتابخانە جێبهێڵێت. هۆڵدن منداڵی بنەماڵەیەکی دەوڵەمەند و خوێندەوارە، کە لاساریی کوڕەکەیان زۆر بریندارییان دەکات. کاتێک لە قوتابخانە دەریدەکەن یەکسەر لە ترسی دایک و باوکی ناگەڕێتەوە بۆ ماڵ و چاوەڕێ دەکات نامەی دەرکردنەکەی بگاتە دەستی ئەوان و تورەیەک هێور ببنەوە، ئینجا بگەڕێتەوە. ڕۆمانەکە گێڕانەوەی ئەو سێ ڕۆژەی سەرگەردانیی ژیانی هۆڵدنە لە زاری خۆیەوە، کاتێک لە خەستەخانەی دەروونی خەوتووە، سێ ڕۆژ کە تێیدا سەرگەردان بە کۆڵان و شەقامەکاندا سووڕاوەتەوە و سەرنج و بینینی خۆی بۆ دونیای دەوروبەر و گەورەکان دەگێڕێتەوە. ئێستاش هۆڵدن نموونەی کەسێکە کە ناتوانێت خۆی بگونجێنێ و دەبێت ڕام بکرێت بۆ ئەوەی ژیانێکی نۆرماڵ بژیت، واتە کەسایەتییەکی دەروونپەرێشانی هەیە، بۆیە لە کۆتاییشدا دەبرێتە خەستەخانەی دەروونی. بەڵام لە ڕاستیدا ئەوە کۆمەڵگایە کە بە پێناسەکردنی نۆرماڵ و نانۆرماڵ مرۆڤەکانی کۆمەڵگای دابەشکردووە بۆ دوو بەشی شێت و ساغ. بۆیە لەم بەرهەمەی سالینجەردا زیاتر لە هەموو شتێک ئەوە بونیادەکانی کۆمەڵگا و دواتریش خێزانە کە دەکەونە بەر ڕەخنەی نووسەر. سالینجەر هەروەها ڕەخنە لە سیستمی پەروەردە دەگرێ چونکە تەنیا ئەو ئیدیاڵانە بەرز دەنرخێنێ کە خۆی دیارییان دەکات. دونیایەک کە سالینجەر لە بەرهەمەکانیدا و بە تایبەتی لەم بەرهەمەیدا باسی دەکات دوو جۆر دونیایە، دونیایەکی جوان کە دونیای مانا و بەهاکانە و دەبێت هەبێت بەڵام نییە، لەگەڵ دونیایەکی ناشیرین و شێوازێکی ژیان کە دوای شەڕی جیهانی سەری هەڵداوە و حاڵی حازر زۆر لە برەودایە. دونیای کالفیلد دونیایەکی پڕ نیفاق و ساختەیە، کالفیلد زۆربەی کەسانی دەوروبەری خۆی وەک کاراکتەری ڕاست و خاڵی لە نیفاق نابینێ. بە بڕوای سالینجەر ئەم دوو دونیایە بەردەوام لە شەڕ و ململانێدان، بۆیە کارکتەرەکانی زۆربەیان کارەکتەرێکی لاسار و سەرکێشن و هەمیشە لەنێوان هەردوو دونیاکەدا لە شوێنێکی بەرزەخیدا دەژین، ئەوەش وای کردووە کارەکتەرەکانی نموونەی کالفیلد تووشی ناکۆکییەکی دەروونی بکات و بە نۆرماڵ نەیانبینن. سالینجەر لەڕێگای خوڵقاندنی کارەکتەری کالفیلدەوە نوستالژیای گەڕانەوەی بۆ ئەو دونیا جوانە و پڕ بەها و خاڵی لە درۆ و دووڕووییە هەیە کە دونیا و ژیانی ئەمڕۆ کوشتوویەتی. کالفیلد وەک خودی سالینجەر تووڕەیە، ڕۆمانەکە دەستی بۆ کێشەیەک بردووە کە کێشەی ئەم سەردەمەی ئێمەشە، هەر ئەوەش بووەتە هۆی زیندووڕاگرتن و بەرز نرخاندنی ئەم بەرهەمە. بەوەدا ژیانی مۆدێرن کۆمەڵگا پڕدەکات لە نیفاق و دووڕوویی، قوتابخانەکان پڕدەکات لە گەنجی بێ ناوەڕۆکی لە خۆبایی، میدیاکان دەبن بە شوێنی سەرهەڵدانی پاڵەوانی درۆزن، بەو هۆیەوە تا ئێستا و لە هەموو کۆمەڵگاکاندا، ئەم ڕۆمانە هێزێکی کێشکردنی زۆری لەسەر گەنجان هەیە. لەدوای ڕۆمانەکەوە کەسانێکی تەسکبین، تۆمەتی ئەوەیان بۆ تاشی کە سالینجەر کتێبێکی نائەخلاقی نووسیوە و پاڵەوانەکەی ڕێزێکی بۆ هیچ شتێک نییە. بەڵام وەک کارڵ پۆپەری فەیلەسوف دەڵێت، لەبەر شەڕانگێزیی ئەخلاقی یان خیانەت نییە، بەڵکو بە پێچەوانەوە، لەبەر تینووبوونی ئێمەیە بۆ ئەخلاق، بۆ دروستکردنی دونیایەکی پڕ لە بەها و جوانی کە دەستمان نایگاتێ، دەبین بە ڕەخنەگر و گاڵتەنووس بۆ شتەکان، ئەخلاقێک کە لە ئێستادا شێوێنراوە و مۆراڵی مۆدێرنە و کەپیتالیستی تێکیداوە. سیستمێک سالینجەر لە زمانی هۆڵدنەوە دەڵێت: هەموو هەوڵێکی بۆ ئەوەیە لە مرۆڤەکان کارگەیەکی پارە دروست بکات. هوڵدن بە دووی دونیای پاکی و مەعسومیەتی خوشکەکەیەتی کە ناوی فیبە، ئەو زۆر چێژ لە قسەکردن لەگەڵ خۆشکەکەی دەبینێ. ناتوانێت لەگەڵ کەس هاوڕێ بێت، گاڵتەی بە هەموو هاوپۆڵ و هاوڕێکانی دێت، گاڵتەی بە مامۆستاکان و بەڕێوەبەرەکانی دێت، زۆربەی ئەو کچانەی دەیانناسێت وەک گە مژە سەیریان دەکات، گاڵتەی بە ئەستێرەکانی سینەما دێت و تەنیا هەندێک کتێبی دیاریکراویشی بە دڵە. جارێک خۆشکەکەی پێی دەڵێت تۆ خۆشیت لە کەس نایەت و حەزت بە کەس نییە، لە وەڵامدا هۆڵدن دەڵێت: بەڵام ئەوەی ئێستا لەگەڵ تۆدا قسەدەکەم حەزم لێیە و ئیلی-شم خۆش دەوێت. ئیلی برایەکی کالفیلدە کە مردووە، کالفیلد پتر ڕێزی مردووەکانی لایە تا زیندووەکان. گەنجێکە بێزارە لە دونیای گەورەکان و لەوەی گەورە بێت. زۆر لەوانەی لە بارەی ڕۆمانەکەوە ڕەخنەیان نووسیوە، دەڵێن کتێبەکەی سالینجەر وەک مانیفێستۆیەک وایە دژ بە گەورەبوون. کالفیلد لە شوێنێکی ژیاندا وەستاوە کە نەدەتوانێت ببێتەوە بە منداڵەکەی جاران و دونیا پاکەکەی فیبی خوشکی بژی، نە دەتوانێت گەورە ببێت، ئەو بێزارە لە هەموو ئەو شتانەی نمایشی ڕاستی دەکەن و خۆیان نین، تاقەتی قسەی لەگەڵ کەسدا نییە و هەندێ جار خۆی دەکات بە کەڕولاڵ بۆ ئەوەی وەڵام نەداتەوە، تەنیا شتێک چێژی لێ دەبینێت قسە و دونیای منداڵانەی فیبی خوشکێتی. ئەو لە دونیای گەورەکانیشدا بە دوای ئەو دونیا پاک و دوور لە درۆیەدا دەگەڕێ، بەڵام نایگاتێ و دەستی پێ ناگات. ئەوەی دەیبینێ لە هەموو دەوروبەر و هاوڕێ و کۆمەڵگاکەی شوێنی گاڵتە پێکردن و درۆیە.

ئەوەی لە ڕۆمانەکەدا نائومێدم دەکات، ئەوەیە کاتێک هۆڵدن بۆ دواجار دێت و دەیەوێت فیبی خوشکە بچوکی ببینێت بەر لەوەی بڕوات و ببێتە پاسەوانی کێڵگەیەکی دوور، کاتێک خۆشکەکەی پێی دەڵێت منیش لەگەڵت هەڵدێم، ئەوە دەبێتە مایەی ئەوەی هۆڵدن لە بڕیارەکەی پەشیمان ببێتەوە. بۆیە لە کۆتاییدا هۆڵدن لە دونیای پیس و مۆدێرنی دوای شەڕی جیهانیدا بە شێوەیەک سەرگەردان و پەشێوە کە چارەیەک نابینێت جگە لەوەی بگەڕێتەوە و وەک ئەوانی دیکەی لێبێت. بۆ ئەوە خۆشکەکەشی وەک خۆی تووشی ئەو پەشێوی و ناکۆکییە نەبێت، دەمێنێتەوە و دەچێتە خەستەخانەیەکی دەروونی. بەم شێوەیە سالینجەر هەموو هیوایەکمان لێ دەسێنێتەوە لە ڕزگاربوون لەم دونیایەدا کە ئێستا تێیدا دەژین. ڕۆمانەکە لەلایەن ڕەخنەگرانەوە لە زۆر ڕووەوە خوێنراوەتەوە، وەک ململانێی نێوان نەوەکان، وەک ململانێی مۆراڵی کۆن و مۆراڵی نوێ، وەک ڕۆمانێکی سایکۆلۆژی کە پەشێوییەکانی گەورەبوون لە کۆمەڵگای سەنعەتیدا نیشان دەداتەوە، وەک ڕۆمانێک کە سەرەتای سەرهەڵدانی نەوەیەکی نوێی تووڕە بێت لە ئەمریکا، بەڵام بە بڕوای من، ئەم ڕۆمانە بەر لە هەر شت ڕۆمانی ململانێیە لە نێوان جیهانێک کە هیچ ڕاستی و ڕاستگۆییەکی تێدا نەماوە، لەگەڵ جیهانێک کە هەموو شت تێیدا بووە بە نمایش. بە بڕوای سالینجەر کۆمەڵگا بەرگێک دەکات بە بەری مرۆڤەکاندا کە خۆیان نایانەوێت، ئەو ڕاستیەشی لەم ڕۆمانەدا خستووەتەڕوو.



## دەستدرێژی بۆ سەر منداڵ *

زۆر لە دایکان و باوکان، تەنیا ئەو کاتەی کە باسی دەستدرێژی بۆ سەر منداڵ دەکەیت، ناخیان دەلەرزێت، وەک بڵێی تەنیا سێکسکردن لەگەڵ منداڵ زیانی پێ بگەیەنێت. بەڵام هاوکات لەگەڵ دەستدرێژیی فیزیکیدا، خراپ بەکارهێنانی هەستەکان، زیان بە ڕۆحی منداڵ دەگەیەنێت و دەبێتە سەرەتایەک بۆ ژیانی ڕەشی منداڵ. لەو چوارچێوەیەدا، خراپ بەکارهێنانی هەستی منداڵ، دوای دەستدرێژیی فیزیکی، دووەم گەورەترین تاوانە.

دەستدرێژی، بە پێناسەیەکی گشتی، واتە ئەنجامدانی هەر شتێک بەرامبەر بە منداڵ کە پەیوەندی بە سێکسەوە هەبێت و خۆی قبووڵی نەبێت، فیزیکی، لە ڕێگەی قسەوە یاخود بە ئیشارەت. بەڵام ئەم پێناسەیە بەس نییە بۆ ئەوەی بزانین چ شتێک زیان بە منداڵەکە دەگەیەنێت، چونکە دەستدرێژیکار، هانا بۆ دەستەواژەی "خۆی ڕازی بوو" دەبات. بەو شێوەیەش بەهانەیەک بۆ دەستدرێژییەکەی دەدۆزێتەوە. کەوایە دەبێت دەستەواژەی "منداڵەکە ڕازی بوو یان ناڕازی بوو" لە پێناسەکە دەربهێنرێت. ئەنجامدانی هەرشتێک کە پەیوەندی بە سێکسەوە هەبێت بەرامبەر بە منداڵ، دەستدرێژییە.

### دەستدرێژی بۆ سەر هەست و سۆز

واتە وروووژاندن و بەکارهێنانی هەست و سۆزی منداڵ بۆ ئەنجامدانی دەستدرێژی. قسەی سێکسی لەگەڵ منداڵ، باسکردنی نوکتەی سێکسی یان هەر قسەیەک کە دەستەواژەی سێکسیی تێدابێت، دەستدرێژییە بۆ سەر هەستی منداڵ (ئەگەر بە مەبەستی پەروەردەکردن بێت بابەتێکی دیکەیە و نابێت تێکەڵی ئەم باسە بکرێت). پیشاندانی وێنەیەک کە وروووژێنەر بێت، هەڵواسینی وێنەی وروووژێنەر لە شوێنێک کە منداڵ بیبینێ، ناردن یان پیشاندانی نامەیەک کە دەستەواژەی وروووژێنەری تێدابێت بە منداڵ، پیشاندانی فیلمی وروووژێنەر، پیشاندانی لەشی گەورە بە منداڵ یاخود بە پێچەوانەوە لەگەڵ هاوشێوەی ئەم شتانە، دەستدرێژین بۆ سەر هەست و سۆزی منداڵ.

تەنانەت ئەگەر وتەکە ڕاستەوخۆش وروووژێنەر نەبێت، بەڵام وا لە منداڵ بکات کە دواتر سەرقاڵی شتێکی وروووژێنەر بێت و مەیلی بجوڵێنێ بەلای ئەو شتانەدا، هەر دەستدرێژییە بۆ سەر هەست و سۆزی منداڵ. خۆ نزیککردنەوە لە منداڵ و لکاندنی بەخۆوە، گازگرتن لە لێو و گوشینی و هتد... دەستدرێژییە بۆ سەر هەست و سۆزی منداڵ.

لێرەدا دەتوانین بڵێین، گەورەکان هەندێکجار مەبەستیان ئەنجامدانی دەستدرێژی نییە، بەڵام کاریگەریی هەڵسوکەوتیان زۆر نەرێنی دەبێت و زیان بە منداڵەکە دەگەیەنێت. بۆ نموونە، پوور، خاڵ، مام یان هەر خزمێک، ناودەمی منداڵەکە ماچ دەکەن، لێوی دەگوشن یان دەست لە مەمک و ئەندامانی زاوزێی دەدەن، ڕەنگە ئەوان هیچ مەبەستێکی خراپیان نەبێت و لەڕووی خۆشەویستییەوە بێت، بەڵام ئەمە بۆ منداڵ بەوجۆرە نابێت. منداڵ زۆر کات ناتوانێت جیاوازی لە نێوان گاڵتە و ڕاستیدا بکات. خۆی لە ڕاستیدا، ئەو هەڵسوکەوتانەی کە باسمانکردن، هیچ کاتێک نابنە گاڵتە و دەبێت گەورەکان خۆیانی لێ بەدوور بگرن.

### دەستدرێژیی فیزیکی

هەر هەڵسوکەوتێک دەگرێتەوە کە ئەندامی زاوزێی کەسی گەورە بەر لەشی منداڵەکە بکەوێت و دواتر بە کردەی سێکسی کۆتایی بێت.

ئەگەر ئامارێک بۆ لێکۆڵینەوە لە ڕێژەی دەستدرێژی بکرێت، ئەوا دەردەکەوێت کە ئەمە بابەتێک نییە پشتگوێ بخرێت. تەنیا بە چاوگێڕانێک بە ماڵپەڕی پێوانەکاریی سایتەکاندا، دەریدەخات کە ماڵپەڕە سێکسییەکان لە عێراقدا بوون بە پێشەنگ لەڕووی بەکارهێنانەوە. بێگومان کوردستانیش بەدەر نییە لەم بابەتە. بەپێی زانیارییەکان، نزیکەی دوو ملیۆن گرتەی سێکسی لەسەر ئەو ماڵپەڕانە دانراون و بەشێکی زۆریشیان تەماشا دەکرێن. ئەم گرتە ڤیدیۆییانە، پڕن لە دەستەواژە و نمایشی سێکسی. کەوایە زۆر گرنگە بپرسین، ئەگەر پەروەردەی منداڵەکان بەباشی نەکرابێت لە ڕووی سێکسەوە، چ گەرەنتییەک هەیە منداڵەکانمان سەیری ئەم گرتانە نەکەن؟ لەکاتێکدا کە هیچ فیلتەر و بەربەستێک نییە لەبەردەمیاندا.

وەرگێڕانی بە دەستکارییەوە:
محەممەد ئیسماعیل

*ئەم وتارە بەشێکە لە کتێبی (پەروەردەی ڕەگەزیی منداڵ) ی نووسەری تورک ئادەم گیونەش کە وەرگێڕدراوە و بەشێوەی زنجیرە وتار لێرەدا بڵاودەکرێتەوە.

# لقێک

حەسەن ئەسفەری
وەرگێڕانی: کیشوەر پیرۆتی

که حاجی عەباس ئێمەی هێنا بۆ حەوشەی ماڵی نەنکە زلێخا، پێمان سەیر بوو.

باوکم، تێڵایەکی دوولک بەسەر شانییەوە، لەبن سێبەری دارگوێزەکە وشک ببوو.

حاجی عەباس گوتی:

"هەتا دەنکی ئاخری داتەکێنە."

باوکم چاوێکی لە بەرهەیوانەکەی نەنکە زلێخا کرد. پیرێژنە، ئەژنۆی لە باوەشی گرتبوو، لە بەرهەیوانەکە هەڵترووشکابوو.

باوکم گوتی:

"کەی ئەمەی فرۆشت؟"

حاجی عەباس گوتی:

"حەفتەی پێشوو."

حەوشەی پیرێژنەکە، هەر ئەم تاقە دارەی تێدا بوو. لقوپۆپ و گەڵاکانی بەملاولادا بڵاو ببوونەوە.

ڕۆژانی ساو و خۆرەتاو سێبەرە پڕەکەی دەکەوتە سەر زەوی و جاروبارە نەنکە زلێخا لەژێر سێبەرەکەی دادەنیشت و دروومانی دەکرد و برنجی هەڵدەوەژارد.

حاجی عەباس گوتی:

"من دەچم سەرێک لە دارەکانی دیکە دەدەم. زوو دێمەوە."

باوکم جگەرەیەکی داگیرساند. نێوچاوانی تێکنابوو. لەفکردا بوو. گوتی:

ئەم دارگوێزە بەقەد نەنکە زلێخا پیرە. لەوانەیە هاوتەمەنی خۆیشی بێ."

قونچکە جگەرەکەی تووڕهەڵدا و گوتی:

"وادیارە زۆر دەستەنگ بووە."

نەنکە زلێخا هیچ ساڵێک گوێزەکانی نەفرۆشتبوو. هەموو ساڵێک، ڕۆژبەڕۆژ بە دارێکی درێژ دایدەتەکاندن و لە حەوشێ هەڵیدەخستن، بۆ ئەوەی توێکڵەکەیان وشک بێتەوە. زستانان کە ژنانی گەڕەک دەچوون بۆ لای، هەمیشە دەورییەکی پڕ لە کاکڵەگوێزی لە بەردەمیان دادەنا. من هەرکاتێک لەگەڵ دایکم چووبام بۆ ماڵەکەی، تێرم کاکڵەگوێز دەخوارد.

باوکم چاوێکی لە لقوپۆپە داهاتووکانی دارگوێزەکە کرد و گوتی:

"ماشەڵڵا! چ بەرێکی گرتووە!"

حاجی عەباس دە سەوەتەی گەورەی لەژێر دارەکە دانابوو. وێدەچوو پیرێژنەکە لە بەرهەیوانەکەوە چاوی لە ئێمە بڕیبێت.

باوکم بە چاولێکردنەکەی ناڕەحەت بوو. گوتی:

"خەتای ئێمە چییە؟"

پێڵاوەکانی داکەند. قۆڵی هەڵکرد. لاقی لەسەر دارەکە دانا و نەنکە زلێخا هەرای کرد: "ئەسکەندەر!"

باوکم گوتی:

"لەعنەت لە شەیتان!"

نەنکە زلێخا بە زەحمەت لە بەرهەیوانەکەوە هاتە خوارێ.

چەمیبووەوە و وەهەناسەبڕکێ کەوتبوو.

چاوەکانی، هەر دەتگوت کەوتوونەتە نێو دوو قووڵکەوە.

پرچی، دەتگوت بەفرە لەژێر لەچکەکەیەوە هاتبووە دەرێ.

لقێکی گەورەی سەرسەرەوەی دارەکەی نیشان داین:

"ئەو لقە دامەتەکێنە، ئەوەم بۆ بێڵەوە."

ـــ " بە حاجی عەباس بڵێ نەنێ. من کار بۆ ئەو دەکەم."

ـــ "دەزانم، تۆ پێی بڵێ."

باوکم بە وردی چاوێکی لە لقەکە کرد:

"باشە، تۆ بڕۆ."

باوکم دیسان جگەرەیەکی داگیرساند. پیرێژنەکە چەند هەنگاوێک دوور کەوتەوە، ڕاوەستا و گوتی:

"کەمێک لەسەرخۆ دایتەکێنە، گەڵاکانی مەوەرێنە، کوڕم."

باوکم گوتی:

"باشە."

باوکم دەستی لە دارەکە توند کرد و پێیدا هەڵگەڕا. دوولکی تێڵاکەی لە لقەکانی دارەکە توند دەکرد و ڕایدەوەشاندن. گوێزەکان وەک تەزرە دادەبارینە سەر زەوی. من وەکۆم دەکردن و دەمخستنە نێو سەوەتەکانەوە. جاربەجار چاوم لە بەرهەیوانەکە دەکرد، پیرێژنەکە چاوی لێ دەکردین. لە جێی خۆی نەدەجووڵا. پاڵی بە کۆڵەکە دارەکەی بەرهەیوانەکەوە دابوو. مێردەکەی چەند ساڵ لەوەپێش مردبوو، تاقە کوڕەکەشی چەند مانگ لەمەوبەر بەدوای کاردا، چووبوو بۆ شار.

گوێزەکانی سەرنووچکی دارەکە لەبەر تیشکی خۆر دەبریسکانەوە. سەرنووچکی لقەکە لەبەر بەرە زۆرەکەی داهاتبوو. گەڵاکانی لە شینایی ئاسماندا، لە کەسکێکی ڕوون دەچوون.

باوکم گوێزی لقەکانی خوارەوەی داتەکاندبوو، ئێستا خەریک بوو لقەکانی سەرەوەی دادەتەکاند. لەو سەرەوە بۆڵاندی:

"ئەگەر دەمزانی، قبووڵم نەدەکرد"

ـــ "بۆچی؟"

هیچی نەگوت. پێنج سەوەتە پڕ ببوو. باوکم گوتی:

"هەر دایدەتەکێنم و تەواو نابێت!"

بە ئارامی لقەکانی ڕادوەشاند. هەوڵی دەدا گەڵاکانی نەوەرن. جارجارە لەنێوان لقەکانەوە چاوێکی لە نەنکە زلێخا دەکرد.

نیوەڕۆ چوومەوە ماڵێ و نانی نیوەڕۆم هێنا. باوکم هاتبووە خوارێ. دەموچاوی لە ئارەقەدا خووسابوو. کراسەکەی بەهۆی ئارەقە بە لەشییەوە نووسابوو.

نەنکە زلێخا هێشتا لەسەر جێی خۆی نەجووڵابوو. باوکم چاوی لێ کرد. زوو زوو مژی لە جگەرەکەی دا و فڕێی دا سەر زەوی و گوتی:

"خەتای ئێمە چییە؟"

ـــ "چی؟"

نێوچاوانی تێکنا و گوتی:

"مەگین پارەی گوێزەکان دەچێتە گیرفانی منەوە؟"

پاشان لەژێر سێبەرەکە دانیشت و گوتی:

"پرێسکەکە بکەوە."

کردمەوە. خەریکی خواردنی کەتە و ماسی بووین. نەنکە زلێخا هەر چاوی لێ دەکردین.

باوکم گوتی:

"پڵاوەکەمان لێ دەبێ بە قوزەڵقورت. هەستە بچۆ پێی بڵێ، باوکم دەڵێ بێخەم بە. ئەو لقە داناتەکێنم. تۆ بچۆ ژوورەوە."

چووم و پێم گوت. هیچی نەگوت. بەرچاوەکانی تەڕ بوو. بەجۆرێک چاوی لە دارەکە بڕیبوو، دەتگوت ئاگای لە خۆی نەماوە. حەسیرەکەی ژێری شی ببووەوە. کۆڵەکەی بەرهەیوانەکەی قەڵەشێبوو. دەتگوت خەریکە بەسەریدا بڕووخێ. سواغی خانووەکەی پرتووکیابوو. لە چەند جێوە گیای لێ شین ببوو.

هیچی نەگوت. گەڕامەوە ژێردارەکە. باوکم گوتی:

"چی گوت؟"

ـــ "هیچی نەگوت."

ـــ "کە کوڕەکەی ڕۆیی، بەتەنیا مایەوە. خەتای ئێمە چییە؟"

باوکم وەرسووڕا و پشتی لە نەنکە زلێخا کرد. بە منیشی گوت پشتی تێ بکەم. بەبێ ئەوەی چاوی لێ بکەین، نانی نیوەڕۆمان خوارد. باوکم دیسان جگەرەیەکی داگیرساند: "لە گەرووم نەچووە خوارێ."

حاجی عەباس هاتبووەوە و خەریکبوو چاوی لە لقەکانی دارەکە دەکرد. باوکم پێی گوت:

"هیچ بەو ژنە قەرزداری؟"

حاجی عەباس گوتی:

"حەفتەی پێشوو تەواوی پارەکەیم داوەتێ."

پاشان لەکن سەوەتەکان دانیشت تا کارەکەمان تەواو بوو.

گوتی:

"زۆرت پێچوو. ئەوانی دیکە هەموویان لێبوونەتەوە."

باوکم گوتی:

"بەری زۆرە. ماندوو بووم."

ـــ "بەکاوەخۆ کردووتە. گەڵایەکت نەوەراندووە."

باوکم دەستێکی بۆ نووچکی دارەکە ڕاداشت:

"ئەو لقەی بۆ بێڵمەوە."

حاجی عەباس هەستا. چاوێکی لە لقەکە کرد:

"دەنکی ئاخری داتەکێنە."

ـــ "هەر ئەو لقە. با دڵی پێی خۆش بێت."

ـــ "جا هەموو بەرەکەی بەو لقەوەیە."

باوکم قوونچکە جگەرەکەی لەژێر لاقیدا پان کردەوە. چاوێکی لە پیرێژنەکە کرد.

هەر دەتگوت پیرێژنە بە کۆڵەکە قەڵەشیوەکەی بەرهەیوانەکەوە وشک ببوو. لە جێی خۆی نەجووڵابوو.

باوکم هاواری کرد:

"کەواتە بچۆ، بینێرە ژوورەوە."

حاجی عەباس گوتی:

"چ کارت پێیەتی؟... بڕۆ سەرێ خەریکی کاری خۆت بە."

باوکم بە بۆڵەبۆڵ وەسەر کەوت:

"ئەگەر دەمزانی، قبووڵم نەدەکرد."

گوێزی سەر چڵەپۆپەکانیشی داتەکاند. هەشت سەوەتە پڕ ببوون. باوکم هاتە خوارێ. حاجی عەباس گوتی:

"ئەو لقەش داتەکێنە."

ـــ "لەوە گەڕێ، با دڵی پێی خۆش بێ."

ـــ "بڕۆ دایتەکێنە."

باوکم گوتی:

"من ئەوەیان داناتەکێنم."

حاجی عەباس دەستی دا تێڵاکەی باوکم:

"خۆم دایدەتەکێنم."

باوکم هاواری کرد:

"هەمووی بنە سەوەتەیەک نابێ."

باوکم پاڵێکی بە حاجی عەباسەوە نا. حاجی عەباس دارەکەی هەڵێناوە کە لە باوکم بدا.

باوکم جنێوی دا. حاجی عەباس جوابی نەداوە. باوکم جگەرەیەکی داگیرساند.

حاجی عەباس بە دارەکەدا چووبووە سەرێ و بەو تێڵا درێژە لقە گەورەکەی ڕادەوەشاند. گەڵا کەسکە ڕوونەکان لەگەڵ گوێزەکان بەردەبوونەوە.

نەنکە زلێخا لە بەرهەیوانەکە هاتبووە خوارێ و لە حەوشەکە دانیشتبوو.

باوکم هەستا، پرێسکە و قاپی نانەکەی نیوەڕۆی هەڵگرت و پێکەوە هاتینە دەرێ. گوتم:

"ئەی پارەکەمان؟"

باوکم گوتی:

"لە گەرووی دەردێنم."

چاوێکی لە پیرێژنەکە کرد. قوونچکی جگەرەکەی فڕێ دا سەر زەوی.

حاجی عەباس بەری لقە گەورەکەشی داتەکاندبوو. تەنانەت گەڵاشی بە لقەکەوە نەهێشتبوو. لقە ڕووتەکە، لەو ئاسمانە شینەدا، وەکو چەند هێڵێکی ڕەش دەجووڵاوە.

نەنکە زلێخا هاتبووە دەرێ و لە بەردەرگای ماڵەکەی دانیشتبوو.

سەرچاوە:

مجموعه داستان نقش ۸۰، داستان‌های برگزیدەی داوران دورەی دوم جایزەی هوشنگ گلشیری، چاپ اول / بهار ۱۳۸۲، انتشارات نیلوفر، تهران.

# شمشێر و نێرینەی پیاوانی داعش لە تابلۆکانی (پۆشیا کاکل)دا

ڕۆستەم ئاغالە

ئایینی ئیسلام لە ڕێگەی پیت و وشەوە خۆی ناساندووە نەک تابلۆ، بۆیە وشە و گوتەکان شوێنی گوزارشت و ناسنامەی بانگەشەی ئایینەکە بووە، وەک وشەی (الله) و (الله اکبر) و (لا اله الا الله) و زۆری دیکە کە تاوەکو ئێستا بوونەتە هێما و لۆگۆی ئاڵا و ناسنامە بۆ زۆر لە گرووپە ئیسلامییەکان، چونکە وشە بە خوێندنەوە و نووسینی، مانایەکی ڕاستەوخۆ و ڕووت دەبەخشێ، بەڵام وێنە واتای زۆرتر و شیکردنەوەی زۆرتر دەبەخشێ، ڕەنگە هەر لەبەر ئەوەش بێ کە تابلۆ و نیگار قسەوباسی حەرامبوونی زۆری لەسەر دەکرێ و بە بابەتێکی چەوت بۆ گوزارشتکردن دادەنرێ.

پۆشیا کاکل، هونەرمەند و ژن، لە ڕێگەی تابلۆوە یاری و دۆزینەوەی بە وشە و دەستەواژەکانی ئایینی ئیسلام کردووە. گرووپە توندڕەوەکان زۆر شانازی بە ئاڵاکەیانەوە دەکەن و خۆیانی پێوە نمایش دەکەن، لە سایەی ئەو ئاڵایەدا مرۆڤ کۆمەڵکوژ دەکەن و سەر لە لاشە جیادەکەنەوە. پۆشیا لەکارێکی ناوازەدا ئەو دەستەواژانەی بە شێوازی دەربڕین لەسەر تەختی فۆرمی شمشێر و ئەندامی نێرینەی پیاو نەخشاندووە کە دوو بابەت و دوو هێز و دوو ڕەگەزی بەهێزی هۆشی توندڕەوە ئیسلامییەکانن. بەر لە ئیسلامیش، ئەو دوو ئامرازە هێزی شەڕانگێزیی تەتەر و مەغۆلەکان و ڕۆمەکان بوونە.

شمشێر و ئەندامی نێرینەی پیاو کە یەکەمیان لە ئاسن و دووەمیان لە گۆشتە، گێڕانەوەی سەردەمی کۆنەپەرستییە. دووەمیان هەر هێزی پیاوە و هێمای پیاوی توندڕەو و لینگبازەکانە. پۆشیا بە تابلۆکانی زۆر جوان گوزارشتی لە هۆشی ئیسلامی توندڕەو و حەزولیکی پیاوی سێکسی کردووە. چەتەکانی داعش لە پێناوی حەزی سێکسیی حەڵاڵکراو، کەسانی بەدەر لە ئایینەکەیان بە ڕووت دادەنێن وەک شمشێری ڕووت. ئەوان شمشێریان بۆ سەربڕینی پیاوان و ژنیش بۆ خزمەتی شمشێری گۆشت بەکاردێنن، وەکو ئەوەی بەرامبەر بە کوردی ئێزدی کردیان، پیاوەکانیان کوشتن و ژنەکانیشیان کردن بە "کەنیزەک" بۆ تێرکردنی حەزی شمشێری گۆشت.

ئەو تابلۆیانە خوێندنەوەن بۆ خەون و تێکۆشانی کوشتن و بڕین و حەزی سێکسی ئەو جۆرە مرۆڤانە لەسەر زەوی. شمشێر بۆ داگیرکاری و سوورهەڵگەڕاندنی دونیا و تێرکردنی حەزی ئیرۆتیکی بۆ مسۆگەرکردنی حۆرییەکانی بەهەشت، نەک دروستکردنی ژینگەی مرۆڤایەتی و دیموکراسی.

لە تابلۆکانی پۆشیا کاکلدا سێ ڕەنگ بوونەتە ڕەگەزی پڕکردنەوەی بۆشی و باکگراوندی فۆرمەکان: سوور، ڕەش و سپی. ئەوان بە درۆ و لە خشتەبردن بە "سپی" گفت دەدەن و لەسەر باکگراوندی ڕەش بە سپی دەنووسن، بە ڕەنگی سوور ڕەفتار دەکەن و سەری مرۆڤ دەپەڕێنن، ڕەنگی ڕەشیش واتای دونیای بەهەشت لە قیامەتدا بۆیان سازدەکرێ. پۆشیا زیرەکانە ئەو سێ ڕەنگەی وەک گوزارشتی ئایدیۆلۆژی بۆ کەسانی توندڕەو و بە تایبەت چەکدارانی داعش بەکاربردووە. فیگەرەکانی بە هێڵی دەرەوە کۆکردووەتەوە، وەک کاری دیزاینی هونەری گرافیک. هەر ڤیگەرێک بە ئاوت لاینی ڕەش کێشراوە، شێوەی ڕەقی و زەقیی فیگەرەکان، هێمای توندوتیژی بەرجەستە دەکەن.

لە یەکێک لە تابلۆکانیدا کە بە بزاوی مار دەچن، وشە بەرز بوونەتەوە وەک بیانەوێ بە یەکێکەوە بدەن. لەسەر قەد و باڵا و پشت و سکیان، ناوی خوا بە گەورەیی نووسراوە.

لەو دوو ساڵەی دواییدا هونەرمەندانی کورد کاری باشیان لەسەر توندڕەویی داعش کردووە، جا چ بە فۆتۆ، یان ڤیدیۆی هونەری، یان تابلۆ و پەیکەر، بەڵام کەمن وەک پۆشیا زۆر بە چاونەترسییەوە گوزارشتیان لە چەوتییەکانی داعش و گرووپە توندڕەوەکانی دیکە کردبێ.



رووداو
ژمارە (387) دووشەممە 2015/12/14



گۆران محەممەد
goran.mohammed@rudaw.net

# دەرماڵەی ماستاو

وارڕێن حکوومەت مانگانە 341 ملیار دینار دەداتە دەرماڵە، جا قوربان تۆ لەوە گەڕێ لە باکوور دەرماڵە بە واتای وڵاخ و ئاژەڵی دابەستە دێ، خۆ تەشبیە نەبێ و پەرژینێکی قایم بێ لەرووی دەرماڵەخۆرانی حکوومەتدا، ئەوە خێرە لەو سەتان هەزار دەرماڵەخۆرە، خەبیرێ، عاقڵمەندێ یانیش خەمخۆرێکی تێدا نەبوو لە ماوەی بیست و پێنجساڵ حوکمڕانیدا، عەقڵی بۆ ئەوە بچێ حکوومەت خەرجیی لە داهاتی زیاترە؟ ئاخر خەڵک سووپەرمارکێتێ بەڕێوەببات نەک حکوومەت، دوای شەش مانگ زەرەر قەپاتی دەکات.

یانی دوای بیست و پێنج ساڵ حوکمڕانی و دەرزەنێ خولی پەرلەمانی، تازە بە تازە دوو پەرلەمانتار درکیان بەم عیلمە کردووە؟ ئەی ئەو حەمکە راوێژکارە، ئەگەر بیریان نەکردبێتەوە، ئەدی دەیان ساڵە دەرماڵەی چی کاوێژ دەکەنەوە؟ بەوەدا پرۆژەی چاکسازی بە وێنەگرتن لەگەڵ سەرۆکی حکوومەت و بڵاوکردنەوەی لە فەیسبووکدا دەستی پێکردووە، بە حەولی خوا ئاخیرەکەی خێر دەبێ.

بە گوێرەی یاسا، ئەگەر شوفێرێک لە کەسێک بدا، جەزاکەی تا ملیۆن و نیوێک دەچێ، بەڵام ئەگەر لە دوو سێ کەس بە جارێک بدات، سێسەت تا پێنجسەت هەزارە، حکوومەتی کاسب ئاوایە، جوملە کەمتر حیساب دەکات، جا ئیتر هەرکەسێ بە ترومبێل نەفەرێکی پانکردەوە، با خێرا دوو سێیەکی دیکەی بەسەردا بکات تا هەرزان راوەستێ.

هیڤیدار ئەحمەو، تفەنگ بە تاریکییەوە دەنێ، هەر لە خۆیەوە نووسیویەتی پێشمەرگە بە تواناسازیی چووە لە مالیزیا کشتوکاڵی خوێندووە، ئاخر ئەگەر وەک بەندە سەبری هەبووایە و بەدوای مەسەلەکەدا بچووبایە، دەیزانی ماستەرنامەکەی ئەو بەڕێزە لە زانستی چاندنی فیشەکی دەمانچە بۆ دوورینەوەی گوللە تۆپدا هێناوە، هەرچەندە هیچ سەرچاوەیەکی بێلایەن پشتڕاستی نەکردووەتەوە، بەڵام دەنگۆی ئەوەش هەیە لە خانووی پلاستیکیدا ئاڕ پی جی نازداری بەرهەمهێنابن.

حکوومەتی هەرێم، لە کتێبی گینیسدا، بە ئینساندۆستترین حکوومەتی سەر رووی زەوی تۆمار کراوە، ئەی ئەوە نییە تەنانەت دەرماڵەی مەترسی بۆ کارمەندی کتێبخانەش داناوە! پێی یێژن دەرماڵەی تەپوتۆز، ئاخر حکوومەت دەزانێ کتێبەکانی ناخوێندرێنەوە و تۆزیان لێدەنیشێ، بۆیە هەر زوو لە خەمی لووتی کارمەندەکانیدا بووە.

جا قوربان منیش پێشنیارم هەس. بەوەدا بەرمیلێ نەوت بە سی دۆلارە و بەرمیلێ ماستاویش نزیکەی دووسەت هەزار دینارە، باشتر وایە دەرماڵەی دابەستەکانی حکوومەت بۆ دابەستەی راسەقینە تەرخان بکەین و دەست بە بەرهەمهێنانی شیر بکەین، ئاخر ئەوەی ئێستا بە فرۆشتنی حەفسەت هەزار بەرمیل پەیدای دەکەین، ئەوسا بە دوو سەت هەزار بەرمیل زیاترمان دەستدەکەوێت، بۆ مەسەلەی بەماستاوکردنی شیرەکەش خەمتان نەبێ، چی زۆرە ماستاوچی، بەڵام ئامان دەرماڵە بۆ ماستاوچی دانەنێن، دەنا سندووقی بانکی نێودەوڵەتیش ئیفلاس دەکا.



عارف قوربانی

# ناشەرعیبوونی بارزانی

مەگەر لە سەروبەندی جەنگی یەکەمی جیهانیدا، ئەم ناوچەیە بە ئەندازەی ئێستا روو لە پێشهات و گۆڕانکاری بووبێت. جەمسەرە گەورەکانی جیهان بە توانای زۆری سیاسی و ئابووری و سەربازییەوە روویان لێرە کردووە. ناکۆکییە خەفەکراوەکانی وڵاتانی ئەم ناوچەیە سەریان هەڵداوەتەوە، ریزبەندی هاوپەیمانێتییەکان لەسەر بنەمای دوژمنایەتی و بەرژەوەندی خەریکە خۆیان نوێ دەکەنەوە، بەزاندنی سەروەری و سنوورەکان بە تێکشکاندنی لەمپەر وێنا دەکرێن. زۆر لە وڵاتانی بەشدار لە هاوکێشە هەرێمایەتی و ململانێکانی ئەم ناوچەیە، خەریکی رێکخستنەوەی توانا سەربازییەکانیان و وەرگرتنی رەزامەندیی ناوەندەکانی بڕیاری وڵاتانیانن بۆ جوڵەپێکردنی سوپا و بەکاربردنی هێز بۆ پاراستنی بەرژەوەندیەکانیان.

هەموو ئەمانە لەسەر خوێن و پێستی ئێمە دەکرێت و کەچی ئێمەش کێشە ناوخۆییەکانی خۆمان بە ئەندازەیەک سەرقاڵی کردووین، لەبری چنینەوەی بەری خوێن و قوربانی و ئیستحقاقاتی خۆمان لە گۆڕانکارییەکان، خەریکە دەکەوینە ژێر پێوە. لەبری ئەوەی هەموومان سەرقاڵی هەڵسەنگاندنی دۆخەکە و خوێندنەوەی ئەگەر و پێشهاتەکان بین، یارمەتیدەر بین لە فراوانکردنەوەی دونیابینی بڕیاربەدەستانی وڵاتەکەمان، کەچی بەشدارین لە سەرقاڵکردنی کۆمەڵگە و هێزە سیاسییەکان و ناوەندەکانی بڕیار بەشتە لاوەکیەکانەوە.

ئێستا ئەوەندەی خەڵک و سیاسی و میدیاکانی ئێمە لە مشتومڕی یاسایی و شەرعیبوون و ناشەرعیەتی مانەوەی بارزانی و کۆتایی وادەی یاسایی و تەبریراتی درێژکردنەوەی ویلایەتی بارزانیدان، نیو هێندە چاومان لەسەر رووداوەکان نییە، میدیای ئێمە چاو و گوێی خەڵکی کوردستانیان داخستووە لە ئاستی ئەوەی لە ناوچەکەدا دەگوزەرێ و هیچ توێژینەوە و شیکاریەک نادەن لەوەی کورد پێویستە چۆن مامەڵە لەگەڵ رووداوەکان بکات و سیاسەتی دروست کامەیە کورد بیگرێتەبەر. رێنوێنی و هوشیارکردنەوەیەک نابینین لەوەی ناوەندە زانستی و ئەکادیمیەکانمان، سەنتەرەکانی توێژینەوە و ستراتیژناسەکانی کورد، یارمەتیدەر بن لە زۆرکردنی بژارەی جیاواز بۆ سەرکردایەتی سیاسیی کوردستان وەک بەرچاوڕوونیەک لە هەڵبژاردنی بەرەو جەمسەرە ناکۆکەکانی ناوچەکە، هەموومانیان بە کێشە ناوخۆییەکانەوە سەرقاڵ کردووە.

لێرەدا بە ئومێدی زاڵبوون بەسەر کێشە ناوخۆییەکان و بینینی واقیعی کۆمەڵگەکەی خۆمان چەند نموونەیەک دەخەمەڕوو، کە ئامانج لێیان مامەڵەکردنێکی واقیعیانەیە لەگەڵ تێپەڕاندنی ئەم دۆخە ئاڵۆزە، بۆ ئەوەی هێزە سیاسییەکانمان دەرفەتی ئەوەیان هەبێت بگەڕێنەوە سەر راستەڕێی سیاسەتکردن کە بۆ نەتیجەیە. تا بە هەموویانەوە لەم هاوکێشە و پێشهاتە تازانەی ناوچەکە شتێک بۆ کورد بەدەستبێنن.

دەمەوێ یارمەتیدەر بم لە رۆشنکردنەوەی بەرچاوی هێزە سیاسییەکان بۆ قبوڵکردنی ئەنجامی نەخوازراو کە ئەمری واقیع دەیسەپێنێ. سیاسەت هەمیشە بردنەوە نییە، مەرجی بەردەوامی، قبوڵکردنی ئەنجامی نەخوازراویشە. مامەڵەکردنە لەگەڵ ئەمری واقیع.

ئەوەی پەیوەستە بە پرسی یاسایی و شەرعیەتی ماوە (کات) لە پرسی یاساییدا، ئێمە نموونەگەلی زۆرمان هەیە کە بەلای کوردەوە زۆر چارەنوسساز بوون و بەڵام نەشمانتوانی دەرەقەتی تێپەڕبوونی کات بێین. بۆ نموونە مادەی 140 لە دەستووری عێراق کە بەشێکی زۆری خەڵک دڵخۆش بوون بەوەی لەو ماوە یاساییەی دیاریکرابوو، واتە 2007/12/31، دەبوو هەموو بەندو بڕگەکانی ئەم مادەیە جێبەجێبکرابان و زۆر کەس پێیانوابوو بەو رێگەیە کەرکووک و ناوچە کوردستانیەکانی دیکەی ژێر دەستی بەغدا دەخرێنەوە سەر هەرێمی کوردستان، زۆریش ئومێدی لەسەر بنیاکراو خەباتی سیاسی و مەدەنی و رێگەی جۆراوجۆری بۆ گیرایەبەر، وادەکە تێپەڕی و تا ئەو کاتەی وەک شەرعیەتی کات لە پرسە یاساییەکە دیاریکرابوو، هیچمان لێ نەچنیەوە. کاتێکیش ئەو وادە یاساییە تێپەڕی و خەڵکانێک باسی ناشەرعیبوونی یاساکەیان دەکرد، نیگەران دەبووین و سەرئەنجام ئەمری واقیع ئەوەی سەپاند کە بڕگەی کات، لە شەرعیەتی پرسەکە کەم ناکاتەوە.

یەکێکی دیکە لەو نموونانەی کە بۆ کورد چارەنووسسازە، هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکووکە، ساڵانێکی ئێجگار زۆر بەسەر تێپەڕبوونی وادەی یاسایی هەڵبژاردندا تێپەڕیوە و هەلومەرجێکی نەخوازراو ئەوەی سەپاندووە کە هەڵبژاردن لە کەرکووک نەکرێت. ئەوە پارێزگاکانی دیکەی عێراق سێیەم خولی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانیان بەڕێکرد، بەڵام کەرکووک خەریکە ئەندامەکانی سەرو ریشیان لەسەر کورسییەکانی ئەنجومەن سپی دەبێت، وادە (کات) زۆر تێپەڕیوە بەسەر ماوەی یاسایی ئەنجومەندا، بەڵام ئەمری واقیع ئەنجومەنەکەی هێشتووەتەوە و زۆرێکیشمان چاومان بڕیوەتە کارەکانی ئەوان و ئومێدی ئەوەشمان لەسەر بیناکردوون کە دواجار ئەوان بڕیار لەسەر چارەنووسی پارێزگای کەرکووک بدەن.

لەناو حیزبەکانی کوردستانیشدا نموونەمان زۆرن کە کۆنگرەکانیان زیاد لە پێویست دوادەخرێ و شەرعیەتی سەرکردایەتی بەپێی کات کە لە کۆنگرەکان دیاریکراوە نامێنێ، بەڵام وەک ئەمری واقیع درێژە بەکارەکانی خۆیان دەدەن تا دەگەنە قۆناغێک کۆنگرە دەبەستن. تەماشای تەمەنی پارتی و ژمارەی کۆنگرەکانی بکەین و ئەوەی لە پەیڕەو و پرۆگرامەکەیان دیارییان کردووە، زۆرترین ساڵەکانی نێوان کۆنگرەکانیان مانەوەی سەرکردایەتیەکانیان لە رووی شەرعیەتی کاتەوە بە نایاسایی تێپەڕاندووە. لە دوا کۆنگرەی یەکێتیشدا ئەم بابەتە وەک پرسێکی گرنگ قسەی لەسەرکراو و کرایە بڕیاری کۆنگرە ئەگەر لەوادەی خۆی تێپەڕی، سەرکردایەتیەکەی شەرعیەت لەدەست دەدات، هەمووما بینیمان ئەو کاتەی دیاریکرابوو تێپەڕی و تاکە کەسێک لەناو کۆمیتەی سەرکردایەتی یەکێتی کە قسەی لەسەر نەمانی شەرعیەتی سەرکردایەتیەکەی کرد، زۆرترین سەرزەنشت کرا، کاتەکان زۆریان بەسەردا تێپەڕی و ئەوەتا سەرکردایەتی یەکێتی مافی ئەوە بەخۆیان دەدەن نەک بڕیار لە چارەنووسی یەکێتی، بەڵکوو بڕیار لە چارەنووسی میللەتی کوردیش دەدەن و کەسیشمان ناڵێین لە رووی کاتەوە شەرعیەتی مانەوەتان نییە، چونکە ئەمری واقیع ئەوەی فەرزکردووە.

ئەمە بۆ دۆخی سەرۆکایەتی هەرێمیش راستە، هەرچەندە رەنگە بەلای هەندێکمانەوە ناخۆش بێت، بەڵام راستیەکە و ئەمری واقیع ئەوەشی سەپاندووە. کە پارتی هەر لە سەرەتاوە کاری بۆ ئەوە دەکرد یاری بەکات بکات و دواجار بێ ئەوەی هیچ باجێک بدات، سەرۆکی هەرێم وەک ئەمری واقیع بهێڵێتەوە، خوا هەڵناگرێت هێزەکانی دیکەش لە نەزانی بووبێت یان بە مەبەست، ئاویان کردە ئاشی پارتییەوە.

ئەوەتا تەماشای وڵاتانی دونیا بکەن مامەڵەی رەسمی لەگەڵا بارزانی دەکەن وەک سەرۆکی هەرێم، هەر وەفدێک دێتە کوردستان سەردانی بارزانی دەکات و ئەو وەک سەرۆکی ئەم هەرێمە دەناسێت، بارزانیش سەردانی هەر وڵاتێک دەکات وەک سەرۆکی هەرێم پێشوازیی دەکرێت. کەواتا ئەمری واقیع بارزانی وەک سەرۆکی هەرێم هێشتووەتەوە.

ئەمەش گرێکوێرەی کێشەکانی هەرێمە، دەبێت هێزە سیاسییەکان دان بەو واقیعەدا بنێن ئەگەر بەلایانەوە واقیعێکی تاڵیش بێت، چونکە سیاسەت مامەڵەکردنە لەگەڵا ئەوەی هەیە، بەوەش دەرگا بە رووی چارەسەری کێشەکاندا دەکرێتەوە. دەبێت هێزە سیاسییەکان کاریگەریی (کۆشکی سپی و سپی میدیا) لێکجیابکەنەوە، دانپێدانانی (کۆشکی سپی) بە مانەوەی بارزانی گرنگترە لە رووماڵی (سپی میدیا) کە پێیوایە سەرۆکێکی ناشەرعیە.



عەبدوڵڵا عالایی

# ئەوەی پەیامهێنی خودا نەیکردبێت حەرامە؟

"کە پەیامهێنی خودا نەیکردووە، ئێمەش نایکەین، چونکە بیدعە و حەرامە" ئەو رستەیە، یەکێکە لە ئارگۆمێنت و درووشمە بنەوانەییەکانی گوتاری سەلەفیەت و فیقهی تەقلیدیی ئیسلامی. بەو بنەوایە، رێگری لە داهێنان و نوێکاری دەکەن و بە تیغی چەمکی شێوێنراوی (بیدعە)، سینەی سەتان نەیاری هزری خۆیان، دەپێکن و بریندار دەکەن. هەر چتێک پەیامهێن و هاوەڵانی نەیانکردبێت، وەلای ئەوانەوە، ئەنجامدانی حەرام و بیدعەتە. بۆ ئەم بابەتەش، پشت بە چەند ئایەت و فەرموودەیەک دەبەستن.

فەقیهە تەقلیدی و سەلەفییە حەشەوییەکان، چەمکی (بیدعە) وەک تیغێکی ژەهراویی تیژ، بۆ پێکانی سینەی نەیارە فیکریەکانیان، دەهاوێژن و بۆ پاڵفتەکاریی دەنگەشەی لەمێژینەی نێوانیان، وەکاری دێنن. بیدعەچیش هەر کەسێکە کە لە بازنەی فیکری و فیقهی ئەوان، دەچێتە دەرەوە و پێبەندی میتۆدی ئەوان نابێت بۆ خوێندنەوە و مامەڵەکردن لەگەڵ دەقی دینی و ژینواری دیندارانەی خۆی. لە کن سەلەفیەت، هەر کەسێ بە بیدعەچی "مبتدع" ناوی رۆیی، ئیدی تەواو، لە بچووکترین ئامرازی پێوەندیی کۆمەڵایەتی کە سەڵاوکردنە، تا بەرزترینیان کە ژنخوازی و هاوسەرییە، بێبەش دەکرێت. هەر ئەوەندە نا، بگرە زۆرجار، بابای بیدعەچی، دەبێت بکوژرێت، ماتووڵ بە دیدی دیندارانەی ئەوان، بیدعەچییە.

جۆرج تەڕابیشی لەلاپەڕە (292)ی کتێوی (وحدة العقل العربي الاسلامي)دا، دەڵێت: "شاتبی شەرعزان، لە کتێبەکەی (الاعتصام)دا، کوشتنی بیدعەچی بە رەوا دادەنێت و بگرە هانی ئەو چتەش دەدات. لە (أبي قلابە) ریوایەت دەکات: "مرۆ بیدعە داناهێنێ، مەگەر شمشێر لەسەرە خۆی حەڵاڵ نەکات". شاتبی دوای ئەو ریوایەتە، دەڵێ: "گرۆی رزگاربووان کە ئەهلی سوننەن، بە دژایەتیکردن و شاربەدەرکردن و لێدان و کوتانی، فەرمانیان پێکراوە). هاتووە بەرنامەیەکی 15 بەندیی بۆ دارڕشتوون، لە بەندی حەفتەمدا دەڵێت: "کوشتنیان، ئەگەر لە بیدعە نەگەڕانەوە و تۆبەیان نەکرد" یاخود "کوشتن بەبێ داواکردنی تۆبە و هەوڵدانی" بۆ ئەو کەسەی "لەسەر بیدعە پێداگیریی کرد و بیدعەکەشی کوفر بوو و لێی نەگەڕایەوە).

گوتمان سەلەفیەت بۆ بە بڤەدانان و حەرامکردنی ئەو چتانەی کە پەیامهێن نەیکردوون، پشت بە چەند ئایەتێک دەبەستن، لێ پێش چوونە سەر باسی ئایەتەکان، دەبێت ئاوڕ لە چەند بنەوایەکی زانستیانەی ئوسوڵی فیقهی ئیسلامی بدەینەوە. ئێمە رێسایەکی چەسپاومان لە (اصول الفقه)دا هەیە، کە دەڵێت: "الترك لا يفيد التحريم" واتە: نەکردن مانای حەرامێتی نابەخشێ. رێسایەکی دیکە دەڵێت: "الترك لا ينتج منه حكما" وازهێنان بڕیاری لێ وەرناگیردرێت.

زانایانی ئوسوڵ دەڵێن: بۆ حەرامکردن (تحريم)ی هەر چتێک، یەکێ لەم سێ خاڵانە بە پێویست دەزانرێت:

1– النهي: نەرێکردن لەسەر نەکردنی هەبێت، وەک: (وَلاَ تَأْكُلُوا أَمْوَالَكُمْ بَيْنَكُمْ بِالْبَاطِلِ).

2– لفظ التحريم: بێژەی حەرامێتی هاتبێت. وەک: (حُرِّمَتْ عَلَيْكُمُ الْمَيْتَةُ).

3– ذم الفعل أو التوعد عليه بالعقاب: کارەکە لۆمەکراو بێت، یان پەیمانی سزای لەسەر درابێت. وەک (يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ اتَّقُواْ اللّهَ وَذَرُواْ مَا بَقِيَ مِنَ الرِّبَا إِن كُنتُم مُّؤْمِنِينَ فَإِن لَّمْ تَفْعَلُواْ فَأْذَنُواْ بِحَرْبٍ مِّنَ اللّهِ وَرَسُولِه).

لێرەدا دەبینین، وازهێنان (الترك) ناکەوێتە ژێر هیچ کام لەو سێ خاڵەوە، کەوابوو وازهێنانی پەیامهێنی خودا لە رەفتار و گوفتارێک، مانای حەرامێتی و بگرە ناپەسەندیشی لێ وەرناگیردرێت. مەرج نییە هەر چتێک پەیامهێنی خودا (د.خ) نەیکردبێت، گەر ئێستا بیکەیت، حەرام و تاوان و بیدعە بێت. هەر گوفتار و رەفتارێک، ئەگەر لە سەتەی بیست و یەکیش بیکەیت و دایبهێنی، با لە بازنەی دینداری و مامەڵەی دیندارانەشدا بێت لەگەڵ دەق، ماتووڵ لەگەڵ دەقە دروست و روونەکان (صحيح و صريح) تێکگیری و دژەوانەیی نەبێت، هیچ رێگرییەک لە ئەنجامدانی نابێت و بەپێی بنەواکانی زانستی ئوسوڵی فیقهی، کارێکی رەوایە.

ئەگەر تەرککردنی کارێک لەلایەن پەیامهێنەوە نەبێتە بەڵگەی حەرامێتی، ئەوا هەرگیز تەرکی سەحابە و سەلەف نابێتە بەڵگە. وەک ئەو گوتارە سەلەفیەی بەردەوام قەوانی: "ماتووڵ سەلەفی ساڵح نەیانکردووە بۆ ئێمە بیکەین" لێدەدەنەوە.

گوتاری سەلەفیەت، بۆ سەلماندنی ئەو بنەوا و درووشمەی خۆیان، پشت بە چەند ئایەتێکی قورئانیی دەبەستن. وەلێ هەمووی بە چەواشەکاری و شێواندن و دەلەسەکارییەوە، شرۆڤە دەکەن.

پچڕاندنی ئایەت و شێواندنی سیاقەکانیان، رێبازێکی سەرەکیی ئەوانە لە خوێندنەوەی دەق و مامەڵەکردن لەگەڵیدا.

بۆ حەرامێتیی داهێنان، ئەم ئایەتە بە بەڵگە دەهێننەوە: (وَمَا آتَاكُمُ الرَّسُولُ فَخُذُوهُ وَمَا نَهَاكُمْ عَنْهُ فَانتَهُوا).

ئەگەر بە وردییەوە لەم ئایەتە بڕوانین و نەیپچڕێنین، دەبینین ئایەتەکە هەرگیز نابێتە بەڵگە بۆ ئەم بنەوا سەلەفیزمە، بەڵکوو باس باسی جەنگ و دەستکەوتەکانێتی، نەک باسی بیدعەت. دەقەکە بەو شێوەیە: (**ما أفاء الله على رسوله** من أهل القرى فلله وللرسول ولذي القربى واليتامى والمساكين وابن السبيل ** كي لا يكون دولة بين الأغنياء منكم وما آتاكم الرسول فخذوه وما نهاكم عنه فانتهوا واتقوا الله** إن الله شديد العقاب) واتە: "ئەو دەستکەوتانەی، خوا بەخشی بە پێغەمبەرەکەی لەو دێهاتانە، ئەوە خوا بڕیاری لەسەرداوە کە بۆ پێغەمبەر و خزمانێتی، بۆ هەتیوان و هەژاران و رێبوارانیشە، بۆ ئەوەی ئەو سامانە تەنیا لە نێوان دەوڵەمەندەکانی ئێوەدا نەبێت". جا ئەوەی پێغەمبەر (ص) پێی بەخشیون وەریبگرن، هەرچیەکی پێتان نەدا، ئێوەش وازبێنن لێی، لە خوا بترسن "چونکە سزای خودا توندە".

دەی ئەوە لەکوێ و بەڵگە پێهێنانەوەی سەلەفیەت لە کوێ؟ خۆ ئەگەر ئایەتەکەش بە پچڕاوی و رووکەشی، بە شێوە دەلەسەکارییەکەی خۆیان وەریبگرین، دیسان هەر کەوتوونەتە نێو هەڵەی مەنهەجییەوە، چونکە ئایەتەکە دەفەرموێت (وما نهاكم): ئەوەی بە دەقی روون رێگریی لێکردن. نەک (وما تركه فانتهوا عنه) ئەوەی وازی لێهێنا لێی دووریکەونەوە.

ئایەتێکی دیکە کە سەلەفیەت پشتی پێ دەبەستێ: (اليوم أكملت لكم دينكم...)ە. دەڵێن: بەو ئایەتەش، ئایین (کامڵ) بووە، ئیتر ئەوەی لە دوای ئەو ئایەتەوە بکرێ، رەت دەکرێتەوە و لە دیندا جێی نابێتەوە.

ئەو بانگەشەیە، چەواشەکاریی تێدایە، کاتێ ئەوان دەڵێن: "خودای گەورە بەم ئایەتە ئایینی (کامل) کرد، لەبەرئەوەی کۆتا ئایەتە کە دابەزیوە".. پێچەوانەی واقیعی قورئان دەدەوێن، چونکە وەلای زۆربەی زانایانەوە، ئایەتی "ریبا" کە خودا دەفەرموێت: ((يأيها الذين امنوا اتقوا الله وذروا ما بقي من الربا إن كنتم مؤمنين)) لە دوای ئایەتی (اليوم اكملت لكم ...) دابەزیوە. ئەگەر بەو بنەوا و لۆژیکەی سەلەفیزم بێت، دەبێت بڵێین: ریبا لەدیندا نییە و زێدەیە لە شەرعدا!

هەروەها ئایەتی (کلالە)ی کۆتا ئایەتی سورەتی (النساء)، کە باس لە بابەتەکانی میرات و وەرەسە دەکات، دوای ئەوە دابەزیوە. دەی باشە دەبێ بڵێین بابەتی ئەم ئایەتە لە دیندا نییە؟

پاشان بە بۆچوونی زۆربەی زۆری زانایان - کە ئەو بۆچوونە راستترینی رایەکانە - ئایەتی (واتقوا یوما ترجعون فيه الى الله) 281 البقرە، کۆتا ئایەتە دابەزیوە، نەک: (اليوم أكملت لكم دينكم ....) چونکە پەیامبەر (80) رۆژ دوای ئەم ئایەتە ژیاوە.

دواتر ئایەتی (اليوم أكملت لكم دينكم ....) کێ گوتوویەتی مانای ئەوەیە کە ئایین کامل بووە و ئەوەی لە دوای ئەوەوە بێت زێدەیە لە دیندا؟ ئەگەر بڵێین بەم ئایەتە ئاین کامل بوو، ئەوە دەگەیەنێت کە لەوەو پێش ئایین ناتەواو بووە و ئەو رۆژە کامل بوو! یان دەبێت وەک (فەخرەدینی رازی) بپرسین: "دیارە پەیامهێنی خودا، ماوەی بیست و دوو ساڵ و چەند مانگێ، خۆی و هاوەڵەکانی دینداریيان بە ناتەواوی کردووە و، بە ناتەواویش گەیاندوویانە، تەنێ ماوەی (80) رۆژەکە نەبێت، ئاینیان بە تەواوی گەیاندووە!"

سەلەفیەت لێرەشدا پچڕاندن و شێواندنی کردووە، ئایەتەکە باسوخواسی حەج و پەرستشە لاوەکیەکانیەتی، تەواوی ئایەتەکە وەهایە: حُرِّمَتْ عَلَيْكُمُ الْمَيْتَةُ وَالدَّمُ وَلَحْمُ الْخنزيرِ وَمَا أُهِلَّ لِغَيْرِ اللّهِ بِهِ وَالْمُنْخَنِقَةُ وَالْمَوْقُوذَةُ وَالْمُتَرَدِّيَةُ وَالنَّطِيحَةُ وَمَا أَكَلَ السَّبُعُ إِلاَّ مَا ذَكَّيْتُمْ وَمَا ذُبِحَ عَلَى النُّصُبِ وَأَن تَسْتَقْسِمُواْ بِالأَزْلاَمِ ذَلِكُمْ فِسْقٌ الْيَوْمَ يَئِسَ الَّذِينَ كَفَرُواْ مِن دِينِكُمْ فَلاَ تَخْشَوْهُمْ وَاخْشَوْنِ الْيَوْمَ أَكْمَلْتُ لَكُمْ دِينَكُمْ وَأَتْمَمْتُ عَلَيْكُمْ نِعْمَتِي وَرَضِيتُ لَكُمُ الإِسْلاَمَ دِينًا فَمَنِ اضْطُرَّ فِي مَخْمَصَةٍ غَيْرَ مُتَجَانِفٍ لِّإِثْمٍ فَإِنَّ اللّهَ غَفُورٌ رَّحِيمٌ.

بۆ بەهێزکردنی ئەوەی گوتمان، رای دوو موفەسیر دەهێنمەوە:

*ئیمامی (الطبري) دەڵێت: (اليوم أكملت لكم دينكم...أي حجكم فافردتم بالبلد الحرام تحجونه دون المشركين لايخالطكم في حجكم مشرك) واتە: ئەمڕۆ مەراسیمی حەجتان کامل بوو، تەنێ ئێوەی ئیمانداران حەج دەکەن و موشریکەکان تێکەڵتان نابن.

خاڵی مەبەست: ئیمامی (الطبري) وشەی (دينكم)ی بە (حجكم) تەفسیر کردووە.

* (ئیمامی قورتبی) دەڵێت: (وقال الجمهور المراد معظم الفرائض والتحليل والتحريم : قالوا وقد نزل بعد ذلك قران كصير, ونزلت اية الربا واية الكلالة وغير ذلك إنما كمل معظم الدين و أمر الحج) واتە: زۆربەی زانایان پێیان وایە کە واتای ئایەتەکە ئەوەیە: ئەوڕۆ "زۆربەی" فەرزەکان و حەڵاڵ و حەرام (کامل) بوو، چونکە لە دوای ئەو ئایەتەوە ئایەتی زۆر دابەزیوە وەکو ئایەتی (ریبا) و (کەلالە) واتای ئەوەیە کە زۆربەی ئاین تەواو بوو لەگەڵ حەج (تەفسیری قورتوبی ب 7/ل 293).

پوختەی قسان ئەوەیە: بەپێی ماریفەتی دروستی ئیسلامی، هەر چتێ کە جەزرەت و هاوەڵانی نەیانکردبێت و تەرکیان کردبێت، واتای حەرامێتی و بیدعەت ناگەیەنێت، ماتوول دژایەتی لەگەڵ دەقێکی روونی قورئاندا نەبێت. دەبێت پێبەندی رێسای (الترك لا يفيد التحريم) بین و، بەوەش عەقڵی موسڵمانان، لە دۆگمایی و بەخشینەوەی مەدالیای بیدعەچی، قوتار بکەین.

لێرەوە، پێویستە ئێمەی ئایندارن ئەوە بزانین کە: کێشەی ئێمە هەر تەنێ لە مامەڵەکردن دەگەڵ سوننەت (اشكاليه التعامل مع السنه) نییە، بەڵکو لە مامەڵەکردن دەگەڵ قورئان (اشكاليه التعامل مع القران)یش گرفت و کێشەمان هەیە. قورئان ئەگەر بە میتۆدێکی دروست مامەڵەی لەگەڵدا نەکەیت و نەچیتە بنج و بنەوانی حەدەسەکان و، کرۆنۆلۆژیا و جوگرافیا بەهەند وەرنەگریت، هەمیشەیی و جیهانیبوونی خۆی لەدەست دەدات. بۆ ئەوەی پەیامی هەمیشەیی و جیهانێتی قورئان بەردەوامیی هەبێت، دەبێت بەردەوام فۆرمی نوێ بە وەحی بدرێتەوە و لە رێگەی (مقاصد)ەوە (مرۆیایەتی) بکرێتە چەق (سەنتەر)ی خوێندنەوە ئاینییەکانمان.



بەختیار کەریم

# هێڵی گاز و هێڵی سەلەفییەت

دەوڵەتە ئەوروپییەکان و تورکیا هەمیشە لە خولیای ئەوەدا بوون کە ئەڵتەرناتیڤێک بۆ گازی سروشتیی رووسیا بدۆزنەوە، بەئامانجی کەمکردنەوەی وابەستەییان بە گازی سروشتیی رووسیا و فرەکردنی سەرچاوەکانی ئەم وزە گرنگە. لە بەرامبەردا رووسیا، تا ئاستی شەڕکردن، ئامادەیە رێگری لە بەدیهاتنی ئەم خولیایە بکات، وەک لە جۆرجیا و دواتر لە ئۆکراینا روویدا و ئێستاش لە سووریا دەیبینین.

یەکێک لەو پرۆژانەی کە ئەوروپییەکان وەک فریادرەسێک لێیان دەڕوانی، پرۆژەی هێڵی گازی قەتەر-تورکیا بوو کە دەکرێت لە سعودییەوە بە خاکی سووریا یان بە خاکی عێراقدا بڕوات. سووریا، وەک هاوپەیمانێکی بەوەفای رووسیا، ئەم پرۆژەیەی رەتکردەوە. عێراقی پاش 2003 کە لەژێر هەژموونی رەهای ئێرانی شیعیدایە، چیتر رێگەیەکی باش و زامن نییە بۆ تێپەڕینی ئەم هێڵە. هاوکات عێراق لەگەڵ ئێران و سووریا رێککەوتن کە گازی سروشتیی ئێران بەناو عێراق و سووریا و لوبناندا بگاتە دەریای سپی ناوەڕاست، بەڵام شەڕی ناوخۆی سووریا بووە هۆی وەستاندنی پرۆژەکە. تورکیا و دەوڵەتانی کەنداو ئەم هێڵەیان وەک تۆخکردنەوەی هیلالی شیعی دەبینی و بەتوندی لەدژی وەستانەوە.

لەم ناوکۆییەدا دەتوانین بەشێک لە هۆکارەکانی شەڕی ناوخۆی سووریا و دەستوەردانی خێرا و کاریگەری قەتەر، سعودیە و تورکیا و گۆڕینی ئاراستەی خۆپیشاندانەکان بەرەو پێکدادانی خوێناوی، بدۆزینەوە. بە بڕوای ئەم دەوڵەتانە، رژێمی ئەسەد بەخێرایی دەڕووخا. دەوڵەتی ئایندەی سووریا، لە خەیاڵی سیاسیی ئەم دەوڵەتانەدا، دەوڵەتێکە کە بۆ نوێژکردن رووەکاتە ریاز، بۆ بازرگانی رووەکاتە ئەنکەرە و بۆ زانیاریش رووەکاتە کەناڵی جەزیرەی قەتەری! بەڵام رووسیا ئەم خەیاڵە سیاسییەی شێواند، چونکە پرۆژەکە لە بنەڕەتدا بەئامانجی لێدانی زیاتری رووسیا بوو، پاش ئەوەی دابەزینی نرخی نەوت و ئابلۆقەی ئابووری گورزی گەورەی لە ئابووریی رووسیا وەشاند.

ئێستا قۆناغی پاش بێئومێدبوونە لە سووریا. چیتر پارە و راگەیاندنی قەتەر، سەلەفییەت و جیهادیزمی سعودیە و چەک و جەنگاوەری تورکیا، ناتوانن بارەکە لە بەرژەوەندیی خۆیان راستبکەنەوە. هاتنی رووسیا بەم قورساییە بۆ ناو جەنگی سووریا، هەموو ئەو دەوڵەتانەی لەسەر شانۆی خوێناویی سووریا دەرپەڕاند. ئێستا ئەم دەوڵەتانە سەرقاڵی تاقیکردنەوەی گۆڕەپانێکی نوێن کە ناوی عێراقە.

پرۆژەی دەوڵەتێکی هاوبەشی کورد-سوننە (یا دوو دەوڵەتی کوردی و سوننی)، دەکرێت خزمەت بە پرۆژەی هێڵی گازی سروشتیی قەتەر-سعودیە-تورکیا بکات. چونکە پاش سووریا، تاکە رێگە بۆ گەیاندنی ئەم سەرچاوە گرنگە بۆ تورکیا و لەوێوە بۆ بازاڕەکانی ئەوروپا، ناوچەی سوننەکانە لە ئەنبار و لەوێوە بە کوردستاندا بەرەو تورکیا. بەڵام سەرەڕای نارەزایی عێراق، ئێران و رووسیا، دوو مەترسیی سەرەکی لەم پرۆژەیەدا هەن بۆ کورد.

یەکەم مەترسییەکی ئایدیۆلۆجییە. وەک چۆن هێڵی ئێران-عێراق- سووریا بە هێڵی شیعی ناودەبرێت، ئەم هێڵەش هێڵێکی سوننییە و لە هەناوی ململانێی شیعە- سوننەوە لەدایک بووە. ئەم هێڵە گازە هاوشان دەبێت لەگەڵ هێڵێک بۆ هەناردەکردنی سەلەفیزم لە سعودیەوە بۆ دەرەوە! کوردستان ئەمڕۆ زەمینێکی بەپیتە بۆ هاتنی هزری سەلەفی، دەبێت پاش دروستبوونی ئەم هێڵە سوننییە چی بەسەر بێت؟ ئەنجامی ئەمە کاڵکردنەوەی شوناسی نەتەوەیی و تۆخکردنی شوناسی ئیسلامێکی عەرەبییە. ئەمەش لەئاستی ئایدیۆلۆجیدا، کورد دەکاتە بەشێک لە ململانێی شیعە و سوننە!

دووەم مەترسییەکی بوونگەرایییە و پەیوەندی هەیە بە دروستبوونی هەرێمێکی سوننەوە کە دواجار بەهاوکاریی تورکیا، سعودیە و دەوڵەتە عەرەبییەکان، زامنی هەژموونی خۆی دەکات بەسەر کوردستاندا. تەنانەت ئەگەر کورد دەوڵەتێکی سەربەخۆشی هەبێت، ئەوا دەکەوێتە نێوان ئیرادەیەکی تورکی و ئیرادەیەکی عەرەبی کە سوننەبوون کۆیاندەکاتەوە. سعودیە لەرێگەی هێڵی سەلەفییەتەوە، دڵنیا دەبێت لە بەسوننەکردنی کوردستان و تێوەگلاندنی لە ململانێی شیعە-سوننە.

ئێستا کورد بەشێکی گرنگە لە "جەنگی درێژخایەن"ی ناوچەکە، بەڵام توانای کورد بۆ بەردەوامبوون و مانەوە پەیوەستە بە تێوەنەگلانی لە شەڕی شیعە- سوننە. سەرکردایەتیی کورد ئەگەر لە هیچ شتێکدا سەرکەوتوو نەبووبێت، لە پەناگرتن لە تێوەگلانیان لە شەڕی شیعە-سوننە، سەرکەوتنێکی بێوێنەیان بەدەستهێناوە. ئێستا کە ململانێی شیعە-سوننە رەهەندێکی ئابووریی و نێودەوڵەتیی زەقی وەرگرتووە، پێویستە هەموو بڕیارە ستراتیژییەکانی کوردستان لە بواری وزەدا، لەسەر بنەمای خوێندنەوەیەکی وردی پێکدادانی هێڵەکانی گازی سروشتی بێت. دەکرێت هێڵی گازی سروشتی سوودی ئابووری بۆ کوردستان هەبێت، بەڵام ئەگەر ئەم هێڵە هاوشان بێت لەگەڵ هێڵی سەلەفییەت و وابەستەبوونی زیاتر بە بلۆکبەندیی سوننە و تورکیا، ئەوا لە کۆتاییدا زیانی گەورە بە هەرێمی کوردستان دەگەیەنێت و لەوانەیە ببێتە هۆی دووبارەبوونەوەی ئەزموونە تاڵەکانی شەڕی کورد-کورد.

لەم قۆناغەدا، هەرێمی کوردستان دەتوانێت مەرجی هەبێت لەسەر لایەنە خاوەن بەرژەوەندییەکان و هەمیشە لە هەوڵی کردنەوەی دەروازەیەکدا بێت بۆ دەرچوون لەژێر هەژموونی رەهای تورکیا و ئێران. راگرتنی ئەم هاوسەنگییە هەرچەندە سەخت بێت، سوودی دوورمەودای بۆ کوردستان دەبێت. دەرچوون لەژێر قەڵەمڕەویی ئەم دەوڵەتانە، بەواتای دژایەتیکردنی بەرژەوەندییەکانیان نییە، بەڵکو بەواتای راگرتنی هاوسەنگییە لەنێوان بەرژەوەندییەکانی ئێمە و ئەوان و هەنگاونان بەرەو کارکردن لەسەر بنەمای رێزی هاوبەش. پرنسیپی رێزی هاوبەش نائامادەیە لە پەیوەندیی ئێستاماندا لەگەڵ ئەم دەوڵەتانە، چونکە ئێمە لەناو خۆماندا پەیڕەوی ئەم پرنسیپە ناکەین، ئیتر چۆن دەکرێت داوا لە دراوسێکانمان بکەین، پەیڕەوی بکەن!

ئەگەر ئاستێکی باش لە یەکگرتوویی نەتەوەیی بەدی بهێنین، لەوانەیە نەک پێویستمان بە تورکیا نەبێت وەک تاکە دەروازەی ئێمە، بەڵکو کوردستانێکی یەکگرتوو لەنێوان باشوور و رۆژئاڤادا دەتوانێت ببێتە تورکیایەکی دیکە بۆ خۆرئاوا و ئەمریکا. هەموو جیهان هەستی بەم راستییە کردووە و پاڵپشتی دەکات، ئیتر کاتی ئەوەیە سیاسییەکانی خۆشمان هەستی پێبکەن و پاڵپشتی بکەن و کاری هاوبەشی بۆ بکەن.

ئەم وتارانە گوزارشت لە رای نووسەرەکانیان دەکەن و بەهیچ شێوەیەک دەربڕی بۆچوونی تۆڕی میدیایی رووداو نین.



ڕێبوار کەریم وەلی
rebwar.karim@rudaw.net

# بارزانی لە ئانکارا و یەکێتی لە بەغدا

1

بەقەولی ئێرانییەکان (سەفەری جەنجاڵ)ی سەرۆکی هەرێمی کوردستان (کە میدیای ئێرانی بە سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان) ناوی دەبات! بۆ سعودیە، ئیمارات و دوابەدواشی بۆ تورکیا، قووڵایی پەیوەندیی بارزانیی لەگەڵ ئەو بەرەیەدا نیشان دا کە هاوکات هەر سێ وڵاتیش لە ژێر چەتری ئەمریکادان. مەسەلەکە لایەنی سۆزداری نییە، بەڵام تەنیا یەک نموونەی بچووک، میدیای ڕەسمیی ئێران سەرۆکی وڵاتێک بە (شەرواڵ لەبەر) و (سەرۆکی حیزب) ناو دەبات، چی لە دەستی دێت بۆ کەمکردنەوە لە ڕۆڵی بارزانی دەیکات، بەڵام هەمان ڕۆژ و لە ئانکارا فەرشی سوور بۆ سەرۆک ڕادەخرێت و ئاڵای کوردستان (کە ئەوە لە مێژووی دەوڵەتی تورکیادا نموونەی نەبووە) هەڵدەکرێت. دەمێکە لە وڵاتانی ئەوروپا لە پێشوازیی کاک مەسعوددا، ئاڵای کوردستان لە تەنیشت ئاڵای وڵاتی بەناو عێراق دادەنرێت، بەڵام دانپێدانانی تورکیا بەو ئاڵایەی ئێستای کوردستانی باشوور (کە هێشتا پەکەکەش دانی پێدا نانێت!) پتر لە مانایەک هەڵدەگرێت. بارزانی بۆ لە ئانکارا بوو؟ هەفتەی ڕابردووش نووسیبووم، بارزانی لە پرۆسەی سیاسی لە بەغدا کشاوەتەوە و هیچ ئومێدێکیش شک نابات، کارە دروستەکەش هەر ئەوەیە کە ئەو دەیکات. بارزانی بۆ دابەشکاریی دوای شەڕی مووسڵ لە ئانکارا بوو. ئەوانیش پێیانگوت کە ئەگەر ئێوە بەنیازی سەربەخۆیین، ئەوا با خۆمان لەگەڵ هەڵکردنی ئاڵاکەشتان ڕابێنین. چونکە دەمێکە تورکیا لەڕووی ئابووری و وزەوە وەک دەوڵەتێکی سەربەخۆ مامەڵە لەگەڵ کوردستان دەکات و هاتنی سوپای تورکیاش بۆ قووڵایی خاکی کوردستان بۆ پاراستنی سەربەخۆیی کوردستان دەبێت، بەغدا و ناوەندەکانی دیکەش باش لە ئامانجی تورکیا تێگەیشتوون، بۆیە وا قوڕ بۆ سەروەریی خاک و دەوڵەتی عێراق دەپێون. تورکیا چیتر نایەوێت سێ لای بە دەوڵەتی شیعی دەورە درابێت، دوویان (سووریا و عێراق) وا لەناو دەچن و ئەوکاتە تەنیا دەمێنێتەوە ئێران.

وەکو هەمیشە کە بارزانی دەچێتە ئانکارا، یان شاندێکی پایەبەرزی تورک دێتە کوردستان، خێرا وەفدێکی یەکێتی یان خۆی بە بەغدادا دەکات یان تاران! ئەگەر ئەوەش نەبوو، شاندێکی هەدەپە لە سلێمانی دادەبەزێ!

مۆدێلی ئەو مانۆڕە سیاسییە هەرزانانە بەسەر چووە و لەسەر لێواری یەکلابوونەوەین. بارزانی دەوڵەتی کوردستان ڕادەگەیەنێت تەنانەت ئەگەر سنووری ئەو دەوڵەتە لە دوو پارێزگاشدا بێت، چارەنووسی ئەو دەوڵەتەش وەکو دەوڵەتەکەی مەلیک مەحموود نابێت و جیهان بە خۆشحاڵییەوە پێشوازیی لێ دەکات. ئەوانەیش کە لەناوخۆدا دژی دەوەستنەوە، دەبێ وەڵامیان بۆ مێژوو هەبێت.

## میلیشیای گۆڕان

2

لە کاتێکدا کە وا خەریکە شەڕی داعش یەکلایی دەبێتەوە و هەموو لایەک خەریکی حساباتی دوای داعشە، تازە بە تازە و لە میدیاکانەوە باسی دروستکردنی هێزی چەکداری لەلایەن بزووتنەوەی گۆڕانەوە دەکرێت. ڕاستییەکەی ئەوەیە کە ئەم نیقاشە لەناو بزووتنەوەی گۆڕاندا شتێکی تازە نییە و دوابەدوای ڕووداوەکانی 17ی شوبات، قسە لەسەر ئەوە دەکرا کە گۆڕان شانەی چەکداریی نهێنی لە شاروشارۆچکەکان دروست بکات. هەموو دەمێ ئەو نیقاشە لەناو گۆڕاندا بەو ئاراستەیەدا دەشکایەوە کە گۆڕان سەرباری ئەوەی بەشێکی زۆری کادر و پێشمەرگەی کۆنی یەکێتی تێدایە، بەڵام بزووتنەوەیەکی سیڤیلە و بوونی هێزی چەکدار زیان بە ئامانجەکانی دەگەیەنێت، چونکە ڕێکخستنەوە و یەکخستنەوەی هێزی پێشمەرگە یەکێک لە ئامانجەکانیان بووە. تەنانەت بوونی هێزی پێشمەرگەیان بەو شێوەیەی ئەوسا بە میلیشیا دەچواند تا هێزی نیزامی.

ئەمڕۆ کە وا خەریکە پێشمەرگە دەبێتە هێزێکی مۆدێرن و تا ڕادەیەکی زۆریش یەکیگرتووە، دروستکردنی هێزی چەکداری دیکە لە دەرەوەی ئەو هێزە، لەلایەن حکومەت و پێشمەرگەوە وەک میلیشیا مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت و پتر لەوەی ببێ بە وەسیلەیەک کە گۆڕان وزەی لێ وەربگرێت، هێندەی دیکە بە خراپ بەسەریاندا دەشکێتەوە.

## تورکیا و پەکەکە

3

لەوەتەی هاتنی سوپای تورکیا بۆ کوردستان، میدیاکانی پەکەکە و پاشکۆکانی لە سلێمانی، دنیایان لێبووە بە چەرمی چۆلەکە. ڕۆژ نییە دەیان سیناریۆ بڵاونەکەنەوە. هەمان ئەوانەی کە پێشتر دەیانگوت داعش بە هاوکاریی بارزانی هاتووەتە مووسڵ و پەلاماری کوردستانی ڕۆژئاوای داوە، ئەمڕۆ دیسان قەوانی تازەیان تۆمار کردووە!

هاتنی فەیلەقی قودس و تەراتێنی ئێران و حەشدی شیعی (تەنانەت بەستنی هاوپەیمانێتی لەگەڵیان) هیچ کێشەیەک و گرفتێکی بۆ سەروەریی نییە، تەنیا تورکیا خەتی سوورە!

زۆر ناخۆشە ئەو بەراوردە بکرێت، بەڵام 18 ساڵە، هەزار سەربازی تورک لە کوردستان جێگیرن، تا ئێستا کەس بیستوویەتی یەک سەربازی تورک توانیبێتی پەنجە بۆ هاووڵاتییەک درێژ بکات! بەڵام باجی جێگیربوونی هێزەکانی پەکەکە لە کوردستانی باشوور، چۆڵبوونی سەدان گوند، تۆپباران و گیان لەدەستدانی سەدان هاووڵاتیی بێدیفاع بووە کە بەردەوام پەکەکە وەک قەڵغانی مرۆیی بەکاری هێناون! هاوکاریی یەکێتی و پەکەکە لەگەڵ ڕژێمی بەعسی سووریا، حەشدی شیعی و ئێران، چۆڵبوونی یەکجاریی سەعدیە لە کورد، ڕژانی خوێنی دەیان هاووڵاتی و پێشمەرگە و نائارامی و پێکدادانی بەردەوام لە جەلەولا و توزخورماتوو، هیچ نییە، بەڵام هاتنی تورکیا خیانەتە!

ئەو تورکیایەی کە پەکەکە لە کوردستانی ڕۆژئاواوە و بەڕێگەی کوردستانی باشوور ڕۆژانە نەوتی پێ دەفرۆشێت.

پەکەکە دەبێ واز لە شۆی سیاسی و سەربازی بهێنێ، لە ژێرەوە لەگەڵ پارتی کۆدەبێتەوە و لەسەرەوە شتێکی دیکە دەڵێت. پەکەکە زوو یان درەنگ دەبێ بگەڕێتەوە سەر مێزی دانوستاندن لەگەڵ تورکیا و ببێتە بەشێک لە سەقامگیریی ناوچەکە، ئەگەرنا دوای نەمانی داعش ئەو پێگەیەی لە ڕۆژئاواش هەیانە دەیکەن بە قوربانی ئەم و ئەو.



هێمن عەبدوڵڵا
hemen@rudaw.net

# چاڵدێرانی نوێ

تورکیا هێزی زۆرتری هێناوەتە باشووری کوردستان و پێویستیشی بەوەیە بمێنێتەوە. شەقامی کوردستان لەنێوان پشتیوانی لە هاتنە ناوەوەی تورکیا و دژایەتیکردنیدا دابەش بوون. هەر لەسەر ئەوە نا، بەڵکو لەسەر ئەوەی کە مووشەکی ڕووسیش ئاسمانی کوردستان بکاتە چۆڵەوانی یان نا، کورد هەر دابەش بووە. شەڕی چاڵدێران خەریکە دووبارە دەبێتەوە، بەڵام نابێ بهێڵین ئەمجارە ئەنجامی شەڕەکە بۆ چەندین سەدە بمانسووتێنێ.

ڕووسیا بە هەڵسوکەوتی ئەمدواییەی تورکیا تووشی شۆک بووە. شۆکی ئەوەی کە ئیدی تورکیای سەردەمی ئاکەپە خەریکە ناسنامە هەمیشەییەکەی خۆی دەگۆڕێت و لە ململانێ نێودەوڵەتییەکەدا خۆی بەلای ڕۆژئاوادا دەخات. ئاکەپە بەوە ناسرابوو کە لە سیاسەتی نێودەوڵەتیدا سیاسەتێکی هاوسەنگی هەیە، واتە وەکچۆن دۆستایەتیی خۆی لەگەڵ ئەمریکا و وڵاتانی ئەوروپایی تێکنادات، ئاواش پەیوەندیی ئابووری و سیاسیی گەرموگوڕی لەگەڵ ئێران و ڕووسیا و وڵاتانی دیکەی سەر بەو بلۆکە هەیە.

بەڵام وادیارە ڕەوشەکە گۆڕاوە. ڕووسیای سەردەمی پوتین، خۆی بە میراتگری ڕووسیای بەر لە سەردەمی سۆڤیەت دەزانێت. تورکیای سەردەمی ئاکەپەش خۆی بە میراتگری دەوڵەتی عوسمانی دەزانێت. سەت ساڵ پێش ئێستا دەوڵەتەکانی پوتین و ئەردۆغان مێژووی شەڕ و کوشتاری خوێناوییان لەدژی یەکدی لە ناوچەکەدا دەنووسییەوە. وەکچۆن ئێستا لە چیای کوردان لە ڕۆژئاوای کوردستان ڕووس پشتیوانی لە قەتڵوعامی کورد دەکەن، ئاواش لە باکووری کوردستان، ئەرمەنەکان، بە پشتیوانیی ڕووس کوردیان قڕ و تاڵان و بڕۆ کرد. شەڕی ئەو دوو دەوڵەتە چەند سەدەیەکە هەیە و قوربانیی ئەو شەڕەش بە بەردەوامیی کورد بووە.

تورکیا ریسکێکی گەورەی کرد کە فڕۆکە ڕووسییەکەی خستە خوارەوە، بەڵام پێویست بوو ئەمە بکات تاوەکو بیسەلمێنێ کە ڕووسیا ناتوانێ وەکو سەدەیەک پێش ئێستا لە ناوچەکەدا بەکەیفی خۆی تەراتێن بکات. تۆڵەکردنەوەش بوو لە ڕووسیایەک کە لەماوەی 10 ساڵی ڕابردوودا زۆرتر لە جارێک لە بەرژەوەندییەکانی تورکیای داوە. جاری یەکەم ئەوکاتە بوو کە ڕووسیا لە جۆرجیا شەڕی دەستپێکرد و تورکیاش وەکو کاردانەوە ڕێگەی بە ئەمریکا دا سنووری دەریایی بەکاربهێنێت بۆ گەیاندنی هاوکاریی سەربازی بە جۆرجیا. جاری دووەم ئەوکاتە بوو کە ڕووسیا دوورگەی کریمیای ئۆکرانیی کردە دۆزەخ. لەو دوورگە گەشتیارییەدا زۆرتر لە چارەکە ملیۆنێک تورک دەژین، کە بژێویان لەسەر ئارام مانەوەی دوورگەکەیە. جاری سێیەمیش ئەوکاتە بوو کە ڕووسیا وردە وردە جێ پێی خۆی لە سووریا قایمکرد و بەپێچەوانەی خواستی تورکیاوە، لەلایەک پشتیوانیی لە ئەسەد کرد و لەلایەکی دیکەشەوە تورکمانەکانی سووریای کردە ئامانجی هێرشە ئاسمانییەکانی.

ئەو ململانێیەی نێوان تورکیا و ڕووسیا وادەکات تورکیا زۆرتر پێویستی بە کوردستان بێت، هەم وەک ئەندامێک لەو هاوپەیمانێتییەی وڵاتانی ڕۆژئاوایی لە ناوچەکەدا هەیانە، هەم وەک سەرچاوەیەکی وزەی ئەڵتەرناتیڤیش بۆ ئەو بڕە وزەیەی تورکیا لە ڕووسیاوە دەستیدەکەوێت. ئەمەش لەبەر چاوی کاڵی کورد و کورددۆستیی ئەردۆغان و ئاکەپە نییە، بەڵکو بژارەی جێگرەوەی کوردستان لە بواری وزەدا بۆ تورکیا بریتییە لە ئێران، کە بێگومان تورکیا هێلکەکانی ناخاتە ناو سەبەتەیەکەوە بزانێت ماری تێدایە!

ترسی گەورەش ئەوەیە ئەگەر لەشکرکێشیی تورکیا بۆ باشوور لەوە زیاتر بورووژێنرێ و جێی خۆی بگرێت، ڕەنگە ئێرانیش بیر لەوە بکاتەوە کە ئەوەی لە ساڵی 1996 بۆ لێدانی دیموکراتەکان لە کۆیە کردی، جارێکی دیکە بە بیانوویەکی دیکە دووبارەی بکاتەوە. ڕەنگە ئاسانترین بیانووشی "پاراستنی شیعەکانی کەرکووک و خانەقین" بێت!



عادل باخەوان

# چۆن کوردستان لە تیرۆریزم بپارێزین؟

کۆمەڵگای کوردستانی یەکێکە لەو کۆمەڵگایانەی کە مێژوویەکی درێژی لەگەڵ زەبروزەنگی سیاسی بەگشتی و تیرۆریزم بەتایبەتیدا هەیە. جەنگ لەگەڵ ڕژێمە یەک لەدوای یەکەکانی بەغدا، جەنگی ناوخۆی حیزبە کوردستانییەکان، جەنگ لەگەڵ جوندی ئیسلام، ئەنساری ئیسلام و پاشان داعش، کۆمەڵێک لەو ماکرۆ-دەرهاویشتانەن کە بەئاسانی دەمانبەنەوە سەر ئەم مێژووە لە زەبروزەنگی سیاسی. بەدیوێکی دیکەدا، هەمان ئەم کۆمەڵگایە، یەکێکە لەو کارگانەی کە لە ڕێگای میکانیزمی جیاوازەوە، بەلای کەمەوە لە ساڵانی هەشتاکانی سەدەی ڕابردووەوە، سەرگەرمی بەرهەمهێنانی مرۆڤی ڕادیکاڵ و تەنانەت تیرۆریستیشە.

لە هەر کۆمەڵگایەکدا، چرکەساتێک هەیە بۆ ڕابوونی دەستەجەمعیانە لەبەرامبەر ئەو دیاردە یونیڤێرساڵەدا و پاشان وەگەڕخستنی چەندین پرۆژەی گەورە بۆ تێگەیشتن و دواتر ڕووبەڕووبوونەوەی. لە ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکادا، 11ی سێپتەمبەری 2001، بە چرکەساتی ڕابوون و کاردانەوەی گەورە ناوزەد دەکرێت. لە فەرەنسا، 13ی نۆڤەمبەری 2015 ئەو چرکەساتەیە کە ئیدی دنیای سیاسی لە جیهانبینیی فەرەنسیدا دەگۆڕێت. ئێمە دوو چرکەساتی گەورەمان هەبوو کە دەکرا 11ی سێپتەمبەری ئێمە بن و بمانخەنە هەمان دۆخەوە: یەکەمیان قەسابخانەکەی خێڵی حەمە و دووەمیشیان کارەساتی شنگال، بەڵام بەداخەوە هیچ یەکێک لەم دوو چرکەساتە نەبوون بە خاڵی وەرچەرخانی جیهانبینیی و پاشان کارکردنی ئێمە لەسەر دیاردەکانی ڕادیکاڵیزم و تیرۆریزم لە کۆمەڵگای کوردستانیدا. لە کاتێکدا تەواوی بوونی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئایینیی کۆمەڵگای ئێمە، لەبەردەم ئەم پرسیارانەی خوارەوەدان:

چۆن ئێمە کۆمەڵگای کوردستانی وا لێبکەین، پرسیار لەو میکانیزمانە بکات کە لەڕێگایانەوە کوردستانییەکان دەبنە تیرۆریست؟ چۆن شار و لادێکانمان وا لێبکەین نەبنە کارگەی بەرهەمهێنانی تیرۆریست؟ بەدیوێکی دیکەدا، چۆن و بە چ ڕێگایەک ئەو هەلومەرجە بابەتیانە لەناودەبرێت کە مرۆڤی کوردستانی وەک تیرۆریست بینادەکەن؟ کامانەن ئەو پرۆسێسانەی کە تاک یان گرووپێک دەگەیەننە ڕووبەری ڕادیکاڵیزم؟ کامانەن ئەو پرۆسێسانەی کە تاک یان گرووپێک لە ڕادیکاڵیزمەوە بەرەو تیرۆریزم دەگوازنەوە؟ چی وا دەکات کە گەنجێکی سلێمانی یان هەولێر، خۆی بۆمبڕێژ بکات و لە قاوەخانەیەکدا خۆی بتەقێنێتەوە؟ کامانەن ئەو داتایانەی کە ئاستی بەشداریی هەلومەرجی کۆمەڵایەتی و سیاسی لەلایەک و بەشداریی ئایدیۆلۆژیا لەلایەکی دیکەوە، لە دروستکردنی ئەم تیرۆریستانەدا دەستنیشان دەکەن؟ لە کۆمەڵگایەکی بەرپرسدا کە نایەوێت منداڵەکانی بە ڕادیکاڵیزم، تیرۆریزم، سەلەفیزم، بە پەراوێزەکان، بەبێ ئومێدی، بە یاخیبوون بسپێرێ، چی بکرێت بۆئەوەی باوەشی داعش، ئەلقاعیدە، تەنانەت سەلەفیزم وەک گەرمترین باوەش، وەک فریادڕەس، وەک پانتایی بەدیهێنانی خود وێنا نەکرێت؟ گەر پێشمەرگە بەدرێژایی هەزار و بیست و پێنج کیلۆمەتر جەنگی تیرۆریستانی داعش بکات، ئەدی چۆن کۆمەڵگای کوردی بپارێزین لەو هەموو داعشەی کە لەمدیوی سنوورەوەن، لەنێوماڵەکانی خۆماندان، بە کۆڵانەکانی خۆماندا دەسووڕێنەوە، لەنێو قوتابخانەکانی خۆماندا دەخوێنن، لە زانکۆکانماندا وانە دەڵێنەوە، تەنانەت لەسەر تەلەفزیۆنەکانیشمان دەتوانن دەربکەون؟ چۆن ئێمە نەکەوینە ئەو داوانەی کە گرووپە ڕادیکاڵ و تیرۆریستەکان بۆمان دادەنێنەوە، بۆنموونە وێناکردنیان وەک گوزارشتکردن لە ئیسلامێک کە ئاینی زیاتر لە یەک ملیار و حەوسەد ملیۆن موسوڵمانە؟ چۆن ئێمە کاتیگۆرییەکانی وەک: ئیسلامیزم، پۆست ئیسلامیزم، فۆندامۆنتالیزم، نیۆ فۆندامۆنتالیزم، ڕادیکالیزم، تیرۆریزم لەیەک جیابکەینەوە و وەک ئەو ڕۆشنبیرە تەمبەڵانە نەکەین کە لەبەر هەژاریی ئاستی مەعریفییان، هەموویان دەخەنە یەک دۆڵابەوە؟ لە ئاستێکی دیکەدا، ئەو کوردستانیانەی کە پەیوەندی بە ڕیزەکانی ئەلقاعیدە، داعش یان بەشێوەیەکی گشتی سەلەفیزمەوە دەکەن، سەر بە چ چینێکی کۆمەڵایەتین؟ هەڵگری چ بڕوانامەیەکن؟ تەمەنیان چەندە؟ خێزاندارن یان بێ خێزان؟ خاوەنی چ پیشەیەکن؟ تا چەند چینی ناوەند لە کوردستاندا مرۆڤی ڕادیکاڵ، تیرۆریست یان سەلەفیست بەرهەم دەهێنێت؟ گەر بڕیار بێت هەموو سەلەفیستێک تیرۆریست نەبێت، بێگومان هەر تیرۆرستێکی داعش یان ئەلقاعیدە لەسەر ئاستی ئایدیۆلۆژی سەلەفیستە، پرسیارەکە ئەوەیە: چۆن و کەی و بۆچی، پەڕینەوە لە سەلەفیزمەوە بۆ تیرۆریزم ڕوودەدات؟

لە کۆمەڵگای فەرەنسی یان ئەمەریکیدا، هەزاران ملیۆن دۆلار تەرخانکراون بۆ دروستکردنی سەدان سەنتەری توێژینەوەی زانستی، تا بتوانن، دوور لە جیهانبینییە پۆلیسییەکان، کە بایەخی تایبەتی خۆیان هەیە، چەندین مەعریفەی زانستی لەسەر کۆی ئەو ئیشکالیەتانە بەرهەمبێنن، تا بەڕاستی بزانن چی لە دنیادا دەگوزەرێت. بەڵام بەداخەوە، کوردستانی ئێمە کە بەگۆشت و ئێسقانییەوە ڕووبەڕووی تیرۆریزمی دەرەکی و ناوەکی بووەتەوە، تا ئێستاش خاوەنی سەنتەرێکی توێژینەوەی زانستی لەسەر ئەم ڕووداوە مێژووییە مەترسیدارە نییە. لێرەوە جیهانبینی و پاشان پرۆژەکانی دنیای ئێمە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ڕادیکالیزم و تیرۆریزم، لە چوارچێوەکانی جیهانبینی پۆلیسی و پرۆژە پۆلیسیەکاندا کورتکراونەتەوە. بێهودە نییە کە تا ئێستاش ئێمە، کە لەجەنگی دەستەویەخەداین لەگەڵ گەورەترین هێزی تیرۆریستی جیهانی، نازانین داعش چییە، کێیە، لە کوێیە و چۆن هاتووە، یاخود بۆ کوێ دەڕوات!



مەحموود یاسین کوردی

# گۆڕان یاخی مەکەن

لە سەروبەندی لەتبوونی بزووتنەوەی یەکبوونی ئیسلامیدا، بەرپرسێکی باڵای یەکێتی بە پێکەنینەوە بە سەرکردەکانی یەکگرتووی گوتبوو: "چیتان دەوێت ئەو بزووتنەوەشمان بۆ هەڵوەشاندنەوە"، لە بەرامبەردا ئەبوبەکر عەلی گوتبووی: "خۆتان و ئێمە دڵخۆش مەکەن، ماوەیەکی دی چەندین سەر و گرووپی جیاواز لەنێو بزووتنەوە پەیدا دەبن کە دەبێ خۆزگە بە بزووتنەوەی جاران بخوازن".

زۆری نەبرد لە ئەنجامی نائومێدکردن و دەستێوەردانی بەردەوامی ئێرە و ئەوێ، کۆمەڵ، ئیسلاح، جوند و تەوحید و چەندین گرووپی جیاواز لەنێو هەناوی بزووتنەوەی ئیسلامییەوە سەریان هەڵدا، دواجار سەری بۆ ئەنساری ئیسلام و ئەنساری سوننە کێشا، ئەم حاڵەتە بۆ گۆڕانیش دەکرێت هەمان شت بێ.

کودەتا سپیەکەی پارتی لە 12ی ئۆکتۆبەر و ڕێگری لە سەرۆکی پەرلەمان و ناردنەوەی وەزیرەکانی گۆڕان، پاشان ئەو زنجیرە ڕێوشوێنانەی کە پارتی لە بەرامبەر ئەو بزووتنەوەیە گرتیەبەر هەر لە مۆنتاژکردن و پارچە پارچەکردنی تۆمارە دەنگییەکانی نەوشیروان مستەفا تا هەڕەشەی دادگاییکردن و یاساخکردنی ئەو بزووتنەوەیە، هەموو ئەوانە پاڵیان بە کەسە میانڕەو و ڕۆشنبیر و عاقڵەکانی نێو گۆڕانەوە نا کە بیر لە پێکهێنانی هێزی چەکداری بکەنەوە، تەنانەت خەڵک لە ئاستی جڤاتی نیشتمانی، تاک لایەنە هێزی دروستکردووە.

تا ئەندازەی شێواندنی دۆخی کوردستان، خەڵکی تووڕە و ناڕازی لەگەڵ دروستکردنی هێزی چەکدارییە. زەمینەکەش لەبارە، چونکە لە بنەڕەتدا خەڵک خۆی چەکدارە. لە دوای 2009 وە ئەوە تەنیا نەوشیروان مستەفایە کە ئەو تووڕەیی و نیگەرانییەی کۆنترۆڵ کردووە. پارچە پارچەبوونی گۆڕان بۆ ئاسایشی هەرێمی کوردستان مەترسیی گەورەی هاوشێوەی (بزووتنەوەی فارک)ی کۆڵۆمبیای هەیە، جگە لەوەی لەبەر دژایەتیکردنی پارتی و ماڵی بارزانی لایەکی گۆڕان ئامادەیە بچێتە نێو پەکەکە.

ئەم بارودۆخەی دروستبووە، بە ئاستی جیاواز هەریەک لە پارتی، گۆڕان، یەکێتی و کۆمەڵ لێی بەرپرسیارن.

پابەندنەبوونی گۆڕان بە ڕێککەوتنی کۆبوونەوەی پێنج قۆڵی لە شەوی 18 لەسەر 19ی ئاب و سووربوونی لەسەر دانیشتنی 19ی ئاب، وایکرد پارتی دامەزراوە شەرعییەکان پەکبخات، کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیش لە گوڵ کاڵتری پێ نەڵێت. بەستنەوەی هەموو پاکێجەکانی چاکسازی لە مەلەفی نەوت، دارایی، ئاسایش و پەیوەندییەکانی دەرەوە بە کورسییەکەی بارزانی هەڵەیەکی ستراتیژی بوو، دەیانتوانی لە بەرامبەر کورسیی سەرۆکایەتی زۆر سازش بە پارتی بکەن کە لە بەرژەوەندیی پرۆسەی سیاسی و خەڵکدا بوو، کەچی ئێستا داخوازییەکانی لە چاکسازی و گۆڕانکاری و دانوستاندن و هەڵبژاردنی سەرۆک لەنێو پەرلەمان، هاتووەتە سەر ئاساییکردنەوەی بارودۆخەکە بۆ پێش 12ی ئۆکتۆبەر.

ئێستا کە لەلایەن بەرپرسانی گۆڕانەوە بانگەشە بۆ دروستکردنی هێزی چەکدار دەکرێت، زەنگێکی ترسناکە و ئیحتیواکردنی ئەم دۆخەش بە کەمکردنەوەی فشارەکان لەسەر گۆڕان دەبێت، چونکە گۆشەگیرکردنی گۆڕان لە غیابی نەوشیروان مستەفادا، گەرەنتی بەردەوامیی ئەو بزووتنەوەیە لە کاری مەدەنی نادات، بەتایبەتی ئەگەر گوشارەکانی پارتی و سیاسەتی بەکارهێنانی گۆڕان لەلایەن یەکێتییەوە بەرامبەر پارتی وەکو کارتی فشار بۆ دەستکەوتی زیاتر بەردەوام بێت، ڕەنگە یاخیبوونی چەکداری و پەیدابوونی گرووپی جیا جیای لێبکەوێتەوە و دواجار کۆنترۆڵکردنی ئاسان نەبێت.

نموونەی عەرەبی سوننە لە عێراق زۆر دوور نییە لە ئێمەوە، کاتێک هێزەکانی سەحوە دروستکران و ڕەمزەکانی عەرەبی سوننە لەنێو پرۆسەی سیاسیدا بوون، تا ڕادەیەک ئارامی و سەقامگیری بۆ عێراق گەڕایەوە، بەڵام هەڵمەتە یەک لە دوای یەکەکانی مالیکی دژی سەرکردە سوننەکان گۆڕەپانەکەی بۆ ئەبوبەکر بەغدادی تەخت کرد.

لە کاتێکدا حزووری هێزی ئیقلیمی و دەستی دەرەکی بۆ شێواندنی دۆخەکە و هاندانی خەڵک بە ئاشکرا هەیە، پێشوازیی شاسەلمان لە بارزانی و دانانی ئاڵای کوردستان لە کۆشکی چانکای بۆ بارزانی و دەستپێکردنی هێرشی میدیایی ئێران بۆ سەر خودی بارزانی، هەموو ئەوانە پێمان دەڵێن کە هەوڵی بەهێز هەیە بۆ توندکردنەوەی ناکۆکییە ناوخۆییەکانی هەرێمی کوردستان.

ئەمە جگە لەوەی لە هاتنی هێزی تورکیادا بۆ نزیک مووسڵ ئاماژەی ترسناک بۆ دووکەرتبوونی نێوماڵی کورد و ترازانێکی گەورەی سیاسی و جوگرافی لە نێوان هێزە سەرەکییەکانی کوردستان دەبینرێت، ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە کوڵاندایە و نزیکبوونەوەی یادی 100 ساڵەی ڕێککەوتننامەی سایکس- پیکۆ و دووبارە داڕشتنەوەی نەخشەی ناوچەکە دەرفەتی زێڕینی لە بەردەم هەرێمی کوردستان ڕەخساندووە، بەڵام ناکۆکیی سیاسی و نەبوونی کۆدەنگیی نیشتمانی و دووریی هێزە سەرەکییەکان لە یەکتری، خەریکە بمانگەیەنێتە ئەو بڕوایەی کە کورد لەو یارییە سیاسییە گەورەیە بە زۆرترین خوێن و کەمترین دەستکەوتەوە دەردەچێت.

ئەم تەحەدایە بەبێ دەستپێشخەری و کاری هاوبەشی بارزانی و نەوشیروان مستەفا ناکرێت، ئەم دوو بەڕێزەش ئەزموونی کاری هاوبەشیان هەر لە ڕاپەڕینەوە تادەگاتە نووسینەوەی یاسای ئیدارەی کاتی دەوڵەتی عێراق و دەستوور و چەندین وێستگەی دیکە هەیە.

ئەم وتارانە گوزارشت لە ڕای نووسەرەکانیان دەکەن و بەهیچ شێوەیەک دەربڕی بۆچوونی تۆڕی میدیایی ڕووداو نین.

WWW.RUDAW.NET

RÛDAW
Rudaw Media Network
Rudaw readers know more




## نازدار سەریساڵی ئەڵمانیا گەرم دەکات

« 19


خاوەنی ئیمتیاز : تۆڕی میدیایی رووداو
سەرنووسەر : سەلام سەعدی salam@rudaw.net
جێگری سەرنووسەر : ساڵح قادر rodan@rudaw.net
بەڕێوەبەرانی نووسین: نەوزاد مەحموود newzad@rudaw.net
هیڤیدار ئەحمەد hevidar@rudaw.net
بەڕێوەبەری هونەری: حوسێن هیممەتی himati@rudaw.net
ئەندامی شانازی ستاف : عەبدوڵڵا قڕگەیی
دیزاینەران : هونەر مەرجان ، شاهۆ محەممەد

هەفتەنامەیەکی سیاسی گشتییە تۆڕی میدیایی رووداو دەریدەکات | نووسینگەی سلێمانی : بەرامبەر پارکی ئازادی 07501130997 | ناونیشان: هەولێر ـ شەقامی رووناکی | Tel: 0750 486 34 12 - 0750 488 56 96 | rudaw@rudaw.net



